Rûdaw رووداو

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (406) دووشەممە 2016/5/2 – 12ی گوڵان – 2716 (750) دینار

بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە:

## حەشدی شەعبی لە بەشیر میوانن

**رووداو – سلێمانی**

بەرپرسێکی یەکێتی پێیوایە مانەوەی پێشمەرگە لە گوندی بەشیر کاتییە و حەشدی شەعبی لە رێگەی هاندانی تورکمانەکانی گوندەکەوە دەیەوێ پێشمەرگە ناچار بکات گوندەکە جێبهێڵێ، بەڵام بەرپرسێکی باڵای پێشمەرگە دەڵێت "پێشمەرگە هەر شوێنێک ئازاد بکات تێیدا دەمێنێتەوە و حەشدی شەعبی لە بەشیر میوانن".

ئەنوەر حاجی عوسمان، بریکاری وەزیری پێشمەرگە گوتی کە هێشتا زووە باس لەوە بکرێ چارەنووسی گوندی بەشیر چی بەسەردێ "ئێمە جاران دەمانگوت یان حەمرین یان دەمرین، ئێستا بۆ دەبێ شەرم بکەین لەوەی بڵێین لە خورماتوو یان لە بەشیر دەمێنینەوە". هەروەها گوتیشی "هەر بستە خاکێکی کوردستان کە پێشمەرگە ئازادی کردبێ، پێشمەرگە تێیدا دەمێنێتەوە، حەشدی شەعبی لەم ناوچەیە میوانە و میوانیش هەر دەبێ بڕواتەوە، زوو بێ یان درەنگ". ئێوارەی رۆژی 30ی نیسانی 2016، دوایین ساتەکانی چەکدارانی داعش بوو لە گوندی بەشیر کە گەورەترین گوندی کشتوکاڵیی سنووری کەرکووکە و 25 کیلۆمەتر لە باشووری کەرکووکەوە دوورە. ئەو گوندە تورکمانییە لە مانگی حوزەیرانی 2014 دوای شەڕێکی چەند کاژێری لەگەڵ سوپای عێراق، کەوتە دەستی داعش و لە کۆتاییدا بە خوێنی سێ شەهید و 17 پێشمەرگەی بریندار، کۆنترۆڵ کرایەوە.

« 3



عارف قوربانی

### بەعێراقیکردنەوەی بەغدا

22

د.محەممەد ئەحمەد بۆ (رووداو):

### لە عێراق زەمینە بۆ کودەتای سەربازی رەخساوە

5



### "چەند بەرپرسێکی مەسیحی لە دهۆک تۆمەتبارن بە گەندەڵی"

7

هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان:

# رێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی 90%ی تەواو بووە

« 3





## "پێشمەرگە خۆیان کردە پەیژە و بەسەر دیواردا ئاودیویان کردین"

« 4

## پەرلەمانتارێکی کورد سۆماڵییەکان توورە دەکات

« 11

## پۆلیسێکی نەهێشتنی تاوان ژنەکەی خۆی دەکوژێ

«15



## سەرمایەدارێک 300 کرێکار خەڵات دەکات

**ڕووداو- چەمچەماڵ**

سەمایەدارێک بڕی 30 هەزار دۆلار دەبەخشێتە 300 کرێکاری شارەوانییەکانی چەمچەماڵ و شۆڕش و تەکیە. ئارام نەجات سەرۆکی شارەوانیی چەمچەماڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ڕۆژی 2016/5/1 بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکارانەوە سەرمایەدارێکی کورد هاوکاری کرێکارەکانی کردووە و گوتی "بڕی 100 دۆلاری بەخشییە کارگوزارەکانی پاککەرەوە و شۆفێری ئۆتۆمبێلەکان، ئەو هاوکارییە لەم قەیرانی داراییەدا بۆ ئەوان زۆر باشبوو". سەبارەت بە ناو و ناونیشانی سەرمایەدارەکە، ئارام نەجات گوتی "نازانین کێیە، چونکە داوای کردووە ناو و شوێنی نیشتەجێبوونی ئاشکرا نەکرێ".

### سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە

# ڕەنگە دوو مەلاکەی هەولێر شەش مانگ بەند بکرێن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**

لەسەر سکاڵای بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ دوو مەلای شاری هەولێر دەرچووە، ئەوانیش دەڵێن ئامادەن بچنە بەردەم دادگا، بەپێی ئەو ماددەیەی پێی دادگایی دەکرێن ڕەنگە هەر یەکەیان بە شەش مانگ بەندکردن و غەرامەکردن سزا بدرێن.

بە فەرمانێکی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە سلێمانی و هەولێر، چوار مامۆستای ئاینی لە گوتاردان دوورخرانەوە و دوویشیان گواسترانەوە، بەڵام مەلا عوسمان کانی کوردەیی و مەلا ئیدریس کاریتانی کە لە شاری هەولێر لە وتارخوێنی لادراون، لە کاتی نوێژی هەینی ڕۆژی 2016/4/29دا ڕێگریان لەو مەلایانە کرد کە لە شوێنی ئەوان دانرابوون گوتاری هەینی بخوێننەوە. بەمەش پشێوی لە نێو مزگەوتەکان دروستبوو، دواتر بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر سکاڵای لەسەر تۆمارکردن.

ئەو مەلایانەی بڕیاری دوورخستنەوە و گواستنەوەیان دراوە، سێیان لە شاری هەولێرن، یەکێکیان لە شاری سلێمانی و دووەکەی دیکەش لە شارۆچکەکانی کۆیە و شەقڵاوەن. مەریوان نەقشبەندی بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەلایەن وەزارەتەوە بڕیاری ڕاگرتن لە گوتاردان بۆ چوار مامۆستای ئاینی دەرچوو لەگەڵ گواستنەوەی دوو مامۆستای دیکە، بەڵام دوو لەو چوار مامۆستایە پابەندی بڕیارەکە نەبوون و ڕۆژی هەینی ڕێگرییان لە پێشکەشکردنی گوتاری ئاینی لەلایەن مامۆستا نوێیەکانەوە کرد و بەو هۆیەشەوە گرژی دروستبوو، بۆیە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێرەوە بە تۆمەتی پشێوی نانەوە سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە".

مەریوان گوتیشی "دوورخستنەوە و گواستنەوەی ئەو مامۆستایانە ئیجرائاتی کارگێڕی بووە و لەبەرئەوەی خەڵک گلەیی لێیان هەبووە کە گوتارەکانیان توند بوون و هاندانی بۆ ئاژاوەنانەوە تێدا بووە، ئەوانەشمان بە سیدی دەنگ و ڕەنگ لایە و پێشکەشی دادگایان دەکەین".

بەڵام مەلا عوسمان کانی کوردەیی، ئیمام و پێشنوێژی مزگەوتی جودی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "وەزارەت نەیتوانیوە سەرنجی ئەو مامۆستایانەی سەر بە دەسەڵات نین بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و تۆمەت دەبەخشنەوە، ئەگەر هەر قسەیەک بکەین و بە دڵی ئەوان نەبێت دەڵێن توندوتیژییە. من لە گوتارەکانمدا باسی گەندەڵیم کردووە و ئەوانیش داوایان کردووە باسی گەندەڵی نەکەین".

هەروەها مەلا ئیدریس کاریتانی پێشنوێژ و گوتارخوێنی مزگەوتی ئەڵڵاه و ئەکبەریش کە نزیکەی 10 ساڵە لەو مزگەوتەیە بە (ڕووداو)ی گوت "تەحەدا دەکەم لەو 10 ساڵەدا گوتارەکانم هاندانی تێدا بووبێت و خەڵک لەڕێگەی گوتارەکانمەوە چووبنە نێو گروپە توندڕەوەکانەوە".

ئەو دوو مەلایە فەرمانبەری حکومەتن، بەپێی یاساش دەبێ پابەندبن بە بڕیارەکانی حکومەتەوە. ئەی بۆچی پابەند نەبوون؟ مەلا عوسمان کانی کوردەیی دەڵێت "بڕیارەکە نایاسایی بووە و بەنەفەسی تەسکی حیزبایەتییەوە دەرکرابوو".


بەڵام مەریوان نەقشبەندی دەڵێت "ئەو مامۆستایەی لە شەقڵاوە لە گوتاردان دووخراوەتەوە ئەندامی پارتییە، بۆیە ئەو بڕیارەی بەرامبەر ئەوانیش دراوە لە چوارچێوەی ڕێنماییەکاندا بووە و پێشتریش لە گوتارەکانیان ئاگادار کراونەتەوە و وەزیری ئەوقافیش ویستی بانگیان بکات و جارێکی دیکەش ئاگاداریان بکاتەوە".

ئایا ئەو دوو مەلایە ئامادەن هەینی داهاتوو گوتار پێشکەش بکەن. عوسمان کانی کوردەیی گوتی "هەر کاتێک لەلایەن دادگاوە بڕیاری بێبەری بوونمان بۆ دەرکرا لەو تۆمەتەی بۆیان دروستکردووین، بڕیاری نوێ دەدەین". ئیدریس کاریتانیش گوتی "بۆ داهاتوو هەر کاتێک گوتارخوێندنەوەم ببێتە مایەی پشێوی و سەرئێشە بۆ جەماوەرم، ئەوەم ناوێت".

### سزاکەیان چییە؟

ئەو دوو مەلایە بەپێی ماددەی 240 لە یاسای سزادانی عێراقی فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە. لیوا عەبدولخالق تەڵعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو دوو مامۆستایە ئاگادار کراونەتەوە بۆ ئامادەبوونیان لەبەردەم دادوەر و وەرگرتنی گوتەکانیان".

مادەی 240 لەیاسای سزادانی عێراقی دەڵێت "سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک نابێت لە شەش مانگ زیاتر بێت و بە پێبژاردن نابێت لە 100 دینار زیاتر بێت، هەر کەسێک سەرپێچی کرد لەو فەرمانانەی کە دەردەچێت لە فەرمانبەرێک یان کەسی ڕاسپێدراو بە خزمەتی گشتی، یان لە ئەنجوومەنەکانی شارەوانی، یان دەستە فەرمییەکان یان نیمچە فەرمییەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی یاساییان. یان ئەو فەرمانەی هەر لایەنێک لەو لایەنانەی باسمانکرد بە جێنەگەیاند کە لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتدارانە دەرچووە.



مەلا ئیدریس کاریتانی



مەلا عوسمان کانی کوردەیی

# کچێکی کوردی ئێزدی بە کوێری لە دەستی داعش ڕزگاری بوو



### لەمیا: حەز دەکەم بە کوێری لە کوردستان بژیم نەک لەبندەستی داعشدا بم

**ناسر عەلی**
**ڕووداو — باعەدرێ**

"کە لەلای داعش بووم پێویستم بە چاو نەبوو، چونکە تەنیا شتی ناخۆشم دەدیت". ئەمە قسەی لەمیایە کە ویستی لەگەڵ دوو کچی دیکەی کوردی ئێزدی لەدەستی چەکدارانی داعش هەڵبێت، بەڵام مینێکیان پێدا تەقییەوە و هەردوو چاوەکانی لەدەستدان.

لەمیا دوای ڕزگاربوونی لە دەست چەکدارانی داعش، ئێستا لە نێو کەسوکارەکەیەتی لە ناحیەی باعەدرێ، لەسەر تەختێک پاڵ کەوتووە و دەموچاوی شوێنەواری چەندین برینی بەسەرەوەیە.

ڕۆژی 2016/4/14 سێ کچی کوردی ئێزدی بە ناوەکانی (کاترین ئیلیاس 20 ساڵ، ئەڵماس خەلەف 11 ساڵ و لەمیا حەجی 19 ساڵ)، توانییان خۆیان لە دەست چەکدارانی داعش ڕزگار بکەن، بەڵام بەر لەوەی بگەنە سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە میحوەری کەرکووک، بۆمبێکیان پێدا تەقییەوە، بەو هۆیەشەوە کاترین و ئەڵماس هەر لەوێ گیانیان لەدەستدا و لەمیاش بە برینداری دەرباز بوو.

ئەو سێ کچە خەڵکی گوندی کۆچۆ بوون، لە کاتی هێرشەکەی داعشدا بۆ سەر شنگال لە 2014/8/3 لەگەڵ هەزاران ئافرەت و پیاو و منداڵی کوردی ئێزدی کەوتنە دەستی داعش و گوازرانەوە بۆ تەلەعفەر و مووسڵ و ڕەققە.

لەمیا باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە کەوتە دەست چەکدارانی داعش و دەڵێت "کاتێک کەوتینە دەست چەکدارانی داعش، ئێمەیان گواستەوە بۆ زیندانی بادۆش، بۆ ماوەی مانگێک لەگەڵ خێزانەکەم پێکەوە بووین، دواتر من و دوو خوشکەکەم و سەتان کچی دیکەیان جیاکردەوە و بردیانین بۆ شاری ڕەققە، چوار مانگ لەوێ بووم، پاشان چەکدارێکی داعش منی هێنایەوە شاری مووسڵ. دوای مانگێک منیان بردەماڵی پزیشکێک لە شارۆچکەی حەویجە".

12 کەس لە خێزانەکەی لەمیا کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش، بەڵام تەنیا خۆی و برایەکی ڕزگاریان بووە و هیچ لەبارەی چارەنووسی ئەوانی دیکە نازانێت.

لەمیا لە ماڵی پزیشکێکی سەر بە داعش بووە لە حەویجە، بۆیە ئاگاداری بەشێک لە ژیانی چەکدارانی داعشە. ئەو دەڵێت "زۆرجار پزیشکەکە درەنگانی شەو دەگەڕایەوە ماڵەوە و دەیگوت ئەمڕۆ بریندارمان زۆر زۆر بوو".

ئەو ژن و کچانەی ڕفێندراون، بەسەر چەکدارانی داعشدا لە زۆربەی ئەو شوێنانەی ئەوانی لێیە دابەشکراون. لەمیا لە حەویجە دوو لەو کچانەی دۆزیوەتەوە کە ڕفێنراون، بۆیە هەرسێکیان بیر لەدانانی پلانێک دەکەنەوە بۆ ئەوەی خۆیان ڕزگار بکەن.

لەمیا گوتی "پەیوەندیمان بە خێزانەکانمانەوە کرد و پێمانگوتن دەمانەوێ ڕابکەین، چارەیەکمان بۆ بدۆزنەوە. ئەوانیش دیارە خێزانێکی عەرەبیان ڕاسپاردبوو بۆ ئەوەی ڕزگارمان بکەن. خێزانە عەرەبەکە پەیوەندییان پێوەکردین و کاتی هەڵاتمان دیاری کرد".

لەمیا و کاترین و ئەڵماس، ئێوارەیەک لەگەڵ خێزانە عەرەبەکە یەکدی دەبینن و دەکەونەڕێ. لەمیا گوتی "سەرەتا بە ئۆتۆمبێل ڕۆیشتین، لە شوێنێک ئۆتۆمبێلەکە وەستا، خێزانە عەرەبەکە گوتیان ئیدی دەبێ بە پیادە بڕۆین. نزیکەی کاژێر 12ی شەو بوو، سەرۆکی خێزانە عەرەبەکە پەیوەندی بە کەسوکارمانەوە کرد و گوتی لە سنووری داعش دەرچووین و مەترسیمان لەسەر نەماوە".

لەمیا و دوو کچەکەی دیکە بێ ئاگابوون لەوەی داعش چەندین مەترسی دیکەی لەسەر ڕێگا چاندووە. لەمیا گوتی "خێزانە عەرەبەکە پێنج کەس بوون، ئێمەش سێ کەس. کاترین و ئەڵماس لە پێش ئێمەوە دەڕۆیشتن، کاترین قاچی لە تەلێک گیربوو، ویستی قسەیەک بکات، بەڵام دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە هات. هەموومان کەوتین، کاتێک هەستامە سەرپێ زانیم قاچ و دەستم هیچی لێنەهاتووە، بەڵام هیچم نەدەدەیت. گوێم لە کاترین بوو دەیگوت تەواو من دەمرم. ئاگام لێبوو خێزانە عەرەبەکە منیان ڕزگار دەکرد، بەڵام نەمدەزانی کێم لەگەڵە، چونکە هیچم نەدەبینی".

لەمیا لە نەخۆشخانە زانیویەتی هەردوو دەستەخوشکەکەی لە دەستداون، زۆر خەمبار بووە و دەڵێت "ئەوان کاتێک زانیان لەدەست داعش ڕزگاریان بووە زۆر دڵخۆش بوون، هەتا لە کوردستان نزیکتر دەبوونەوە زیاتر دڵیان خۆش دەبوو، بەڵام دیارە ئەوە قەدەری ئەوان بوو".

لەمیا ئێستا هیچ شتێک نابینێ، هەرچەندە ئومێدی چاکبوونەوەی چاوەکانی هەیە، بەڵام دەڵێت "پێمخۆشە لە کوردستان بە کوێری بژیم، نەک لەبندەستی داعش بە چاوساغی بژیم، ڕاستییەکەی لەوێ هیچ پێویستم بە چاو نەبوو، چونکە تەنیا شتی ناخۆشم پێ دەبینی".

# تێچووی حەجی حاجیانی کوردستان زیاتر لە 15 ملیۆن دۆلارە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو — سلێمانی**

زیاتر لە 3000 کەس لە کوردستان ئامادەن حەجێک بکەن کە تەنیا پارەی حەجەکە جگە لە خەرجییەکانی دیکەی 8000 دۆلارە. بەرپرسێکی وەزارەتی ئەوقافیش دەڵێت تێچووی ئەمساڵی حاجیانی کورد زیاتر لە 15 ملیۆن دۆلار دەبێت.

پشکی حاجیانی کورد بۆ حەجی ئەمساڵ 3656 کەسە. بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرەی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە هەرێمی کوردستانیش دوو هەفتە لەمەوبەر تیر و پشکی بۆ ناوی حاجیانی ئەمساڵ ڕاگەیاند و ڕۆژی 2016/5/5یش دوا وادەیە بۆ ئەو کەسانەی ناویان دەرچووە کە ئایا حەج دەکەن یان نا.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دەرچوونی ناوی ئەو 3656 کەسە بە دوو شێوازە، 1300 کەسیان ئەوانەن کە ساڵانی پێشتر ناویان دەرچووە، بەڵام بەهەر هۆیەک بێت نەیاتوانیبوو سەفەر بکەن و بۆ ئەمساڵیان دواخستبوو، لەو ژمارەیەش، ئەمساڵ نزیکەی 500 کەسیان مامەڵەیان نەکرد، بۆیە وەزارەت بۆ دابینکردنی خەرجییە کارگێڕییەکانی سەفەری ئەمساڵ و دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا شوێنی ئەو 500 کەسە بە خەڵکانێکی پارەدار پڕبکاتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش بۆ هەر کەسێک بڕی هەشت هەزار دۆلار وەردەگیرێت.

مەریوان گوتی "تەنیا لە ماوەی سێ ڕۆژدا نزیکەی 3000 کەس بۆ پڕکردنەوەی ئەو 500 شوێنە ناویان تۆمار کردووە و بەلای ئێمەشەوە سورپرایز بوو، بەتایبەتیش لەم بارودۆخە داراییە قورسەدا کە نرخی حەجەکەشیان لە نرخی حەجی ئاسایی زۆر زیاترە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی ئەوقاف کە دراوەتە (ڕووداو) ئەمساڵ، جیا لەو کەسانەی ساڵانی پێشتر، 2344 کەس مافی سەفەرکردنیان هەیە لەوەش 45 کەسیان بۆ کەسوکاری شەهیدانە و نزیکەی 200 کەسیش بۆ فەرمانبەران و حەملەدار و مورشیدی دینی و کارگێری و تیمی پزیشکییە و ئەوەی دەمێنێتەوە. هەر حاجییەکیش بڕی 3300 دۆلاری لێوەردەگیرێ.

مامۆستا عەتا پێنجوێنی، جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان — لقی سلێمانی پرسیاری سەبارەت بەو هەشت هەزار دۆلار هەیە کە لەو 500 کەسە وەرگیراوە و گوتی "ئەوە جێی پرسیارە و وەڵامەکەی لای وەزارەتی ئەوقافە، ئاخۆ ئەمساڵ 500 کەس بەو نرخە دەڕۆن، ساڵی داهاتوو نابێتە دوو هەزار؟، ئایا ساڵانی داهاتوو حکومەت حەجکردنیش ناکاتە بازرگانی بەسەر میللەتەکەی خۆیەوە؟، ئێمە دەڵێین لەبری ئەو 500 کەسە، بۆچی 500 کەسی ساڵانی پێشتر و بەهەمان نرخی حاجیانی ئەمساڵ سەفەرەکە نەکەن".

بەڵام مەریوان نەقشبەندی گوتی "پارەی ئەو کەسانەی بە هەشت هەزار دۆلار حەج دەکەن دەکاتە نزیکەی چوار ملیۆن دۆلار، بەڵام پارەی حەجەکانیان هاوشێوەی کەسانی دیکەیە کە 3300 دۆلارە و ئەو پارەیەی دیکەشیان بۆ تێچووە کارگێڕییەکانی سەفەری حەجە، چونکە پێشتر ئەو تێچووە لە بودجەی نەفەقاتی حاکیمەی حکومەتی عێراقی و بودجەی وەزارەتی ئەوقاف خەرج دەکرا، بەڵام ئێستا بەهۆی نەمانی ئەو بودجانەوە ئەو زیادەیە بۆ ئەو تێچووانەیە".

وەکو مەریوان ڕوونیکردەوە، ئەوانەشی 3300 دۆلار سەفەر دەکەن ئەگەر ئەمساڵ 2000 کەسیش بن دەکاتە 6 ملیۆن و600 هەزار دۆلار و گوتی "تێچووی حەجی ئەمساڵ بۆ زیاتر لە 15 ملیۆن دۆلار نزیک دەبێتەوە، چونکە هەر حاجییەک جگە لەو پارەیەی بۆ سەفەرەکە دەیدات، لانیکەم 500 دۆلاری دیکە خەرج دەکەن کە 100 دۆلاریشیان بۆ فیدیەیە و پاشانیش کڕینی دیاری".

سەفەری حەجی ئەمساڵ لە کاتێکدا کە بەهۆی قەیرانی دارایی و دابەزینی نرخی نەوتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا لە سەرەتای ئەمساڵ سیستەمی پاشەکەوتکردنی مووچە بۆ فەرمانبەران پەیڕەو بکات بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا مووچەکانیان پێبدات. مەریوان گوتی "بەو پێیەی نیوەی زیاتری ئەو کەسانەی کە ئەمساڵ مامەڵەیان کردووە و ئەو کەسانەشی کە 8 هەزار دۆلاریان بۆ حەج داوە، دەریدەخات ڕەنگە قەیرانی داراییەکە کاریگەری زۆری لەسەر پرۆسەی حەج نەبووبێت، تەنانەت ئاگادارم هەندێک کەس بۆ لەدەستنەدانی فرسەتی حەجکردن قەرزیان کردووە کە ئەوەش لەڕووی شەرعییەوە دروست نییە".

بۆ ئەو کەسانەی قەرزیان کردووە بۆ حەج، عەتا پێنجوێنی گوتی "ئیسلام بە مرۆڤەکان ناڵێت بۆ حەج و هیچ کارێکی چاکەش قەرز بکە، چونکە دواتر دەبێت ئەو قەرزە بدرێتەوە".

پێنجوێنی تێبینی لەسەر سەفەری حاجییانی کوردستان هەیە و دەڵێت "خەرجییەکانی حەج مەسەلەیەکی کارگێڕییە لەڕووی ئوتێل و هاتوچۆکردنەوە، جگە لەوەی بڕی پارەکە زۆرە، لەهەمانکاتیشدا حاجی وڵاتانی دیکە بە پارەیەکی کەمتر و خزمەتگوزارییەکی باشتریش بۆیان دەکرێت، بەڵام بۆ حاجیانی ئێمە بەپێچەوانەوەیە".



## فوئاد مەعسوم دەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان

**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆککۆماری عێراق دەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان و لەگەڵ بارزانی و لایەنە سیاسییەکان کۆدەبێتەوە. د.عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، ڕاوێژکاری سەرۆککۆماری عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "فوئاد مەعسوم بەم نزیکانە دەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان، بەڵام تاوەکو ئێستا ڕۆژی گەڕانەوەی دیارینەکراوە". د.عەبدوڵڵا عەلیاوەیی گوتیشی "سەرۆککۆمار لەگەڵ جەنابی کاک مەسعود بارزانی و لایەنە سیاسییەکانی دیکە لە سەر بارودۆخی سیاسی و ئەمنی عێراق و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا کۆدەبێتەوە، ئەگەریش هەیە لە کۆبوونەوەی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەشداری بکات".

### هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان:

# ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی 90%ی تەواو بووە

### فازڵ میرانی بۆ (ڕووداو):
## پێشوەختە پیرۆزبایی لە ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان دەکەین

### بزووتنەوەی گۆڕان:
## دەبێ یەکێتی لە وادەی خۆیدا پۆستی پارێزگاری سلێمانی تەسلیم بکات

### یەکێتی:
## ڕادەستکردنی پۆستی پارێزگاری سلێمانی بۆ گۆڕان پێویستی بە قسەیەکی نوێیە

**مەحموود یاسین کوردی، هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

"ڕێککەوتنی سیاسی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان 90%ی تەواو بووە". ئەمە قسەی هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕانە. بەرپرسێکی یەکێتیش بەشێکی گرنگی نێوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە ئاشکرا دەکات، بەشێوەیەک یەکێتی و گۆڕان لە هەندێ شوێن یەکدەگرنەوە. سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتیش دەڵێت "پێشوەختە پیرۆزبایی لەو ڕێککەوتنەی یەکێتی و گۆڕان دەکەین".

گەرمترین قسەی نێوان یەکێتی و گۆڕان لەسەر ئاستی سەرکردایەتی هەردوو حیزب تاوەکو کادیرەکانیان، ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی نێوان ئەو دوو لایەنەیە. گوتەبێژی فەرمیی بزووتنەوەی گۆڕانیش دەڵێ "ئەوەی هەیە پێشنیازە لەلایەن گۆڕان و یەکێتییەوە بۆ ڕێککەوتنێکی سیاسی". شۆڕش حاجی دەڵێت "ڕێککەوتنەکە بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان و بۆ چەسپاندنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و شەفافیەتە لە داهاتدا. ئەم ڕێککەوتنە دژی هیچ لایەنێک نییە".

هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان کە دەستی هەبووە لەپێشڤەچوونی ڕێککەوتنەکە و ئاگاداری نێوەڕۆکەکەیەتی، بەشێکی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات و دەڵێت "ڕێککەوتنەکەی نێوان گۆڕان و یەکێتی حەتمییە و 90%ی کارەکانی تەواو بووە".

ئەو هەڵسوڕاوەی بزووتنەوەی گۆڕان ئەوەشی گوت کە ڕێککەوتنەکە تا ئاستی باش چووەتە پێشەوە و "ئەوەشی کە ماوە مەسەلەی یاساییە و بابەتی تەکنیکین، ئاستەنگی سیاسی نەماوە".

هەڵسوڕاوە دیارەکەی گۆڕان کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، گوتی "بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە هەردوولا بە لیستێک بەشداری هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەکەن، هەروەها لە سەندیکاکان و فراکسیۆنەکان پێکەوە دەبن".

ڕێکەوت زەکی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە ئاگاداری بەشێکی ڕێککەوتنەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت "بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئاستی لۆکاڵی پێویستی بە یەکێتی هەیە، یەکێتیش بۆ سیاسەتی دەرەوە پێویستی بە گۆڕان هەیە". ڕێککەوت زەکی گوتیشی "ئەگەر ڕێککەوتنەکە کرا، فراکسیۆنەکانی یەکێتی و گۆڕان لەسەر ئاستی پەرلەمانی بەغدا و کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان یەکدەگرنەوە".

دوای حەوت ساڵ لە ماڵ جیاکردنەوە، بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا گۆڕان و یەکێتی ڕێککەوتنامەیەکی سیاسی واژۆ بکەن، ئەمەش بە دووەم ڕێککەوتنامەی نێوان ئەو دوو لایەنە دەژمێردرێت، دوای ڕێکەوتننامەی 2014/12/9 بۆ پێکهێنانی حکومەتی خۆجێیی لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە.

ڕۆژی 2016/4/30 ژمارەیەک فەرمانەدەی سەربازیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەردانی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕانیان لە گردی زەرگەتە کرد.

حامید حاجی غالی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کە یەکێک بووە لەو فەرماندانەی سەردانی نەوشیروان مستەفای کردووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە بۆ هەواڵپرسینی تەندروستی کاک نەوشیروان چووبووین بەو پێیەی ماوەیەکی زۆر بەرپرس و فەرماندەمان بووە. پێشمانگوت تەنیا بۆ هەواڵ پرسین دێین، بەڵام لەو مەجلیسانە عادەتەن باسی بارودۆخە سیاسییەکە هەر دەکرێت".

سەبارەت بە ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی، ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ "ئێمە ڕێککەوتنی ستراتیژیمان لەگەڵ پارتی هەیە، لەگەڵ گۆڕانیش ڕێککەوتنی سیاسی واژۆ دەکەین، ئەو ڕێککەوتنە دژی هیچ لایەنێک نییە. خۆم تا سەر ئێسقان پشتگیری ئەو ڕێککەوتنە دەکەم. دەبێت ئەو ڕێککەوتنەش ببێتە بناغەیەک بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی".

بەپێی قسەی حامید حاجی غالی، بۆچوونی نەوشیروان مستەفا لەسەر ئەو ڕێککەوتنە ئەوەیە کە نابێت دژی هیچ لایەنێک بێت "کاک نەوشیروان خۆشی ڕای وایە کە ئەو ڕێککەوتنە بۆ ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کوردە".

سەرباری ئەوەی هێشتا ڕێککەوتنەکە نەکراوە، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان یەکەم لایەنە پیرۆزباییان لێدەکات. فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەگەر یەکێتی و گۆڕان ڕێککەوتن پێشوەختە پیرۆزباییان لێدەکەین". بەبڕوای میرانی "ئەگەر ببن بە یەک (یەکێتی و گۆڕان) دیسانەوە دەبنە شەریکی یەکدی و کارئاسانیی زیاتر دەبێ، لەجیاتی ئەوەی دوو حیزب ڕازی بکەین، ئەو کات یەک حیزب ڕازی دەکەین".



سەردانی بەرپرسانی سەربازی یەکێتی بۆ لای نەوشیروان مستەفا

### دروستبوونی میحوەربەندی

ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی بەلای هەندێک لە یەکێتییەکان و چەند سەرکردەیەکی ئەو حیزبەوە دروستکردنی دوو ئیدارە و میحوەربەندییە.

ئازاد جوندیانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە وتارێکدا مەترسیی خۆی بۆ گەڕانەوە بۆ پێش ڕێککەوتنی واشنتنی نێوان پارتی و یەکێتی لەساڵی 1998 دەربڕی و لەو وتارەدا دەڵێت "وا پێدەچێ ئاراستەی ڕووداوە سیاسییەکان لە کوردستاندا بەرەو چارەسەر نەبێ، بەڵکو بەرەو میحوەربەندی بڕوا و کوردستان بەسەر دوو میحوەردا دابەش ببێ".

جوندیانی هەروەها دەڵێت "ڕەنگە ململانێی دوو میحوەرە چاوەڕوانکراوەکە نەگاتە شەڕوشۆڕی چەکداری، بەڵام ئەگەری زۆرە پەیوەندییە سیاسییەکان زۆر ئاڵۆزتر بکا و کۆمەڵگاش بەسەر دوو میحوەرەکەدا بەشێوەیەکی تەواو و بگرە زبر دابەش بکات".

حامید حاجی غالی ئەو ترس و نیگەرانییە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ "ئێمە ڕێککەوتنی ستراتیژیمان لەگەڵ پارتی هەیە و شەڕی هیچ لایەکیشمان نەکردووە، دوو میحوەری و دوو ئیدارەشمان تاقی کردووەتەوە هیچ سوودمان لێ نەبینیوە، بۆیە ڕێککەوتنی ئێمە لەگەڵ گۆڕان بۆ خزمەتی میللەتەکەمان و یەکڕیزیی گەلەکەمانە".

### پۆستی پارێزگاری سلێمانی

گۆڕان و یەکێتی لە ڕۆژی 2014/12/9 ڕێککەوتنیان بۆ بەڕێوەبردنی ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی واژۆکردووە. بەپێی ڕێککەوتنەکە پۆستی پارێزگاری سلێمانی و هەڵەبجە بۆ ماوەی ساڵێک و هەشت مانگ بە ساڵێک و هەشت مانگ لە نێوان گۆڕان و یەکێتی دابەشدەکرێت. بۆیە لە 2016/8/10 دەبێ ئەو دوو پۆستە ئاڵوگۆڕ بکەن.

سەبارەت بەوەی ئایا یەکێتی لەوادەی خۆیدا پۆستی پارێزگاری سلێمانی ڕادەستی گۆڕان دەکات؟ شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت "بێگومان داوا دەکەین، چونکە ئەوە ڕێککەوتنێکە لەنێوان یەکێتی نیشتیمانی و بزووتنەوەی گۆڕان، هەردوولا پابەندین بە ڕێککەوتنەکە، کەی کاتەکەی هات ئەو ئاڵوگۆڕەش دەبێ. لەسەر ئەمەش لەگەڵ یەکێتی ڕێککەوتووین".

هەڤاڵ ئەبوبەکر، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاری سلێمانی کە کاندیدی گۆڕانە بۆ پۆستی پارێزگاری سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تاوەکو ئێستا ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی وەکو خۆی دەڕوات هەردوولامان پابەندی پێیەوە، هەر ڕێککەوتنێکی دیکەش بکرێ، ڕێککەوتنی پێشوو دەبێتە بنەمایەک بۆی".

هەڤاڵ ئەبوبەکر هەروەها گوتی "بەپێی ڕێکەوتنی گۆڕان و یەکێتی ناوی ئێمە لە برگەیەکدا هاتووە کە کاندیدین بۆ وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری سلێمانی. ڕێککەوتنەکەش لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەنگی لەسەر دراوە و بووەتە وەرقەیەکی یاسایی".

بەڵام سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەو بارەیەوە دەڵێ "پێشهاتەکانی نێوان یەکێتی و گۆڕان بڕیاردەدەن چ هەنگاوێک بهاوێژرێ".

ڕێککەوت زەکی دەڵێت "پۆستی پاریزگاری سلێمانی نابێتە گرێ کوێرە". بەڵام بە بڕوای یەکێتی وەک زەکی دەڵێت "هەموو ئامانجەکان ئەوەن هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پاریزگاکان لەکاتی خۆیدا 2018/4/30 بەڕێوەناچن، چونکە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانمان لە پێشە. بۆیە ئەگەر هەڵبژاردنەکان لە وادەی خۆیدا بەڕێوەنەچوون ئەوا گەڕی دووەمی دابەشکردنی پۆستەکان کە پۆستی پاریزگار لای بزووتنەوەی گۆڕان دەبێ ماوەکەی درێژتر دەبێ، کەچی ڕێککەوتنەکە لەسەر ئەوەبوو دەبێ ساڵێک و هەشت مانگ بێ".

بەرپرسی یەکەمی یەکێتی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پێیوایە باشترین ڕێگە بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستی پارێزگار لەنێوان حیزبەکەی و بزووتنەوەی گۆڕان وەک خۆی دەڵێت "پێویستە قسەیەکی دیکە لە دەرەوەی ڕێککەوتنی پێشوو لە نێوان گۆڕان و یەکێتیدا بکرێ".

# پێشمەرگە لە گوندی بەشیر دەمێنێتەوە

### بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە: حەشدی شەعبی لە بەشیر میوانن و دەبێت بڕۆن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەرپرسێکی یەکێتی پێیوایە مانەوەی پێشمەرگە لە گوندی بەشیر کاتییە و حەشدی شەعبی لە ڕێگەی هاندانی تورکمانەکانی گوندەکەوە دەیەوێ پێشمەرگە ناچار بکات گوندەکە جێبهێڵێ، بەڵام بەرپرسێکی باڵای پێشمەرگە دەڵێت "پێشمەرگە هەر شوێنێک ئازاد بکات تێیدا دەمێنێتەوە و حەشدی شەعبی لە بەشیر میوانن".

ئێوارەی ڕۆژی 30ی نیسانی 2016، دوایین ساتەکانی چەکدارانی داعش بوو لە گوندی بەشیر. ئەو گوندە تورکمانییەی لە مانگی شەشی ساڵی 2014 دوای شەڕێکی چەند کاژێری لەگەڵ سوپای عێراق، دەستیان بەسەردا گرت و لەوکاتەوە وەک شوێنێکی ستراتیژی بەکاری دەهێنن بۆ پەلاماردانی خورماتوو و کەرکووک و ئەو شوێنانەی دیکە کە بەدەست هێزی پیشمەرگەوەن. لە کۆتاییدا بە خوێنی سێ شەهید و 17 پێشمەرگەی بریندار، گرێی بەشیر کرایەوە.

شێخ جەعفەر مستەفا، فەرماندەی یەکەکانی 70ی هێزی پێشمەرگە، هۆکاری ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی بەشیر باس دەکات و دەڵێ "نزیکەی دوو ساڵە خەڵکی تورکمانی ناوچەکە داوا لە هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن ئەو گوندە ئازاد بکات. ئێستا خەڵکی ناوچەکە و هەموو جیهان سەریان لە ئازایەتیی پێشمەرگە سوڕماوە کە لەو ماوە کەمەدا توانی بەشیر و چەند گوندێکی دەوروبەری ئازاد بکات".

وەک شێخ جەعفەر مستەفا گوتی، بە کۆنترۆڵکردنی بەشیر، جگە لەوەی داعش لە کەرکووک دوورتر دەکەوێتەوە، هەڕەشەی سەر ڕێگای کەرکووک- بەغدا کەمتر دەبێتەوە، هەروەها هەڕەشەی سەر ڕێگای کەرکووک- خورماتوو نەما و بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ڕیاز و حەویجە و ڕەشادیش گرنگە.

پێشمەرگە بە وەرگرتنەوەی گوندی بەشیری تورکمانی، لە یەک کاتدا دوو گرەوی بردەوە. جگە لەوەی توانی داعش زۆرتر لەخۆی دووربخاتەوە، هاوکات پیشانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دا کە هێزە کاریگەرەکەی بەردەم داعش کوردە. چونکە سەرجەم هەوڵەکانی چەکدارانی حەشدی شەعبی بۆ گرتنەوەی ئەو گوندە شکستی هێنا.

بەڵام ئەزموونی تاڵ و نزیک، ترس لە دڵی خەڵکی باشووری کوردستان دەچێنن. ترس لە دووبارەبوونەوەی دیمەنەکانی گوڵاڵە و خورماتوو، کاتێک پێشمەرگە بە خوێنی خۆی ئازادی کردن و دواتر حەشدی شەعبی وەک خاوەن ماڵ، چەکەکەی لەشانی هێنایە خوارەوە بۆ شەڕ. ئایا ئەزموونی خورماتوو تێپەڕی، یان پلانی داهاتووی حەشدی شەعبی، هاندانی تورکمانە هاومەزهەبەکانیانە بۆ ئەوەی داوای چوونە دەرەوەی پێشمەرگە بکەن؟

جێگری بەرپرسی مەڵبەندی بازنەی حەمرینی یەکێتی، پێیوایە ئازادکردنەوەی بەشیر، نیشانەی قارەمانێتی پێشمەرگەیە و دەستخۆشییان لێدەکات، بەڵام وای دەبینێ ئەنجامەکەی دەبێتە کێشە بۆ خورماتوو "بەبۆچوونی من دوای ئەوەی دۆخی ئەو ناوچەیە ئارام دەبێتەوە، حەشدی شەعبی لەوێش شوێن پێی خۆی قایم دەکات و وەک چۆن لە خورماتوو کێشەیان نایەوە، لەوێش هەروا دەکەن و کێشە بۆ خورماتوو زۆرتر دەبن". حەسەن بارام گوتیشی "بۆ کەرکووکیش هەروا دەبنە کێشە و سەرئێشە".

حەسەن بارام دەڵێ "من وای دەبینم کە حەشدی شەعبی نیازیان باش نەبێ و نەرم و نیان دەبن تاوەکو ئەوکاتەی مەترسی نامێنێ و دۆخەکە ئارام دەبێتەوە. دواتر پێشبینی ئەوە دەکەم لە ڕێگەی هاندانی خەڵکەوە کێشە بۆ پێشمەرگە دروستبکەن، بەڵام هیوادارم من هەڵە بم و بەشیر وەک خورماتووی بەسەر نەیەت".

گوندی بەشیر، گەورەترین گوندی کشتوکاڵی سنووری کەرکووکە و 25 کیلۆمەتر لە باشووری کەرکووکەوە دوورە. پێش ئەوەی بکەوێتە دەست داعش 1800 ماڵی تێدا بووە. بەپێی سەرژمێرییەک کە ساڵی 2010 کراوە 1400 خانوو و حەوت قوتابخانە و 10 مزگەوت و حوسێنییەی تێدابووە.

چەکدارانی داعش لە گوندی بەشیرەوە زۆر هێرشیانکردە سەر هێزەکانی پیشمەرگە، تەنانەت لەوێوە چەکی قەدەخەکراویشیان بەکارهێنا. بەرپرسێکی هێزی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هێزەکانی هاوپەیمانان لەسەر داخوازی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشدارییان لە ئازادکردنەوەی بەشیردا کردووە". ئەو بەرپرسە سەربازییە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە و گوتیشی "بەبێ بەشداریی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان، پرۆسەکە ئێجگار زەحمەت دەبوو، قوربانی زۆرتر دەدرا، بەڵام فڕۆکەکان زۆرتر لە 30 ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراویان تەقاندووەتەوە".

بریکاری وەزیری پیشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیوایە هێشتا زووە باس لەوە بکرێ چارەنوسی بەشیر چی بەسەردێ "ئێمە جاران دەمانگوت یان حەمرین یان دەمرین، ئێستا بۆ دەبێ شەرم بکەین لەوەی بڵێین لە خورماتوو یان لە بەشیر دەمێنینەوە". ئەنوەری حاجی عوسمان، هەروەها دەڵێ "هەر بستەخاکێکی کوردستان کە پێشمەرگە ئازادی کردبێ، پێشمەرگە تێیدا دەمێنێتەوە، حەشدی شەعبی لەو ناوچەیە میوانە و میوانیش هەر دەبێ بڕواتەوە، زوو بێ یان درەنگ".



## کۆمەڵی ئیسلامی: کورد لە بەغدا میوانە

ڕووداو- هەولێر

ئەنجوومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لەسەر هەڵکوتانە سەر پەرلەمانی عێراق بەیاننامەیەک بڵاودەکاتەوە دەڵێت "کورد لە بەغدا میوانە". ڕۆژی یەکشەممە 2016/5/1 ئەنجوومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بەیاننامەیەکی سەر هەڵکوتانی خۆپیشاندەران بۆ سەر پەرلەمانی عێراق و دەستدرێژیکردنە سەر پەرلەمانتارانی کورد و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بڵاوکردەوە. کۆمەڵی ئیسلامی بەتووندی ئیدانە ئەو دەستدرێژییانە دەکات و ڕایدەگەیەنێت "ئەم ڕووداوەش ئەو ڕاستیە دەردەخات کە کورد لە بەغدا میوانە و هەرکات لایەنە باڵادەستەکان مەبەستیان بێت هەڵوێستی خراپ بەرامبەری دەنوێنن".

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (406) دووشەممە 2016/5/2

(ڕووداو) وردەکارییەکانی بڵاودەکاتەوە

# دوایین ساتەکانی نوێنەرە کوردە گیرخواردووەکان لە پەرلەمانی عێراقدا

هێڤیدار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

زۆر شتی نەگوتراو هەن کە هێشتا لەبارەی ڕووداوەکەی ڕۆژانی ڕابردووی نێو پەرلەمانی عێراق نەزانراون. گرنگترینیان ئەوەیە کە چۆن پەرلەمانتارە کوردەکان ڕزگاریان بووە. چۆن پێشمەرگە پەرلەمانتارە سوننەکانی ڕزگار کردووە و بۆچی لایەنگرانی موقتەدا سەدر وایان کرد؟

تازە پەرلەمانتارانی عێراق ناتوانن ڕۆژی 2016/4/30 لەبیر بکەن، کەسیان بەخەیاڵیش بیریان لەوە نەکردبووەوە ڕۆژێک بێت شکۆی پەرلەمان لەناوچەیەکی پارێزراوی وەکوو ناوچەی سەوزدا بکەوێتە ژێر پێی کۆمەڵێک خۆپیشاندەری تووڕە.

بەرپرسێکی باڵای ئەمنی لەنێو ناوچەی سەوزەوە، باسی چرکەساتەکانی دەربازبوونی خۆپیشاندەران دەکات بۆ ناوچەی سەوز و دەڵێت "فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا 100 هەزار چەکداری هەیە. فیرقەی تایبەتی بەغدا 10 هەزار چەکداری هەیە و دەروازەکانی ناوچەی سەوز هەموویان لەدەست ئەواندا بوون، کەچی دیوارە کۆنکرێتییەکان ڕووخێنران و هاتنە ژوورەوە".

ئەو بەرپرسە ئەمنییە باڵایە، کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئاگاداری هەموو پلانێک بووین، ئەمە بە ئاگاداریی حەیدەر عەبادی و موقتەدا سەدر کرا و ڕێگە درا خۆپیشاندەران بێنە ژوورەوە".

هەزاران خۆپیشاندەر گەیشتنە ناوچەی سەوز کە 13 ساڵە خەڵکی بەغدا ئەو ناوچەیەیان نەبینیوە. ناوچەی سەوز نێوەندی حوکمڕانیی عێراقە و هەرچی دامودەزگای هەستیاری دەوڵەتە لەوێیە. بەڵام وەک ئەو بەرپرسە گوتی "خۆپیشاندەران مەبەستیان بوو تەنیا بگەنە نێو پەرلەمان و لە پەرلەمانتارەکان بدەن".

سەلیم جبووری، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و هومام حەموودی، جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان کاژێرێک پێش هاتنی خۆپیشاندەران، پەرلەمانیان بەجێهێشت، بەڵام ئارام شێخ محەممەد، جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان لەنێو باڵەخانەی پەرلەماندا مابووەوە.

موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو، یەکێک بووە لەوانەی کاتێک خۆپیشاندەران هاتوون، لەنێو پەرلەماندا بووە. ئەو بۆ (ڕووداو) باسی ساتی یەکەمی ڕووداوەکان دەکات کە بە چاوی خۆی بینیونی: "کاتێک ویستم دەربچم، کاک ئارام و مەحموود ڕەزا گەڕانەوە و گوتیان خۆپیشاندەران هاتن. تازە مەجالی دەرچوونمان نییە".

موسەنا ئەمین زانیاریی وردتر لەسەر ڕووداوەکە باس دەکات و دەڵێت: "چوار بۆ پێنج پێشمەرگە، لەوانەی کە پەرلەمان دەپارێزن، لەگەڵمان هاتن. من و کاک ئارام و کاک مەحموود ڕەزایان بردە شوێنێکی سەلامەت کە دەرگای ئەو شوێنە گوللەنەبڕ بوو، مەگەر بە قازیفە ئەگەرنا نەدەشکا. لەوێ پێشمەرگەکان کاک ئارامیان لەسەر کورسییەک دانا". بەقسەی پەرلەمانتارێکی کورد، پێشمەرگەیەک لەو کاتەدا بە ئارام شێخ محەممەدی گوتووە: "دڵنیابە لێرەش هەر جێگری سەرۆکی پەرلەمانی و لەخزمەتی تۆداین".

خۆپێشاندەران بە هۆتافکێشانی "شلع، خلع" گەیشتنە نێو پەرلەمان و بەدوای پەرلەمانتاراندا دەگەڕان.

موسەننا ئەمین تەواوی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە کە چۆن ڕزگاریان بووە: "سێ کاژێر لەو شوێنە ماینەوە کە زۆر سەلامەت بوو، بەڵام دواتر هەماهەنگی کرا و 10 گەنجی خۆپیشاندەر هاتن کە لە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە بوون". موسەننا ئەمین بەردەوام دەبێ و دەڵێت: "ئەوان ئێمەیان برد و پێیانگوتین کراس و قات و بۆیانباخ فڕێ بدەن. من کراسەکەشم لەگەڵ یەکێکیان گۆڕییەوە بە تیشێرتێکی ڕەش. تەنانەت تیشێرتەکە ئەوەندە بێ سەروبەر بوو کە لچێکی ژێرکراسەکەم دەرچووبوو، ئێمەش وەکو خۆپێشاندەرانمان لێهاتبوو. هەریەکەشمانیان بە شوێنێکدا برد".

ئەو پەرلەمانتارە باسی هۆکاری لێدانی ئارام شێخ محەممەد لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە دەکات و دەڵێت: "لەبەرئەوەی کاک ئارام ناسراو بوو، هەندێ لە خۆپیشاندەران ناسییانەوە و لێیاندا، بەڵام ئەو گەنجانەی دیکە هاتن و هەرچۆنێک بێت ڕزگاریان کرد و بردیان".

لەو گرتە ڤیدیۆییەدا کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبووەتەوە، ئارام شێخ محەممەد لەنێو خۆپیشاندەراندایە. ئەوان پاڵی پێوەدەنێن و زللەی لێدەدەن. یەکێکیشیان دەست دەخاتە نێو گیرفانی پشتەوەی پانتۆڵەکەی وەک ئەوەی بەدوای پارەدا بگەڕێ. بەڵام دواتر لەدەستیان ڕزگاری دەبێت.

وەک سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو باسی دەکات، هەرچۆنێک بێت خۆی گەیاندووەتە هۆتێل ڕەشید کە 200 مەتر لە پەرلەمانەوە دوورە، ئەو دەڵێت: "لەوێ کەسی لێنەبوو. دواتر برادەرانی پاراستن هاتن و منیان گەیاندە فڕۆکەخانە".

فراکسیۆنی یەکێتی زۆرترین ئەندامیان لەنێو پەرلەماندا مابوونەوە، لەوانە: ئاڵا تاڵەبانی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی، ڕێبوار تەها، ڕەنگین عەبدوڵڵا و ئارێز عەبدوڵڵا. هەر زوو ئەوە بڵاوکرایەوە کە ژیانیان لە مەترسیدایە. پەرلەمانتارێکی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت "کاتێک خۆپیشاندەران هاتن، پێشمەرگە ئێمەیان خستە ژوورێکەوە و نەیانهێشت کەس لێمان نزیک ببێتەوە".

پێشمەرگەیەک کە یەکێکە لەوانەی ئەرکی پاراستنی پەرلەمانی لەئەستۆیە و داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "خۆپیشاندەران هاتنە لای ئەو ژوورەی پەرلەمانتارەکانی یەکێتی تێدا بوو. گوتمان ئەوە ژووری چەکە و کەسی تێدا نییە. وامان کرد سەریان لێشێوا و یەکسەر ڕۆیشتن".

ئەو پێشمەرگەیە گوتیشی کە هەندێ لە پەرلەمانتارانی یەکێتی و پاسەوانەکانیان جلی پێشمەرگەیان لەبەرکردبوو، هاتبوونە دەرەوە و کەس نەیدەزانی پێشمەرگە نین.

موسەننا ئەمین لەبارەی چۆنیەتی ڕزگاربوونی پەرلەمانتارەکانی یەکێتی گوتی "کاک ئارێز عەبدوڵڵا بە منی گوت جلی سەربازیم لەبەر کرد و کەس نەیزانی پەرلەمانتارم. برادەرانی دیکە لە ژووری پشتەوە بوون و بەوشێوەیە لەدەست خۆپیشاندەران ڕزگاربوون".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، حاکم زاملی، سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق کە لەگەڵ (کەتیبەکانی سەرایای سەلام)ی سەر بە ڕەوتی سەدر سەرپەرشتیی خۆپیشاندەرانیان کردووە بۆ ناوچەی سەوز، دەستیان هەبووە لە ڕزگارکردنی پەرلەمانتارەکانی یەکێتی.



پەرلەمانتارێکی ڕزگاربوو: پێشمەرگە خۆیان کردە پەیژە و بەسەر دیواردا ئاودیویان کردین

### ئەشواق جاف:
## 45 خولەک لەنێو زرێپۆشێکدا مامەوە

بەگوێرەی زانیارییەکان، حاکم زاملی لەگەڵ هەندێ ژن کە عەبای ڕەشیان لەسەر بووە، چوونەتە لای پەرلەمانتارانی یەکێتی ئاڵا تاڵەبانی و ڕەنگین عەبدوڵڵا. جلی ڕەشیان پۆشیوە و ئاڵای عێراقیان هەڵگرتووە، تاوەکو گەیشتوونەتە نێو ئۆتۆمبێلی گوللەنەبڕ و بەوە ڕزگاریان بووە.

هاوکات هەندێ لە پەرلەمانتاران بەسەر دیواردا خۆیان ئاودیو کردووە. یەکێک لە پەرلەمانتارەکان، کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، باسی چیرۆکی ڕزگاربوونی خۆی دەکات و دەڵێت: "کاتێک خۆپیشاندەران هاتن، من و دوو پەرلەمانتاری دیکە لەلایەن پێشمەرگەوە ڕزگارکراین".

ڕزگاربوونی ئەو سێ پەرلەمانتارە لە چیرۆکی فیلمێکی ئەکشن دەچێت. پەرلەمانتارەکە دەڵێت: "خۆپیشاندەران هاتبوونە نێو ناوچەی سەوز و زۆری نەمابوو بگەنە لای ئێمە. بۆیە پێشمەرگەکان هاوکارییان کردین و بەسەر شانیاندا سەرکەوتین. لەوێوە لە دیوارە کۆنکرێتییەکە ئاودیو بووین. پەرلەمانتارێکی ڕزگار بوو دەڵێت: "قەت ئەو دیمەنەی هاوکاریی پێشمەرگە لەبیر ناکەم کە چۆن شانی خۆیان بۆ ئێمە دادەنا تا بەسەریدا سەرکەوین".

دیارترین پەرلەمانتاری عێراق کە بەتوندی کەوتە بەر هێرش و پەلاماری خۆپێشاندەران، عەمار توعمە، سەرۆکی فراکسیۆنی فەزیلە بوو. لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا دەردەکەوێ کە سەرباری ئەوەی دەپارێتەوە، بەڵام بە دار لەسەری دەدەن و دواتر دەیخەنە نێو تەنەکەی خۆڵەوە، بەڵام هێزێکی پێشمەرگە دەگاتێ و لەدەست خۆپیشاندەران دەریدەهێنن. ئینجا بە ئۆتۆمبێلێکی گوللەنەبڕ ڕزگاری دەکەن.

ئەشواق جاف، پەرلەمانتاری پارتی، یەکێک بوو لەوانەی لەو کاتەدا لە پەرلەمان بوو، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "کاتێک ویستم بچمە دەرەوە، لەبەر دەرگای پەرلەمان خەڵک بە ڕاکردن گەڕانەوە. گوتم چییە، بۆ وا هەڵدێن؟ یەکێکیان پێیگوتم: خۆت ڕزگار بکە، خۆپیشاندەران هاتن".

ئەشواق جاف، کە دووەمین خولە لە پەرلەمانی عێراقە، دەڵێت "پێشمەرگە یەکسەر منیان خستە نێو زرێپۆشێکی سەربازی و 45 خولەک لەنێو ئەو زرێپۆشەدا مامەوە. دواتر بە ئۆتۆمبێلی پەرلەمانتارێکی سەدری ڕۆیشتم. لەچک و جلی ڕەشیان لەبەرکردم و منداڵی خۆیان لە باوەشم نا، تاوەکو گەیشتمە فڕۆکەخانە".

تەنیا پەرلەمانتارانی سوننە تاوەکو کشانەوەی خۆپیشاندەران لە شوێنێکی تایبەتی نێو پەرلەماندا مابوونەوە. فەرماندە باڵا ئەمنییەکەی ناوچەی سەوز، کە ئاگاداری پەرلەمانتارە سوننەکان بووە، دەڵێت "ئەحمەد مەساری، کە سەرکردەیەکی باڵای سوننەیە لەنێو پەرلەمانی عێراقدا و 5 پەرلەمانتاری دیکەی سوننە لەلایەن پێشمەرگەوە لە شوێنێکی تایبەتدا حەشاردرابوون". گوتیشی "ئەو پەرلەمانتارانە بە پێشمەرگەکانیان گوتووە بڕوامان بە ئێوە هەیە و دەرناچین تاوەکو ئێوە ئاگادارمان دەکەن. بۆیە دوای چۆڵکردنی پەرلەمان لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە، بە ئۆتۆمبێلێکی تایبەت ڕزگار کرابوون".

جەمال کۆچەر، پەرلەمانتاری یەکگرتوو، لەبارەی هاتنی خۆپیشاندەران بۆ نێو بارەگای پەرلەمان بە (ڕووداو)ی گوت "بەو کارە موقتەدا سەدر ویستی هەندێ پەیام بنێرێت. پەیامێکیشی ڕاستەوخۆ بۆ نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق بوو".

جەمال کۆچەر کە پێش ئەوەی خۆپیشاندەران بە چەند خولەکێکی کەم بگەنە نێو پەرلەمان ڕزگاری ببوو، دەڵێت "مالیکی نەڕۆیشتە لوبنان بۆئەوەی لەگەڵ موقتەدا سەدر کۆببێتەوە. بەڵام لەجیاتی ئەوەی خۆی بێت نوێنەرێکی نارد، ئەمەش سەدری تووڕە کرد. هەروەها مالیکی ویستی بێتەوە پەرلەمان و حەسەن سنێد، دەست لەکاربکشێتەوە و خۆی شوێنی بگرێتەوە. لەسەر ئەمەش نامەی بۆ جبووری ناردبوو، تاوەکو فراکسیۆنێکی نوێ لەنێو پەرلەماندا پێکبهێنێ. 150 پەرلەمانتاریش لەگەڵ ئەو هەوڵەی مالیکیدا بوون". بەڵام وەک پەرلەمانتارەکەی یەکگرتوو دەڵێ "عەبادی و سەدر بە پەرلەمانیان گوت: ئەگەر ڕێگە بە مالیکی بدەن، ئەوە دەکەین کە چاوەڕوانی ناکەن".

دەربارەی پەیامی دووەمی سەدر کە ویستوویەتی بیگەیەنێ، جەمال کۆچەر دەڵێت "خۆپیشاندەران داوایان دەکرد قاسم سولەیمانی لە عێراق دەربچێ و دەیانگوت ئێمە خاوەنی عێراقین. ئەمەش بۆ ئەوانە بوو کە نزیکن لە ئێران و بەقسەی ئێران دەکەن. هەروەها ویستی بە هەموو لایەنێک بڵێت: ئەگەر نەجەفیش لەدەست من نەبێت، ئەوە بەغدا لەدەستی مندایە و هەر کاتێک بمەوێ دەچمە نێو ناوچەی سەوز".

# وشەی نهێنی نێوان سەدر و خۆپیشاندەران ئاشکرا دەبێت

### عادل نووری:
## پێشتر پەرلەمانتارانی کوردم ئاگادارکردبووەوە کە هێرش دەکرێتە سەر پەرلەمان

سیروان عەباس
ڕووداو- هەولێر

عادل نووری، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کۆدی نێوان موقتەدا سەدر و خۆپیشاندەران ئاشکرا دەکات کە خۆپیشاندانی چەند ڕۆژەیان لە گۆڕەپانی تەحریری بەغداوە گواستەوە نێو باڵەخانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق. دەشڵێت پێشتر پەرلەمانتارانی کوردی ئاگادار کردبووەوە کە لایەنگرانی سەدر هێرش دەکەنە سەر پەرلەمان، بەڵام ئەوان بە هەندیان وەرنەگرتووە.

ڕۆژی 2016/4/30 هەزاران لایەنگری موقتەدا سەدر کە چەندین ڕۆژ بوو لە مەیدانی تەحریر خۆپیشاندانیان دەکرد، توانییان بەربەرستی ناوچەی سەوز ببڕن و بۆ ماوەیەک دەستیان بەسەر باڵەخانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا گرت.

هێرشی لایەنگرانی موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕەوتی سەدر، دوای گوتارێکی ناوبراو هات. بەگوتەی پەرلەمانتارێکی کورد پێشتر خۆپیشاندەران لە کۆدی ئیعازی موقتەدا سەدر لە خۆپیشاندانەکە ئاگادار کرابوونەوە کە لە گوتارەکەیدا هەر کاتێک ئەو کۆدەی بەکارهێنا، ئیدی هێرش بکەنە سەر باڵەخانەی پەرلەمان.

### کۆدەکە چی بوو؟

عادل نووری، پەرلەمانتاری کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق باسی دەستپێکی ئەو خۆپیشاندانە دەکات و دەڵێت "سەرەتا موقتەدا سەدر گوتی، خۆم دەچمە ناوچەی سەوز و دواتر خۆپیشاندەران، ئەو دەستی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان تێکەڵ کردبوو بۆ ئەوەی هیچ تەقەیەک نەکرێت، سەرۆکی لیژنەی ئەمنیی پەرلەمان حاکم زاملی لەگەڵ سەرایای سەلام سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکەیان کرد". عادل نووری دەشڵێت "زانیاریمان هەبوو کە وشەیەکی نهێنی لە نێوان سەدر و خۆپیشاندەران هەیە. سەدر گوتبووی ئەگەر لە گوتارەکەمدا وشەی خەڵوەت دەگرم (ساعتکف)م بەکارهێنا، مانای وایە بەرەو باڵەخانەی پەرلەمان بڕۆن".

### پەرلەمانتارانی کوردم ئاگادار کردەوە

عادل نووری دەڵێت ئەو زانیویەتی کە خۆپیشاندەران هێرش دەکەنە سەر پەرلەمان، بۆیە پێشتر پەرلەمانتارانی کوردی ئاگادار کردووەتەوە کە پەرلەمان جێبهێڵن "کەمتر لە کاژێرێک پێش ئەوەی خۆپیشاندەران هێرش بکەنە سەر پەرلەمانی عێراق، بە هەندێ لە پەرلەمانتارانی کوردم گوت نەچنە پەرلەمان چونکە ڕووداوی نەخوازراو ڕوودەدات، بەڵام گوێیان لێ نەگرتم و قسەکەی منیان بە هەند وەرنەگرت".

عادل نووری دەڵێت ئەو هێرشەی کرایە سەر باڵەخانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی ڕابردووەوە پلانی بۆ داڕێژراوە. ئەو گوتی "ئەوەی بەسەر پەرلەمانی عێراقدا هات، لە مانگی ئابی ساڵی ڕابردووەوە پلانی بۆ داڕێژرابوو. ئەویش کاتێک حەیدەر عەبادی، لەگەڵ میدیاکاران کۆبووەوە و ڕایگەیاند ئەگەر جەماوەر خۆپیشاندانی ملیۆنی بکەن و داوای پەکخستنی پەرلەمان بکەن، پەرلەمان پەکدەخەین".

ئەو پەرلەمانتارە کوردە کە پێشتر لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی بووە و بەهۆی مانگرتنەوە دەستی لە ئەندامێتی فراکسیۆنەکەی کێشایەوە، دەڵێت ڕۆژێک دوای ئەو لێدوانەی عەبادی بۆ میدیاکاران لە پەرلەمانی عێراق، گوتم عەبادی بە تەمای کودەتایە، بەو هۆیەشەوە لەگەڵ عەلی عەلاق بەشەڕهاتین.

سەبارەت بە مانگرتنی بەشێک لە پەرلەمانتاران کە خۆی یەکێک بوو لەوان، عادل نووری گوتی "لەسەر بێدەسەڵاتیی پەرلەمان بەرامبەر بە عەبادی، سەرەتا من و ئەحمەد ئەلجبووری مانگرتنمان ڕاگەیاند، دواتر چەندین پەرلەمانتاری دیکە دەستیان بە مانگرتن کرد، لە نێویاندا حەنان فەتلاوی و عالیە نوسەیف و چەند پەرلەمانتارێکی دیکە کە من تاوەکو ئێستاش قسەیان لەگەڵدا ناکەم و چەند جارێک لەگەڵیان بەشەڕهاتووم".





عادل نووری: ساڵێکە پلانی هێرشکردنە سەر پەرلەمان داڕێژراوە (فۆتۆ: AFP)

د.محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ (رووداو):

# لە عێراق زەمینە بۆ کودەتای سەربازی رەخساوە



ماوەی چوار ساڵ لە بەغدا بووە، چەند جارێکیش ئەندامی ئەو شاندە کوردیانە بووە کە بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراق دەچوونە بەغدا. د.محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە لە یەکەم خولی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، ئەندامی پەرلەمان بووە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی دۆخی ئێستای عێراق دەکات کە لەسەر لێواری پشێوییەکی گەورەیە و دەڵێت: تاوەکو ئەو کاتەی شیعە هەموو عێراق بەهی خۆی بزانێ و سوننە پێیوابێ ئەوەی لەدەستی چووە دەبێ بەدەستی بهێنێتەوە، نابێ بە تەمای عێراقێکی سەقامگیر بین. بەبڕوای د.محەممەد ئەحمەد دۆخی ئێستای عێراق "یان بەرەو کودەتای سەربازی دەچێ، یان رێککەوتن لەسەر حکومەتێکی کاتی بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێ".

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

## ئەو پشێوییەی عێراق داعش بەهێز دەکات

**رووداو: ئەوەی لە بەغدا روویدا بۆ ئێوە چاوەڕوانکراو بوو؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** بەڵێ، ئەو فەوزایەی ماوەیەکە عێراقی گرتووەتەوە ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرا. بگرە درەنگ ئەمە روویدا و ئێمە چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد زووتر رووبدات.

**رووداو: بەڵام خۆ ئەوە ململانێی نێوان شیعەکانە و پریشکی ئاگری شەڕی نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکان نییە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** هەمیشە سێ شت شیعەکانی عێراقی بەیەکەوە بەستووەتەوە و بێدەنگی کردوون، وەستان لە بەرامبەر نەیارەکانیان، مەرجەعیەت، هاندان و دەستگرتنی ئێران. ئێستا بەرامبەرەکانیان بەو شێوەیە بەهێز نین و ئەوەش وای کردووە ململانێکانی نێوانیان بتەقێتەوە و چاوەڕێ دەکرێ قورستریش بکەوێتەوە.

**رووداو: ئێوە نزیکەی هەشت ساڵ لەمەوبەر لە بەغدا ئەندامی پەرلەمان بوون، ئەوکاتیش هەستتان بە ناکۆکیی نێوان جەمسەرەکانی شیعە دەکرد؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** بەڵێ، بەڵام وەک ئێستا ناکۆکییەکانیان قووڵ نەبوو، پێشبینیم دەکرد بەیەکدا هەڵپژێن، تەنانەت کاتێک باسی هەرێمەکان دەکرا، لە هەندێک لە شیعەکانم دەبیست دەیانگوت ترسی ئەوەمان هەیە ئەگەر هەرێمی شیعە دروست ببێ، رەنگە شیعەکان پێکەوە نەتوانن لەو هەرێمەدا هەڵبکەن و شەڕ بکەوێتە نێوانیانەوە.

**رووداو: ئێستا دەرفەت نییە بۆ سوننە؟ سوننەی عێراق چی دەکەن؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** دەتوانم بڵێم سوننە بەشێوەیەک لە شێوەکان لەسەر زەمینی واقیع تەواو بووە، نە جوگرافیایان بەدەست ماوە، نە قورساییان ماوە لەنێو پرۆسەی سیاسیدا و نە جەماوەریان بەدەستەوە ماوە. دەکرێ بڵێین شیعەکان ترسی کورد و سوننەیان نەماوە، بۆیە ململانێکانیان توند کردووە.

**رووداو: لە خۆپیشاندانەکانی ناوچەی سەوز، پەرلەمانتارانی کورد گەمارۆ دران،**

## سوننەکانی عێراق لەسەر ئەرزی واقیع کۆتاییان هاتووە

## ئەوەی لە عێراق روویدا دەبوایە زووتر رووبدات

## پێویستە جاری فراکسیۆنە کوردییەکان نەگەڕێنەوە بەغدا

**هەندێکیان لێیان درا و تەنانەت هەندێک دیمەن وایان دەگێڕایەوە کە خۆپیشاندەری بەغدا داخ لە دڵانە مامەڵەیان لەگەڵ پەرلەمانتارانی کورد دەکرد، بۆچی؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** راستە خۆپیشاندان بۆ داواکاریی چاکسازی و هەندێک پرسی دیکە بوو، بەڵام ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبیشی تێکەڵ دەبێ. هەمیشە بەرامبەر بە کورد کۆنەقینەکە لە هەر جێگایەکدا بێ سەرهەڵدەداتەوە. هەرچەندە لە سەرۆکی فراکسیۆنی فەزیلەش درا و خراپتریان کرد، بەڵام ئەوە فەوزایە و لە فەوزاشدا هەموو شتێک روودەدات.

## کودەتای سەربازی یەکێکە لە ئەگەرەکانی ئێستای عێراق

## ئەگەر کورد وریای خۆی نەبێ ئەو ئاگرەی بەغدا دەیگاتێ

## بەغدا شێواوە و کاتی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی نێوان لایەنەکانی هەرێمی کوردستانە

**رووداو: پێش هەڵکوتانە سەر پەرلەمان، پێنج حیزبەکەی باشووری کوردستان جەختتان کردەوە لەوەی رازی نابن بەو شێوازە حکومەتەی عەبادی لە بەرنامەیدایە یان سەدر داوای دەکات، ئێستاش سوورن لەسەر ئەوە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** عێراقی نوێ ئەگەر بیەوێ سەقامگیر بێت، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو پرەنسیپانەی لەسەرەتاوە لەسەری رێککەوتبووین، هەرکات ئەو پرەنسیپانە نەپارێزرا، ئیدی بەتەمای عێراقی ئارام و سەقامگیر مەبە. ئەو پرەنسیپانەش لانیکەمی ئەو دەستوورەیە کە هەموو لایەک بەناچاری پێی رازی بوون. ئەو دیموکراسیەتەی بۆ عێراق دیاری کراوە، دیموکراسییەتی تەوافوقییە و باسی هاوبەشی و هاوسەنگی و خزمەتگوزاری و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، هیچ لەوانە ئێستا کاری پێناکرێ. کە ئەوانەش نەما، فەوزا دروست دەبێ. ئەمە جگە لە دەستێوەردانی نێودەوڵەتی کە ئەویش لە سایەی ناکۆکی و ناتەبایی عێراقییەکانەوەیە.

**رووداو: گوتم ئێوە سوورن لەسەر داخوازییەکانی خۆتان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** بەڵێ ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی هاوسەنگی و شەراکەتی راستەقینە هەبێ و پشکی کورد دیاریکراو بێت و لە 21% یان 20% بۆ کورد بێت. ئێمە خۆمان وەک کورد دیاری دەکەین کێ نوێنەری ئێمەیە لە بەغدا، نەک لایەنێکی دیکە بەناوی چاکسازی و حکومەتی نوێوە نوێنەرمان بۆ دیاری بکات. یان بەو شێوەیە و لەسەر ئەو بنەمایە بەیەکەوە دەبین، یان هەر بەخۆشی و بە ئاشتی دەبینە دوو دراوسێ.

**رووداو: ئێستا دەتوانی بڵێی نێو ماڵە تۆکمەکەی شیعەش درزی تێکەوت، ئایا رۆژی دابەشبوونی عێراق نزیکتر بووەتەوە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** عێراق لەسەر بنەمایەکی نادادپەروەرانە دروستکراوە، ئەوەش وایکردووە بەردەوام ئەگەری دابەشبوون لە عێراق نزیک بێت. ئەوەی لە عێراقدا نییە، هاووڵاتیبوونە. بەم شێوەیەی ئێستا یان دیکتاتۆرێکی بەهێز دەتوانێ عێراق بەڕێوەببات، یان دابەشبوونێک کە لایەنەکان رازی بن ببنە دراوسێیەکی باشی یەک. ساڵی 2003 گوتم عێراق لە چەند ئیسپرینگێک دەچێ کە دەستێکی بەهێز نیشاندوونی، ئێستا دەستە بەهێزەکە لابراوە و هەر ئیسپرینگە و بەلایەکدا دەپەڕێ.

شیعە خۆی بە خاوەنی هەموو عێراق دەزانێ، سوننە وادەزانێ دەوڵەتێکی بەدەستەوە بووە و لەدەستی چووە و دەبێ بگەڕێتەوە، کوردیش هەر خەون بە سەربەخۆییەوە دەبینێ. واتە هەستی هاوبەش لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا نییە و هەر بەناچاری بە یەکەوە ماون.

**رووداو: تۆ وەک ئەندام لە شاندی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدات کردووە، لە کاتی گفتوگۆکان جیاوازیی بۆچوونت لە نێوماڵی شیعە دەبینی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** بەڵێ، لەنێو شیعە و سوننە، جیاوازیی بۆچوون هەیە، بەڵام بۆچوونی موقتەدا سەدر زۆر پشتی پێ نابەسترێ. ئەمڕۆ قسەیەک دەکات و سبەی بەشێوەیەکی دیکەیە. بەشێوەیەکی گشتی شیعەکان لەوەدا کۆدەنگن کە یەک رەنگ بدەنەوە بە عێراق، ئەمڕۆش کە دەڵێن با دابەشکاریی لە پۆستەکاندا نەمێنێ، هەر بۆ ئەوەیە یەک رەنگ بدەنەوە بە عێراق.

**رووداو: ئێستا دۆخەکە بۆ کورد چۆنە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** گونجاوە. بەڵام دەبێ بە خێرایی دەست بکات بە رێکخستنەوەی نێوماڵی خۆی. دەزگا نیشتمانییەکانی بەگەڕبخاتەوە. تاوەکو ئارامی و سەقامگیری نەگەڕێتەوە، پێویست ناکات فراکسیۆنەکان بنێرینەوە بەغدا.

**رووداو: ئەوە سەرکردە ناکۆکەکانی کورد هاندەدات بۆئەوەی دەست بە گەڕێکی دیکەی دانوستاندن بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکان بکەنەوە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** رووداوەکە گەورەیە و خۆزگە هانی بدابان. راستییەکەی زەمینەیەکی باش بۆ کورد دروستبووە، بەڵام هەواڵی ناخۆش ئەوەیە کە ناوخۆمان گونجاو نییە. دەبێ دەزگاکان بکەونەوە کار و هێزی نیشتمانی دروستبکرێ.

**رووداو: ئیدی ئەوە عێراقە و پاش ماوەیەکی دیکە چاوەڕوان دەکرێ دیسان فراکسیۆنەکانتان بچنەوە بەغدا، ئەگەر نەچنەوە، ئایا گوشاری نێودەوڵەتی هەر دەمێنێ؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** بەڵێ، گوشاری نێودەوڵەتی تاوەکو کۆتایی دەمێنێ، بەڵام ئەگەر ئێمە لێرە ناوماڵی خۆمان چاک کرد، سەقامگیریی سیاسیمان دەستبەر کرد، شتەکان ئاسانن. ئێستا ئەگەر ناوماڵی خۆمان رێکبخەین، تەنیا یەک شتمان ماوە بۆ ئەوەی ببینە دەوڵەت، ئەویش دانپێدانانی نێودەوڵەتییە. بێگومان تەنیا دوو دەوڵەت دانمان پێدا بنێن، وردە وردە وڵاتانی دیکەش دانمان پێدادەنێن و ئەوەش کۆتایی دێ، بەڵام بە داخەوە هێشتا خۆمان ئامادە نین.

**رووداو: وا هەوڵەکانی ئێران بۆ هێورکردنەوەی ئاگرەکەی بەغدا دەستپێدەکەن، ئێران ئەوەی بە خێرایی پێدەکرێ؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** هەر گۆڕانکارییەکی

## عادل نوری دەتوانێ بگەڕێتەوە نێو فراکسیۆنی یەکگرتوو ئەگەر بەخۆیدا بچێتەوە

گەورە لە عێراق، ئێران بەبێ ئەمریکا ناتوانێ هیچ بکات و ئەمریکاش هەروا. بەڵام ئەو هەماهەنگییەی نێوان ئەمریکا و ئێران بەربەست نییە بۆ ئەوەی کورد دەیەوێ بەدەستی بێنێ، ئەگەر خۆمان بەیەکەوە بین و دڵنیایان بکەینەوە لەوەی دراوسێیەکی باشی شیعە و سوننە دەبین، بەڵام تاوەکو ئێستاش ئیدارەی تەنگژەکە هێشتا لە کۆنترۆڵی ئێران و ئەمریکادا ماوە و لەوانەیە پاش ماوەیەکی دیکە فەوزاکە بنیشێتەوە و پرۆسەکە بە هەڵبژاردنی پێشوەخت چارەسەر بکەن.

**رووداو: کەواتە پرۆسەکە ئارام دەبێتەوە و شێوازی ماڵئاوایی کورد لە پرۆسەی سیاسی عێراق لە کشاندنەوەی فراکسیۆنەکانەوە دەست پێناکات؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** نەخێر، سەرکردایەتیی سیاسیی کورد رێوشوێنەکە بەڕێوە دەبەن، سەرەتا تێگەیشتنێکی ئەرێنی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی عێراق دێننە ئاراوە و پاشتر دراوسێکانی عێراق و ئەوکات فراکسیۆنەکان دەتوانن بەپێی نەخشە رێگایەک بکشێنەوە.

**رووداو: ئەگەر دۆخەکە ئاوا درێژە بکێشێ، چاوەڕوانی چی دەکەی ؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** ئەگەری دروستبوونی شەڕی نێوان شیعەکان و کودەتای سەربازی هەیە، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە رێکبکەون لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت. زەمینەکە گونجاوە بۆ ئەوەی کودەتای سەربازی بکرێ.

**رووداو: بەدڵنیاییەوە کاتێک ناوی کودەتای سەربازی دەبرێ، زۆر کەس پێشبینی دەکەن مالیکی سەرکردایەتی بکات؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** هەرکەس بیکات زەمینەکە لەبارە. بەڵام بەهۆی داعشەوە دووریش نییە خوێنبەربوونی نێوخۆیی دروست ببێ. واتە داعش بیقۆزێتەوە. ئێستا لەم دۆخەی عێراقدا هەموو ئەگەرەکان کراوەن.

**رووداو: کورد لە کودەتای سەربازی عێراق دەترسێ؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** بەشێوەیەک لە شێوەکان بۆ ماوەیەک دۆخەکە دەئاڵۆزکێنێ، بەڵام مەترسی داعش و هەڕەشەی نێوخۆیی و شەڕی نێوخۆییش هەیە. بەدڵنیاییەوە ئەگەر کورد بە خێرایی نەکەوێتە خۆی، نێوماڵی خۆمان رێکنەخەینەوە، پریشکی ئەو ئاگرە دەگاتە کوردستان.

**رووداو: پشێوییەکانی بەغدا داعش بەهێز**

## هێشتا بارودۆخی عێراق لەژێر کۆنترۆڵی ئەمریکا و ئێراندایە

**دەکاتەوە بەرامبەر بەغدا؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** بێگومان، خەڵک یان سەربازی عێراقی بە چ رۆحییەتێک و چ گەرموگوڕییەک بەرەنگاری داعش ببێتەوە کە ببینێ نێوخۆی وڵاتەکەی چۆنە و نێوانی پارتە سیاسییەکان چۆنە و سەرکردەکان خەریکی چین؟ بەڵام مەترسییەکی گەورەتر لەسەر عێراق دروستدەبێ، ئەویش زۆربوونی میلیشیا و هێزی دیکەی وەک حەشدی شەعبییە. ئەوە ترسی گەورەی منە لە پشێوی نێوخۆیی عێراق. ترسی شەڕی نێوخۆ ترسە لە زۆربوونی میلیشیا .

**رووداو: پرسی دوورخستنەوەی عادل نوری لە فراکسیۆنەکەتان کۆتایی هات؟ ناگەڕێتەوە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** ئێستا ئەو لە دەرەوەی فراکسیۆنی یەکگرتووە، ئەگەر ئامادەبێ بە خۆداچوونەوە بکات و دان بەوەدا بنێ کە ئەوەی کردی هەڵە بوو، دەرگای یەکگرتوو و فراکسیۆنی یەکگرتوو والایە، ئەو کاتی خۆی سەربەخۆیانە رەفتاری کرد و رەچاوی بۆچوونی حیزب و یەکڕیزیی هێزە کوردستانییەکانی نەکرد. بەڵام پەیوەندی لە نێوان یەکگرتوو و ئەو نەپچڕاوە و دەتوانێ بگەڕێتەوە.

**رووداو: جارێکی دیکە دێمەوە سەر پەیوەندی نێوخۆی حیزبەکان، نەوشیروان مستەفا گەڕاوەتەوە و دۆخی بەغدا شڵەقاوە و هەندێک لە پرسەکان لە شوێنی خۆیان نەماون، گفتوگۆی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان دەستپێدەکەنەوە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** تەنیا دەتوانم بڵێم ئاواتەخوازم، ئینجا بە راستی ئەوەی هەیە و بووە زیاتر عینادی سیاسییە و شتێک نییە چارەسەر نەکرێ. گۆڕان و پارتی دەتوانن ئەوە تێپەڕێنن. من بۆچوونم وایە ئیدی کاتی ئەوە نەماوە لایەنەکانی کوردستان ململانێ بکەن. ئەگەر ئیرادەیان نەبێ، تەوقە و سڵاوکردن و تەلەفۆنکردن بۆ یەکتر دۆخەکە ناگۆڕێ. دەبێ ئیرادەیان هەبی بۆ چارەسەر. من دڵنیام دەتوانن چارەسەری بکەن، بەڵام ئەگەر خۆیان بیانەوێ.

رووداو کوردستانی
ژمارە (406) دووشەممە 2016/5/2



## لە پارێزگای گیلان کوردێک دەبێتە پەرلەمانتار

**رووداو- تاران**

بۆ یەکەمجار کوردێک دەبێتە نوێنەری پارێزگای گیلانی باکووری ئێران لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە، دوای ئەوەی بەسەر رکابەرە ئازەرییەکەیدا سەرکەوت. مەنووچەهر جەمالی، لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئێران توانیویەتی دەنگی پێویست بەدەستبهێنێت نوێنەرایەتی هەردوو شاری روودبارو مەنجیلی پارێزگای گیلان لە پەرلەمانی ئێران بکات. جەمالی بڕوانامەی دکتۆرای هەیە و کوردێکی گوندی سوسێفی عەمارلووە و لە روودبار خزمەتی کردووە. د.مەنووچەهر جەمالی لە سەر لیستی ریفۆرمخوازان خۆی کاندید کردبوو و رکابەرەکەشی سەمەد مەرعەشی بوو کە سەر بە ئوسولگەراکان بوو.

# ئاکپارتی و مەهەپە لەسەر حیسابی کورد لێکدی نزیک دەبنەوە

**رووداو – هەولێر**



رەجەب تەیب ئەردۆغان و دەوڵەت باخچەلی

تادێت پارتی دەسەڵاتداری دادوگەشەپێدان (AKP) و پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا (MHP) زیاتر لەیەکدی نزیک دەبنەوە. چاودێرانی سیاسی وای دەبینن کە ئامانج لەو نزیکبوونەوەیە چۆکدادانە بە کورد و لێدانە لە رکابەرانی سەرۆکی مەهەپە.

دوای ئەوەی رێژەی دەنگەکانی AKP لە هەڵبژاردنی 7ی حوزەیرانی 2015 گەیشتە خوار 40%. لە گوتار و سیاسەتی ئەو پارتەدا گۆڕانکاریی ریشەیی روویدا، سیاسەتی بادانەوە بەرەو گوتاری نەتەوەپەرستی پەیڕەوکرا، ئەوەش بووە سەرەتایەک بۆ ئەوەی MHP گوتارەکەی لەبەرامبەر ئاکپارتی نەرم بکات. دەوڵەت باخچەلی بەمە نەوەستا، بەڵکو پشتگیری خۆیشی بۆ هەموو هەنگاوێکی حکومەتی ئاکپارتی بۆ ئۆپەراسیۆنەکان و شەڕ لە باکووری کوردستان نیشاندا. کار گەیشتە ئەوەی باخچەلی کۆبوونەوەکانی فراکسیۆنی پارتەکەی لە پەرلەمانی تورکیا، لە جیاتی رەخنەگرتن لە ئەدای حکومەت، بکاتە مینبەرێک بۆ پشتگیری لە AKP.

### مێژووی مەهەپە

مەهەپە لە 9ی شوباتی 1969 دامەزراوە. ئەو پارتە تورک – ئیسلام بۆ خۆی دەکاتە نموونە و بەرگری لە نەتەوەی تورک دەکات. ئەلپئارسلان تورکیش کە وەکو رۆحی نەتەوەپەرستی تورک دەناسرێت، دامەزرێنەری ئەو پارتەیە و لەساڵی 1997یشەوە دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتەکەیە.

مەهەپە لە حەفتاکاندا رکابەرێکی سەرسەختی پارتی سەلامەتی میللی بوو کە ئەویش پارتێکی ئیسلامی بوو. ئاکپارتی لەسەر مێژوو و کولتووری فیکریی ئەو پارتە دامەزراوە. لەهەڵبژاردنی 7ی حوزەیرانی 2015دا مەهەپە 80 کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا، بەڵام هەڵبژاردن دووبارە کرایەوە و زۆربەی کورسییەکانی مەهەپە بۆ ئاکپارتی چوون، بە جۆرێک تەنیا 46 کورسی بەدەستهێنا.

جگە لە باکووری کوردستان کە مەهەپە پێگەی جەماوەریی تێدا نییە، لە هەموو ناوچەکانی دیکەی تورکیا، جەماوەری ئاکپارتی و مەهەپە، لە رووی کولتووری کۆمەڵایەتییەوە زۆر نزیکی یەکدین و ئاوێتە بوون، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی ئانادۆڵو کە زۆرترین ژمارەی دەنگدەری لێیە.

ئەو ئاوێتەبوونەی جەماوەری هەردوولا لەوانەیە هۆکارێکی سەرەکی بێ بۆ هەماهەنگیی ئەو دوو پارتە لەدوای 7ی حوزەیران. بەڵام چاودێرانی سیاسی پێیانوایە مەسەلەکە ئەوەی تێپەڕاندووە و پەیوەستە بە ویستی سەرکۆماری تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان و سەرۆکی مەهەپە دەوڵەت باخچەلی.

پرۆفیسۆر ئەحمەد ئۆزەر، پسپۆڕی سیاسەت و جێگری سەرۆکی زانکۆی تۆرس لە مێرسین بە (رووداو)ی گوت "لەدوای کودەتای ساڵی 1980، ئەلپئارسڵان تورکیش، لە زیندان گوتی (ئێمە لە زیندانین، بەڵام فیکرمان لە دەسەڵاتە) ئێستاش بەهەمان شێوەیە. مەهەپە ئۆپۆزسیۆنە، بەڵام ئەوەی بەهۆی ئۆپۆزیسیۆنبوونییەوە نەیتوانی بیکات، ئەردۆغان و حکومەتی ئاکپارتی دەیکەن".

ئەو مامۆستایەی زانکۆ پێیوایە هەماهەنگیی نێوان ئەردۆغان – باخچەلی لەسەر دوو بنەما دارێژراوە: "لەو کاتەی کورد دەستی خۆی لە ئەردۆغان کێشاوەتەوە، ئەردۆغان دەخوازێ هەستی نەتەوەپەرستانەی دەنگدەری مەهەپە بۆ خۆی رابکێشێت و بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەخت بدات. بەم جۆرە بە بەردێک دوو نیشان دەشکێنێ. یەکەمیان: دەخوازێ دەنگدەری مەهەپە بۆ خۆی رابکێشێ و زۆرینەی دەستووری دەستەبەر بکات. دووەمیشیان: بەهۆی گوشاری چەند کەسایەتییەکی ناو مەهەپە بۆ سەر باخچەلی کە داوای گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆ دەکەن و دەخوازن هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێت، باخچەلی دەخوازێ ئەردۆغان گوشار بخاتە سەر دادگا بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندیی رکابەرانی بڕیار نەدات".

### بۆ ئاکپارتی مەترسیدارە

لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیراندا ئەردۆغان گوتی "پرۆسەی چارەسەری کێشەی کورد هەڵواسراوە"، بەڵام لەم ماوەیەی دواییدا لە دوو کۆبوونەوەی فراکسیۆنی مەهەپەدا، دەوڵەت باخچەلی گوتی "پرۆسەی چارەسەری ژێرگڵ کرا"، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە ئاکپارتی هاتووەتە سەر خەتی مەهەپە لەمەڕ کێشەی کورد.

رەوشەن چاکر، نووسەر و شارەزای کێشەی کورد، هەرچەندە پێیوایە هەماهەنگیی ئاکپارتی – مەهەپە شتێکی نامۆ نییە، بەڵام دەڵێت "ئەگەر هەماهەنگی نێوان ئاکپارتی – مەهەپە تەنیا لەسەر بنەمای چارەسەری کێشەی کورد بە زەبری چەک و رێوشوێنی ئەمنی بێت، ئەوە مەسەلەکە بۆ ئاکپارتی مەترسیدارە".

چاکر لە شرۆڤەیەکیدا بۆ تەلەفزیۆنی (میدیا سکۆپ) دەڵێت "هەماهەنگیی ئاکپارتی – مەهەپە بەمشێوەیە لە بەرژەوەندیی هەردوولادا نییە. چونکە لەگەڵ کەمبوونەوەی جیاوازیی نێوانیان، ئاکپارتی لە بانگەشەیەکی زۆر گرنگ و ستراتیژی پاشگەز دەبێتەوە. ئەویش بانگەشەی چارەسەری کێشەی کوردە بەشێوەیەکی ریشەیی لە تورکیا. بۆیە چوونە سەر خەتی مەهەپە، مانای پاشگەزبوونەوەی ئاکپارتییە لەو بانگەشەیەی چەندین ساڵە دەیکرد".

رەجەب تەیب ئەردۆغان بەر لەوەی بگاتە دەسەڵات، سەرەتا خۆی لە لیبراڵەکانی تورکیا و دەنگدەری کورد نزیک کردەوە. بەتایبەتی لە خولی یەکەمی دەسەڵاتی وەکو سەرۆکوەزیران (2003 – 2007)، لە مەسەلەی بەرفراوانکردنی ئازادییەکان و گەیشتن بە پێوانەکانی یەکێتی ئەورووپا لەنزیکەوە هەماهەنگی لەگەڵ لیبراڵەکان هەبوو. لە سایەی ئەمەشدا ئەردۆغان لە چەند هەڵبژاردنێکی یەک بەدوای یەکدا دەنگی زیاتری بەدەستهێنا و هەژموونی خۆی بەسەر سیاسەت و دەوڵەتەوە زیاتر کرد. بۆیە پێدەچێت هەماهەنگیی ئەمجارەی لەگەڵ مەهەپە هەر بۆ هەمان مەبەست بێت.

ئارزوو یلماز، پسپۆڕی کێشەی کورد لە تورکیا و مامۆستای زانکۆ دەڵێت "مەسەلەی مەهەپە هەمان شتە، چ کاتێک ئەردۆغان خۆی لە مەهەپە نزیک دەکاتەوە؟ لەو کاتەی ئاکپارتی دەنگەکانی زۆر لە کورتی دا. بۆیە رۆژ لەدوای رۆژ خۆی لە جەماوەری مەهەپە و سەرۆکی مەهەپە دەوڵەت باخچەلی نزیک دەکاتەوە. دەبێت ئەمەش وەکو بەشێک لە سیاسەتی پراگماتیستانەی 13 ساڵەی ئەردۆغان ببینین".

یلماز پێیوایە لەو کاتەی ئەو خوێندنەوەیە بۆ هەماهەنگیی ئەو دوو پارتە دەکرێت، نابێت باس لە وردەکارییەک نەکرێت کە ئەو زۆر بە "گرنگ" وەسفی دەکات: "هەماهەنگیی ئەردۆغان لەگەڵ کورد و لیبراڵەکان لایەنێکی بەرفراوانی هەبوو، هەموو تورکیای دەگرتەخۆ. ئامانجەکەی ئەوە بوو تورکیا بکرێتە وڵاتێکی دیموکراسی، بەڵام هەماهەنگی لەگەڵ مەهەپە هەموو تورکیا ناگرێتەخۆ، بەپێچەوانەوە کوتلە دروست دەکات، ئامانج ئازادیی وڵات نییە، بەڵکو خێراترکردنی پرۆسەی تۆتالیتاریزەکردنی تورکیایە".

# "حیزبوڵڵا و داعش ئیسلامیان لەبەرچاوی کورد رەش کرد"

**رووداو- هەولێر**



مامۆستایەکی زانکۆی دیجلە لە باکووری کوردستان دەڵێت ترس لە ئیسلام (ئیسلامۆفۆبیا) لە نێو کورد پەیدابووە و حیزبوڵڵا و داعش و ئاکەپە رۆڵی بەرچاویان لە گەورەکردنی ئەو دیاردەیەدا هەبووە، بەڵام شارەزایانی نزیک لە ئاکپارتی و هەدەپە ئەو بۆچوونە رەتدەکەنەوە.

دیاردەی ترس لە ئیسلام (İSLAMOFOBİ) تایبەتە بە وڵاتە ناموسڵمانەکان و لەدوای هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەرەوە لە هەڵکشاندایە. لەگەڵ پەیدابوونی داعشیش گەیشتە لووتکە. مانگی شوباتی رابردوو شاری پێرمینگهام لە بەریتانیا میوانداریی گەورەترین رێپێوانی کرد کە بزووتنەوەی نیشتمانپەروەرانی ئەورووپا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسلام رێکیان خستبوو.

سەرەڕای ئەوەی ترسەکە زۆرتر لە رۆژئاوا باوە، بەڵام مامۆستایەکی زانکۆی دیجلە لە ئامەد بە گوێرەی توێژینەوەیەکی پێیوایە ئەو دیاردەیە لە باکووری کوردستانیش تا دێت زیاتر پەرەدەستێنێ.

پرۆفیسۆر محەممەد یانمیش مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی و ئایین لە زانکۆی دیجلە لە ئامەد دەڵێت، لە داهاتوویەکی نزیکدا یەکێک لەو بابەتانەی کە زۆر گفتوگۆی لەسەر دەکرێت ترس لە ئیسلام و توندڕەویی ئیسلامییە لەناوچەکەدا.

ئەو مامۆستایە بە (رووداو)ی گوت "بۆ تێگەیشتنی ترس لە ئیسلام چیدی پێویست ناکات بچینە رۆژئاوا، چونکە ئەو دیاردەیە لە ناوچەکەماندا پەیدا بووە و تەشەنە دەکات. ئێستا بەهۆی کردەوەکانی داعش، رق لە ئیسلام لە لووتکەدایە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەوانە هەبووە کە باوەڕیان بە ئیسلام هەیە و ناسنامەی ئیسلامیی خۆیان دەشارنەوە".

### حیزبوڵڵا ترسەکەی زیاتر کرد

بەبڕوای یانمیش، پرۆسەی دروستکردنی ترس لە ئیسلام لە باکووری کوردستان مێژوویەکی درێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکان "لە ساڵانی 1970 – 1980 نەتەوەپەرستانی کورد، لە دژی شێخ و سەیدی کورد دەستیان بە هەڵمەتێک کرد و گوتیان لەسایەی ئەوانەوە دەوڵەتی کوردی دروست نەبووە. کەموکوڕیی ئەوانیان قۆستەوە، بەمشێوەیە تۆی رق و کینەیان لە دژی ئیسلام چاند".

لەگەڵ پەرەسەندنی شەڕی PKK و سوپای تورکیا لە ساڵانی نەوەتەکان، حیزبوڵڵا کە خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی ئیسلامییە، هاتە نێو مەیدانەکە. لەگەڵ پەیدابوونی ئەو حیزبە بە هەزاران تاوانی بکەر نادیار، لەدژی کورد کران و پەنجەی تۆمەتیش بۆ حیزبوڵڵا رادەکێشرا.

ئەو مامۆستایەی زانکۆی دیجلە دەڵێت "بەهێرشەکانی حیزبوڵڵا لە نەوەتەکاندا زەمینەی نەفرەتکردن لە ئیسلام ئامادەکرا و ترس لە ئیسلام گەیشتە ئاستێکی باڵاتر". هەروەها دەڵێت "لەگەڵ پەیدابوونی داعش ترس لە ئیسلام گەیشتووەتە ئاستی هەرە باڵا".

### "ترس لە ئیسلام بووەتە دیاردە"

ئایا ترس لە ئیسلام بووەتە دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتی یان تەنیا چەند توێژێکی کۆمەڵایەتی گرتووەتەوە؟ یانمیش دەڵێت "بەدڵنیاییەوە بووەتە دیاردە. نەک تەنیا لەنێو ئەو گەنجانەی پەروەردەی عەلمانییان لە کۆلێژە تایبەتەکان بینیوە. خێزانەکانیش لە نەریتی ئیسلامی دوور دەکەونەوە".

یانمیش بۆ سەلماندنی ئەو راستییە باسی توێژینەوەیەکی خۆی لەسەر کۆمەڵە خوێندکارێک دەکات و دەڵێت "بەشێک لە قوتابییەکانم سەرپۆش ناکەن. لە دەرەوە نوێژ ناکەن، خۆیان لە گرووپ و رەمزە ئاینییەکان بەدوور دەگرن. خۆیان بە لیبراڵ نیشان دەدەن، کاتێک لێیان دەپرسم بۆچی ناسنامەی ئیسلامی خۆتان دەشارنەوە؟ دەڵێن لەترسی ئەوەی نەکا بە حیزبوڵڵا یان داعشیان بزانن".

### رۆڵی PKK لە دروستکردنی ئەم ترسە

لە سەرەتای هەشتاکاندا PKK مۆری خۆی لە هەموو گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی باکووری کوردستان داوە. ئەو پارتە ویستوویەتی بەگوێرەی پاشخانی فیکری و سیاسی خۆی کۆمەڵگا ئاراستە بکات. بۆ ئەمەش لە ساڵانی دروستبوونییەوە تاوەکو دەستگیرکردنی رێبەرەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەساڵی 1999، گوتارێکی توندی دژی ئیسلام گرتەبەر. بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای کوردی لە باکوور کۆمەڵگایەکی موسڵمان بوو، PKK نەیتوانی وەکو پێویست ئامانجەکانی بپێکێت. ئیدی PKK ناچار بوو جیهانبینی خۆی بەرامبەر ئیسلام بگۆڕێ.

محەممەد یانمیش کاریگەریی PKK لەسەر دیاریدەی ترس لە ئیسلام لە باکووری کوردستان بە کاریگەرییەکی گەورە وەسف دەکات و دەڵێت "PKK گوتاری خۆی بەرامبەر ئیسلام گۆڕیوە، بەڵام ئایدیۆلۆژیاکەی نەگۆڕیوە. ئەمڕۆ راستەوخۆ هێرش ناکاتە سەر ئیسلام، بەڵکو بەهۆی کردەوەکانی حیزبوڵڵا، داعش و بەمدواییەش ئاکپارتی رەخنە لە ئیسلام دەگرێت و دەڵێ ئەوانە موسڵمانن و زوڵم لە کورد دەکەن. PKK دەڵێ تورکیا، سعودیە و قەتەر پشتگیری داعش دەکەن کە موسڵمانن. لە شوێنی ئەوەی راستەوخۆ بڵێ ئیسلام خراپە، دەڵێ موسڵمانان خراپن. بە کورتی PKK ترس لە توندڕەویی ئیسلامی بەکاردێنێ و دەیکاتە هۆکار بۆ گەورەکردنی ترس لە ئیسلام".

یانمیش بەسەرهاتی مامۆستایەکی هاوڕێی دەگێڕێتەوە و دەڵێت "مامۆستایەکی بە دینە. خێزانەکەی سەرپۆش بوو، کاتێک داعش پەیدابوو ناچاربوو گەڕەکەکەی بگۆڕێت. چونکە گەنجانی گەڕەک تانەیان لێدەدا. ئەو گەنجانەی تانە لەو ئافرەتە دەدەن بێدین نین، دوژمنی ئیسلام نین، بەڵام حیزبوڵڵا و داعش و پڕوپاگەندەی PKK ئەوەندە کاری تێکردوون بە هەر کەسێکی نوێژکەر دەڵێن داعش".

بەبڕوای یانمیش، نەوەی داهاتوو زیاتر لە ئیسلام دووردەکەوێتەوە "چونکە دابونەریتی ئاینی لەنێو کۆمەڵگای کوردی ئەو هێزەی جارانی نەماوە. ئەو گرووپە ئایینیانەی خۆیان بە هاوچەرخ نیشاندەدەن ئەو هێزەیان نییە تا بۆشاییەکە پڕبکەنەوە".

### ئاکپارتی و هەدەپە ترس لە ئیسلام رەتدەکەنەوە

ئاکپارتی و هەدەپە دوو ئەکتەری سیاسی سەر گۆڕەپانی باکووری کوردستانن، لەهەموو شتێکدا پێچەوانەی یەکدی بیردەکەنەوە، بەڵام لە مەسەلەی ئیسلامۆفۆبیا هاوڕان.

پرۆفیسۆر مەزهەر باغڵی مامۆستای زانکۆ و پەرلەمانتاری پێشووی ئاکپارتی بە (رووداو)ی گوت "لە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکاندا ترسێکی بەم جۆرە نییە. ئیسلام ئاستەنگە لەبەردەم ئەو گرووپانەی بەدوای دروستکردنی فاشیزمی کوردیدا دەگەڕێن. بۆیە ئەوانە هەوڵ دەدەن ئیسلام ناشیرین بکەن".

هەروەها حەسەن ئۆزگونەش، کاندیدی هەدەپە لە هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی تورکیا کە چەندین لێکۆڵینەوەی لەبارەی ئیسلام و کۆمەڵگای کوردی کردووە، بە (رووداو)ی گوت "کردەوەکانی داعش کردەوەی ئیسلام نین. مامۆستایانی ئاینی کورد خەڵک هۆشیار دەکەنەوە و پێیان دەڵێن ئیسلامی راست چییە، لەبەر ئەوە کۆمەڵگای کوردی لە ئیسلام ناترسێ". هەروەها دەڵێت "هەدەپە خۆی بە پارتێکی عەلمانی دەزانێت، بەڵام زۆربەی گەنجانی هەدەپە نوێژ دەکەن. هیچ کاتێک ناسنامەی موسوڵمانیی خۆیان ناشارنەوە".

سەلاحەددین بەهائەدین بۆ یەکگرتووەکانی دهۆک:

# یەکگرتوو وەکو لاشەیەکی مردووی لێهاتووە دەبێ زیندوو بکرێتەوە

دیندار نەجمان: نەدەبوو مامۆستا سەلاحەددین ئەو قسەیە بکات

ئەندامێکی سەرکردایەتی: زۆربەی کادرانی یەکگرتوو دەنگ بە مامۆستا سەلاحەددین دەدەن

عوبەید ڕەشائەیی
ڕووداو- دهۆک

دوای چوار ساڵ دابڕان لە بەرپرسیارێتی نێو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، سەلاحەددین محەممەد بەهائەددین دەیەوێ جارێکی دیکە بەرزترین دەسەڵاتی ئەو حیزبە کە ئەمینداری گشتییە بگرێتەوە دەست، هەر لە ئێستاشەوە کاری بۆ دەکات و یەکەم هەنگاویش لە بادینانەوە دەستی پێکرد، چونکە یەکگرتووەکانی بادینان دەبنە سەنگی مەحەک بۆ دیاریکردنی ئەمینداری داهاتووی یەکگرتوو.

یەکگرتووی ئیسلامی بڕیاری داوە ڕۆژی 2016/5/26 حەوتەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێ، سەلاحەددین محەممەد بەهادین کە لەسەرەتای دامەزراندنی یەکگرتووەوە لە ساڵی 1994 تاوەکو ساڵی 2012 ئەمینداری ئەو حیزبە بوو، بڕیاری داوە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە لوتکەی دەسەڵات.

ئەمینداری پێشوو هەفتەی ڕابردوو بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە پارێزگای دهۆک مایەوە و لەگەڵ کەسایەتی و ئۆرگانەکانی یەکگرتوو کۆبوونەوەی چڕوپڕی کرد و پرۆژەی داهاتووی خۆی بۆ کادیرانی یەکگرتوو ئاشکرا کرد.

### بادینان پۆستی ئەمیندار یەکلایی دەکاتەوە

عوسمان یونس، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو لە بادینان پێیوایە سەردانەکەی سەلاحەددین بەهائەددین کاریگەری لەسەر کادیرانی یەکگرتوو هەبووە و دەڵێت "دوای سەردانی مامۆستا سەلاحەددین بۆ دەڤەری بادینان، لەو باوەڕەدام 90%ی کادیرانی یەکگرتوو لەو دەڤەرە دەنگی پێدەدەن".

بەپێی زانیاریی (ڕووداو)، لە کۆنگرەی داهاتووی یەکگرتوودا نزیکەی 35%ی ئەندامانی کۆنگرە لە دەڤەری بادینان دەبن و دەتوانن پۆستی ئەمیندار لە بەرژەوەندیی یەکێک یەکلایی بکەنەوە. دیندار نەجمان دۆسکی کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکگرتوو، بە (ڕووداو)ی گوت "هەموو جارێک پێش کۆنگرە بادینان خۆی یەکلایی دەکاتەوە دەنگ بە کێ دەدەن".

ئەمینداری پێشووی یەکگرتوو لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ ڕێکخستن و کادرانی یەکگرتوو نیازی خۆکاندیدکردنەوەی لە کۆنگرەی داهاتوودا ڕاگەیاند و بەرنامەی خۆشی ئاشکرا کرد.

سامی ئەترووشی، ئەندامی سەرکردایەتی دەڤەری بادینان، کە یەکێک بوو لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکانی سەلاحەددین بەهائەددین، ناوەڕۆکی بەرنامەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "مامۆستا زۆر بە ڕوونی باسی ڕاگرتنی هاوسەنگیی ئیمتیازاتی نێوان دەڤەری بادینان و سلێمانی کرد، هەروەها باسی سیاسەتی بانگخوازی و کاری سیاسی لەناو یەکگرتوو، پێدانی پۆستی حکومی لەسەر بنەمای ڕێژەی دەنگدان بۆ هەر پارێزگایەک و پۆستی حیزبیش لە سەرکردایەتی حیزب لەسەر بنەمای قەبارەی ڕێکخستنەکان کرد، بۆ ئەوەی هیچ دەڤەرێک هەست بە مەغدووری نەکات".

دیندار نەجمان دۆسکی یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکگرتوو گلەییەکانی سەرکردایەتی دەڤەری بادینان بە شتێکی ڕەوا دەزانێت و دەڵێت "دادپەروەری لە دابەشکردنی پۆستدا لە نێوان دەڤەرەکاندا نەبوو".

هەندێک لە کادیرانی یەکگرتوو لە ئەدای ئەمینداری ئێستای یەکگرتوو ڕازی نین، بۆیە پێیان باشە ئەمینداری پێشوو بگەڕێتەوە.

قاسم حوسێن، بەرپرسی پێشووی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو لە بادینان ڕەخنە لە کاری چوار ساڵی ئەمینداری ئێستای یەکگرتوو دەگرێت و دەڵێت "چوار ساڵی ڕابردوو خراپترین ماوە بووە لەمێژووی یەکگرتوودا، یەکگرتوو تووشی زۆر هەڵە و شکست بوو".

بەڵام غازی سەعید، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو و کادری دیاری بادینان لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نییە و دەڵێت "دەبێ هەڵسەنگاندن بکرێت، بەڵام غەدر لە دهۆک کراوە و مەکتەب سیاسی و خودی ئەمینداری ئێستا لەو غەدرە بەرپرسن".

عوسمان یونس باسی پشکی یەکگرتووەکانی بادینان دەکات لە سەرکردایەتی یەکگرتوو و دەڵێت "پێویستە لە کۆی 35 ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو 11یان خەڵکی بادینان بن، هەروەها لە 11 ئەندامی مەکتەبی سیاسی چواریان خەڵکی بادینان بن، لەگەڵ پۆستێکی دیاری نێو یەکگرتوو".

غازی سەعید، بەشێک لەو گۆڕانکاریانەی ئاشکرا کرد کە بڕیارە لە کۆنگرەی حەوتدا قسەیان لەسەر بکرێ و گوتی "هەردوو پۆستی یاریدەدەر نامێنن، لەگەڵ لیژنەی ڕاوێژکاری، چوار ئەندامی کارای مەکتەب سیاسی دەبێ ئیشیان هەر کاری حیزبی بێت، لیژنەیەک بۆ پلانی ستراتیژی حیزب دادەمەزرێت، ناوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەڤەرەکانیش دەبێتە پارێزگا".

### سیناریۆیەکی مەترسیدار

عوسمان یونس، باس لە سیناریۆیەکی مەترسیدار دەکات و دەڵێت "لە کۆنگرەی شەشەمی یەکگرتوو یەکگرتووانی دهۆک بڕیاریان دا دەنگ بە محەممەد ڕەئوف بدەن، دوای ئەوەی کە سەرکردایەتی یەکگرتوو لە سلێمانی بەمەیان زانی، دەنگیان بە محەممەد فەرەج دا و دەرچوو، بۆیە ئێستا ڕەنگە ئەو سیناریۆیە دووبارە ببێتەوە".

بەڵام سامی ئەترووشی دەڵێت "کادرانی یەکگرتوو لە بادینان لە مامۆستا سەلاحەدینیان پرسی، لە نێوان ئەو و کاک محەممەد فەرەج هیچ گرژییەک لە کۆنگرەی داهاتوودا دروست نابێ کە کار بکاتە سەر ناوخۆی حیزب، ئەویش گوتی بەڵێن بێت ئەوە دروست نەبێ، هەر کە لە دهۆک گەڕامەوە دەچم سەردانی مامۆستا محەممەد فەرەج دەکەم و ئێمە براین".

سەلاحەددین محەممەد بەهائەددین دوای گەشتەکەی بۆ دهۆک، ڕۆژی 2016/4/28 سەردانی محەممەد فەرەج، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی کرد. سەلاحەددین بەهائەدین لە پەیجەکەی خۆیدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نووسیویەتی "لە دیدارێکی برایانەدا تاوتوێی پرسە کوردستانی و عێراقیەکان کرا، هەموو لایەک جەختیان لە پتەوترکردنی برایەتی و خۆشەویستی نێوخۆی یەکگرتوو کردەوە لەپێناو ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی شایستە بە ئایندەی یەکگرتوو لە چوارچێوەی کێبڕکێیەکی تەندروست و پتەوترکردنی نەریتی دیموکراسیانە".

هەر لە سەردانەکەی بۆ شاری هەولێر لەگەڵ چەندین بەرپرسی دیکەی یەکگرتوو لەوانەش محەممەد ڕەئوف کە ڕەنگە یەکێک بێ لە کاندیدەکانی ئەمیندار لە کۆنگرە کۆبووەتەوە.

بەڵام ژمارەیەک لە کادیرانی یەکگرتوو لەگەڵ گەڕانەوەی سەلاحەددین بەهادین نین بۆ لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتی یەکگرتوو، تەنانەت ڕەخنە لە لێدوانێکیشی دەگرن.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتوو دەڵێت "مامۆستا سەلاحەددین پێیگوتین یەکگرتوو لە چوار ساڵی ڕابردوودا وەکو لاشەیەکی مردووی لێهاتووە دەبێ زیندوو بکرێتەوە. بەڕاستی ئەو قسەیە بۆ مامۆستا جوان نەبوو".

دیندار نەجمان تێبینی لەسەر ئەو قسەیە هەیە و دەڵێت "نەدەبوو مامۆستا ئەو قسەیە بکات، ئەو ڕووداوانەی لەسەردەمی مامۆستا محەممەد هاتوونە پێش، لە سەردەمی مامۆستا سەلاحەددین نەهاتنە پێش، تاوەکو ئەو بەراوردکارییە بکرێت، لەسەردەمی هەردووکیان خاڵی ئیجابی و سلبی هەبوون".



"چەند بەرپرسێکی مەسیحی لە دهۆک تۆمەتبارن بە گەندەڵی"

دادوەری دەستەی دەستپاکی لە دهۆک بۆ ڕووداو:

# لەبەر تەلەفۆنی بەرپرسان خەریکە مۆبایلەکەم دادەخەم

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا، فەرمانی دەستبەسەرکردن بۆ چەند بەرپرسێکی حکومی لە دهۆک بە تۆمەتی گەندەڵی دەربچێ. چەند بەرپرسێکی حکومیش کە کریستیانن، تۆمەتی گەندەڵییان دراوەتە پاڵ، بەڵام ئێستا لە دەرەوەی وڵاتن. دادوەری دەستەی دەستپاکیش لە شاری دهۆک دەڵێت پرۆسەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ گەندەڵکاران بەردەوام دەبێ.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە، لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا ڕایگەیاند کە چاکسازی لەنێو حکومەت و حیزبەکەیدا دەکات، بۆ ئەمەش داوای لە ڕێکخستنەکانی حیزبەکەی کرد کە لە سەرجەم لقەکانەوە زانیاری بۆ بنێرن لەسەر ئەو کەسانەی گومان دەکرێت لە گەندەڵییەوە تێگلابن.

لە یەکەم هەنگاوی پراکتیکیدا، ڕۆژی 26ی مانگی ڕابردوو بە فەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوەی دەستەی دەستپاکیی دهۆک، بڕیاری دەستگیرکردن بۆ نۆ بەرپرسی حکومی لە پارێزگای دهۆک دەرچوو کە گومان دەکرێ گەندەڵییان کردبێ. لە نێو ئەو بەرپرسانەشدا ناوی هەریەک لە سەرۆکی پێشووی شارەوانیی دهۆک و سەرۆکی پێشووی شارەوانیی شێخان و چەند ئەندازیارێکی شارەوانی زاویتە هەیە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ئەو بەرپرسانە لە بنکەکانی پۆلیس ئیفادەیان لێ وەرگیراوە و دواتر بە کەفالەت ئازادکراون تاوەکو ڕۆژی دادگایی.

دادوەر سدقی سەلیم خان، دادوەری لێکۆڵینەوە لە دەستەی دەستپاکیی دهۆک، زانیاری نوێی لە باری بەردەوامی ئەو پرۆسەیە دایە (ڕووداو) و گوتی "دوای دەرچوونی بڕیاری دەستگیرکردن بۆ ئەو نۆ بەرپرسە، ڕۆژانە چەندین تەلەفۆنم لەلایەن بەرپرس و کەسایەتی دیاری دهۆکەوە بۆ دێت، هەموویان داوای هاوکاری و ئاسانکاری دەکەن لە دۆسیەی ئەو کەسانەی تۆمەتبار کراون بە گەندەڵی، تەنانەت زۆرجار دەگاتە ئەوەی خەریکە تەلەفۆنەکەم دابخەم".

ناوبراو ڕەتیکردەوە کە هیچکام لە تەلەفۆنەکان بە مەبەستی هەڕەشە کرابن و دەڵێت "زۆریان پرسیار دەکەن کە ناوی چ بەرپرسێکی دیکەی تێدایە".

دوای دەستگیرکردنی ئەو نۆ بەرپرسە، ئێستا لەنێو شاری دهۆک دەنگۆی ئەوە هەیە، چەند بەرپرسێکی پێشووی حکومەت کە گومان دەکرێت گەندەڵییان کردبێ، چوونە دەرەوەی کوردستان، بەڵام دادوەر سدقی سەلیم خان دەڵێت "پێش ئەوەی دەست بە لێکۆڵینەوە بکەین، ئەوەندەی من بزانم چەند بەرپرسێکی حکومی کە کریستیانن، ماوەیەک لەمەوبەر چوونەتە دەرەوەی وڵات، هەندێک لەوانە تۆمەتی گەندەڵییان لەسەرە، بەڵام تاوەکو ئێستا گەشتکردن لە هیچ بەرپرسێکی حکومی و حیزبی لە دهۆک قەدەغە نەکراوە".

بەگوتەی سەلیم خان، مەرج نییە هەموو ئەو بەرپرسانەی ناویان دێت یان بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەردەچێ گەندەڵییان کردبێ و گوتی "هەر کەسێک بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو، یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا، مانای ئەوە نییە کە گەندەڵیی کردووە، لەوانەیە هەندێک لەوان تەنیا گومانیان لێبکرێ و ڕەنگە دوای لێکۆڵینەوە گومانەکە ڕاست دەرنەچێ".

ئەو پرۆسەیە تەنیا پەیوەست نییە بە شاری دهۆک، بەر لە دەستگیرکردنی ئەو نۆ کەسە لە دهۆک، شەش فەرمانبەری دیکە لە هەولێر دەستگیرکران، لەوانەش سەرۆکی بانکی ناوەندیی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی. هەروەها لە سلێمانیش بڕیاری دەستگیرکردن بۆ بەڕێوەبەری پێشووی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆچبەران دەرچوو.


دادوەر سدقی سەلیم خان، دادوەری لێکۆڵینەوە لە دەستەی دەستپاکیی دهۆک دەڵێت، پرۆسەکە تەنیا بە گرتنی ئەو چەند کەسە کۆتایی نایەت و بەردەوام دەبێت "پرۆسەکە لێرە کۆتایی نایەت، بەڵکو بەردەوام دەبێت، لەوانەیە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ناوی ژمارەیەک لە بەرپرسی دیکەش ڕابگەیێنین".



دادوەر سدقی سەلیم خان: لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ناوی ژمارەیەک بەرپرسی دیکەش ڕادەگەیێنین

دوای دەستگیرکردنی ئەو نۆ تۆمەتبارە، فەرهاد ئەترووشی پارێزگاری دهۆک ڕایگەیاند، دەستگیرکردنی ئەو نۆ بەرپرسە بەبێ ئاگاداری ئەوان بووە و گوتی "ئێمە پشتگیری لە گەندەڵکاران ناکەین، بەڵام بۆ ئەو پرسانە دەبێ هەماهەنگی لەگەڵ ئێمە بکرێ".

سەبارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارەی پارێزگای دهۆک بۆ دەستگیرکردنی ئەو تۆمەتبارانە، دادوەرەکەی دەستەی دەستپاکی دەڵێت "ئێمە هەماهەنگیمان لەگەڵ هەموو داوودەزگاکانی دهۆک هەیە، هەموویان هاوکاریی ئێمە دەکەن، بەڵام ئێمە دەستەیەکی سەربەخۆین و وەکو ئیداری هیچ پەیوەندیمان لەگەڵ ئیدارەی پارێزگای دهۆک نییە".



## بازرگانانی سلێمانی پڕۆژەیان بۆ قەیرانی دارایی هەیە

**رووداو- سلێمانی**

ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانی پڕۆژەیەکیان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان ئامادەکردووە و لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاوی دەکەنەوە. سیروان محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند پڕۆژەکەیان بەهاوکاری ئەندامانی ژوور و چەند ئابووریناسێک و مامۆستایانی زانکۆ ئامادە کردووە "ئێستا تەنیا ئەوەندە ئاشکرا دەکەین کە پڕۆژەکە چارەسەری کورتخایەن و درێژخایەنی بۆ قەیرانی دارایی خستووەتەڕوو، لە داهاتوویەکی نزیکدا و لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا بڵاویدەکەینەوە و وێنەشی دەدەینە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینن".

# هەولێر بە "داری بیبەر" لە کۆنترۆڵکردنی تۆز و دووکەڵ دەکۆڵێتەوە



**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بۆ کەمکردنەوەی تۆز و دووکەڵ لە هەوادا، بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر لە هەوڵی زیادکردنی نەمامی داری بیبەری جوانیدایە کە دارێکی هەمیشە سەوزە و بەرگەی ساردیی زۆر و پلەی گەرمیی بەرز دەگرێت و توانای هەڵمژینی تۆز و دووکەڵی هەیە.

داری بیبەری جوانی، دارێکی مام ناوەند و هەمیشە سەوزە، ناوە زانستییەکەی (Schinus molle)یەو نیشتمانی رەسەنی ئەم دارە ئەمریکای باشوورە، ئەم دارە گەشەی خێرایە و بەرگەی وشکی و ساردیی زۆر دەگرێت، گەڵاکەی بۆنێکی خۆشی هەیە و بەرەکەشی لە پیشەسازیی پزیشکی و بەهاراتدا بەکاردێت.

مەقسود خالید، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر، باسی بیرۆکەی توێژینەوە و گەشەپێدانی داری بیبەری جوانی لە کوردستان دەکات و دەڵێت "پێشتر لە کوردستان بە پلەی یەک داری کالیپتۆس دەچێنرا کە ئاوێکی زۆری دەوێت و زووش دەشکێ، بۆیە داوامان لە رێکخراو و کۆمپانیاکانی بواری کشتوکاڵ کرد کە چەند دارێکمان بۆ بهێنن گەشەی خێرا بێت، ئەوانیش داری (بەمبەری، پۆلۆنیا، بیبەری جوانی) یان پێشنیاز کرد، توێژینەوەمان لەسەر هەردوو داری پۆلۆنیا و بیبەری جوانی کرد و دەرکەوت زۆر گونجاون بۆ کەشوهەوا و ئاو و خاکی کوردستان، بەڵام بەهۆی هەمیشە سەوزی و تایبەتمەندییە باشەکانی، زیاتر داری بیبەرمان پەسەند کرد".

بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر کە ماوەی دوو ساڵە توێژینەوە لەسەر ئەو دارە دەکات، بۆی دەرکەوتووە دارەکە بەرگەی پلەی گەرمیی سەرووی 50 پلەی سەدی و پلەی ساردیی 20 پلەی ژێر سفر دەگرێت، هەروەها توانایەکی زۆر باشی بۆ هەڵمژینی دووکەڵ و تۆز هەیە.

ئەو دارە گەشەی زۆر خێرایەوە و 5-15 مەتر بەرز دەبێتەوە. دارەکە هیچ پەیوەندی بە بیبەری ئاساییەوە نییە، بەڵام بەرێکی سووری وەکو بیبەر دەگرێ، بۆیە بەناوی داری بیبەری جوانی ناوی رۆیشتووە.

دوای دڵنیابوون لەگونجاویی ئەم درەختە لەگەڵ کەشوهەوای کوردستان، ئێستا بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر توێژینەوە لەسەر شێوازی زیادکردنی ئەم درەختە دەکات.

خەرامان نادر، بەڕێوەبەری هۆبەی دارستان و پاوان لە بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر کە سەرپەرشتی توێژینەوەی پەرەپێدان و زیادکردنی داری بیبەری جوانی دەکات، دەڵێت "لەئەنجامی توێژینەوەکان دەرکەوتووە زیادکردنی ئەم دارە بەرێگەی تۆو سەرکەوتووە، بەڵام بەهۆی بچووکی و گوڵنەکردنی دارەکانی خۆمان، ساڵی رابردوو تۆومان دەستنەکەوت، بۆیە هەوڵمان دا رێگەیەک بۆ زیادکردنی بەشێوەی قەڵەم بدۆزینەوە. قەڵەمەکانمان بە دوو رێگەی جیاواز چاند لەنێو خانووی داری سێبەر بەکیسی نایلۆنی رەش و لەنێو خانووی پلاستیکی بەشێوەی پلۆتی جیاواز".

داری بیبەری جوانی یان بیبەری گەڵا باریک کە هەندێجاریش بە بیبەری شەرمن ناوی دەبرێت، درەختێکی هەمیشە سەوزە، هەرچەندە درەختەکە بە سروشتی خۆی شێوەیەکی هەڕەمیی هەیە، بەڵام دەتوانرێت بەهەڵپاچین دیکۆری لێ دەربهێنرێ، بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەشی وەک دارێکی جوانی لە پارک و باخچەی ماڵان دەچێنرێت.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو درەختە لەوەدایە کە توانای زۆر باشی بۆ هەڵمژینی تۆز و خۆڵ و دووکەڵ هەیە و دەتوانێ خۆی لەگەڵ کەشوهەوای جیاواز بگونجێنێ، بۆیە لە ئەمریکا و ئوستралیا بە زۆری لەسەر شۆستەی شەقامە سەرەکییەکان دەچێنرێت.

خەرامان نادر دەڵێت "بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە باشانەی ئەم دارە هەیەتی، ئێمە زۆر مەبەستمانە ئەم دارە لە کوردستان زیاد بکەین، بۆیە بەردەوام دەبین لە توێژینەوە تا رێگەیەکی گونجاو بۆ بەرهەمهێنانی نەمامی دارەکە بدۆزینەوە".

گەڵا و قەد و بەری ئەم درەختە لە بواری پزیشکیدا بۆ چارەسەری برین و هەوکردن بەکاردێت، ئەویش بەهۆی بوونی مادەی دژە بەکتریا لە پێکهاتەکەیدا، هەروەها بۆ چارەسەری رۆماتیزم و کەمکردنەوەی ئازاری سووڕی مانگانەی ئافرەتانیش بەکاردێت، خواردنی گەڵاکەشی گرفتی هەرسکردن چارەسەر دەکات.

بەپێی هەندێ توێژینەوە دەرکەوتووە لە پێکهاتەی گەڵای درەختەکەدا بۆنێک هەیە کە مێش و مێروولە زیانبەخشەکان ناتوانن لێی نزیک ببنەوە، بۆیە دەتوانرێت ئەم مادەیە لە پیشەسازیی دەرمانی قڕکەری مێرووە زیانبەخشەکان بەکاربهێنرێ.

خەرامان نادر دەڵێت "جگە لە گەڵاکەی، قەدی ئەم درەختەش جۆرە مادەیەکی تێدایە کە بەهیچ شێوەیەک مۆرانە ناتوانێت وەک درەختەکانی دیکە لێی نزیک ببێتەوە، ئەم تایبەتمەندەش وادەکات درەختەکە پارێزراو بێت لە زیانی مێرووە زیانبەخشەکان".

داری بیبەری جوانی لە خێزانی ئەناکارداسیایە کە داری سماق و فستەق لە هەمان خێزانن، بۆیە گەڵا و قەدەکەی هەندێ تایبەتمەندی ئەم دوو دارەی هەیە.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم دارە ئەوەیە مادەیەکی هاوشێوەی سیکۆتین دەردەکات کە بۆ پاککردنەوە بەکاردێت و دەشتوانرێت وەک بنێشت سوودی لێ ببینرێت، بەتایبەت بۆ ئەوانەی هەستیاریی شەویلگەیان هەیە.

چنوور عەلی ئەحمەد، مامۆستا لە فاکەڵتی زانستە کشتوکاڵییەکانی زانکۆی سلێمانی کە ماستەری لە چاودێری و بەرهەمهێنانی رووەکی جوانیدا هەیە، دەڵێت "تاوەکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر ئەم دارە نەکراوە، بەڵام ئەم دارە بەر لەچەند ساڵێک لەلایەن کۆمپانیای جەبەل لوبنان هێنراوەتە سلێمانی و لە شەقامە سەرەکییەکان چێنراوە، بەرگەی ساردی و گەرمی و رەشەبای سلێمانی گرتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین چاندنی لە کوردستان سەرکەوتووە".

## بەهۆی پاکنەکردنەوەیان

# ئاگر هەڕەشە لە دارستانەکانی کوردستان دەکات

### ساڵی رابردوو 314 هەزار و 462 دۆنم دارستان و پاوان و رەز سووتاون

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەهۆی پاکنەکردنەوەی دارستانەکان و کەڵەکەبوونی گژوگیا و پووشێکی زۆر لە نێویاندا، بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ هۆشداری زیادبوونی هەڕەشەی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکان دەدات.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە شەش ساڵی رابردوودا زیاتر لە 750 هەزار دۆنم دارستان، پاوان، رەز و باخ لە هەرێمی کوردستان سووتاون. زۆرترین رووبەری سووتاویش لە ساڵی رابردوو بووە کە 314 هەزار و 462 دۆنم بووە.

هەرێمی کوردستان هاوینێکی وشک و درێژ و گەرمی هەیە کە رادەی شێ تێیدا زۆر دادەبەزێت، بۆیە زۆرترین ئاگرکەوتنەوە لەم وەرزەدا روودەدات، بۆ کەمکردنەوەی ئەو مەترسییە، دارستانەکان پێویستیان بە پاککردنەوە و دروستکردنی ئاگربڕ دەبێت، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە ماوەی دوو ساڵە حکومەت نەیتوانیوە بودجەی پێویست بۆ پاککردنەوەی دارستانەکان و دروستکردنی ئاگربڕ دابین بکات، هەر بۆیە ساڵی رابردوو وەزارەتی کشتوکاڵ هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ پاککردنەوەی بەشێک لە دارستانەکان لەڕێگەی فەرمانبەرانیەوە راگەیاند.

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی رەزگەری و دارستان و پاوانی هەرێمی کوردستان، ئاگرکەوتنەوە بە یەکێک لە گەورەترین مەترسییەکانی سەر کەمبوونەوە و لەناوچوونی دارستان لە هەرێمی کوردستان وەسف دەکات و دەڵێت "بەهۆی ئاگرکەوتنەوە ساڵانە بە هەزاران دۆنم لە دارستانی سروشتی و دەستکرد لەنێودەچن". بۆیە پێیوایە گەورەترین هەڵمەت کە پێویستە خەڵک و لایەنە پەیوەندیدارەکان و رێکخراوەکانی تایبەت بە ژینگە بیکەن، پاککردنەوەی دارستان و دروستکردنی ئاگربڕە بۆیان "بەڵام بەداخەوە رێکخراوەکان تەنیا گرنگی بە نەمام چاندن دەدەن". حوسێن حەمە کەریم وای گوت.

شێوازە کلاسیکییەکەی کۆنترۆڵکردنی ئاگرکەوتنەوە، فراوانبوونی رووبەری دارستانەکان، نەبوونی رێگاوبان بە تایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکان، بوونی مینی چێنراو لە نێو دارستانەکان، تۆپبارانەکانی ئێران و تورکیا، وایان کردووە کە ساڵ بەساڵ ئاگرکەوتنەوە زیاتر بێت.

بەپێی بەدواداچوونێکی وەزارەتی کشتوکاڵ، تەنیا لە ساڵی رابردوودا لە سنووری پارێزگای هەولێر و دهۆک، 135 هەزار و 314 دۆنم لە دارستان و پاوان بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە و تۆپبارانەکانی ئێران و تورکیاوە سووتاون.

حوسێن حەمە کەریم دەڵێت "هۆکارەکانی ئاگرکەوتنەوە زۆرن، بەڵام زۆربەی ئاگرکەوتنەوەکان لە ئەنجامی کەمتەرخەمی، دەستی ئەنقەست، تەقینەوەی مین، تۆپباران روودەدەن".

بەپێی خەمڵاندنی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەرێمی کوردستان خاوەنی 5 ملیۆن و 120 هەزار دۆنم دارستانی سروشتی و دەستکرد، 6 ملیۆن و937 هەزار دۆنم پاوان و نزیکەی 262 هەزار دۆنم رەز و باخە.

بۆ خەمڵاندنی زیانە ئابوورییەکان و هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکان لە ساڵی 2010 وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لیژنەیەکی بەدواداچوونی پێکهێنا، لیژنەکەش بۆ سووتانی دۆنمێک دارستان ملیۆنێک و 800 هەزار دینار، دۆنمێک رەز و باخ 6 ملیۆن دینار، دۆنمێک پاوان 50 هەزار دیناری دیاری کردووە. بەپێی ئەو پێوەرانەی وەزارەتی کشتوکاڵ بێت، تەنیا زیانی ئاگرکەوتنەوەکانی ساڵی رابردوو زیاتر لە 455 ملیار و 550 ملیۆن دینار بووە.

بەپێی ئاماری شەش ساڵی رابردووی وەزارەتی کشتوکاڵ، زۆرترین رووبەری سووتاو لە سنووری پارێزگای سلێمانی بووە. بە جۆرێک لەو 750 هەزار دۆنم دارستان و پاوانەی لە هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی رابردوودا سووتاون نزیکەی 55.8%ی لە سنووری ئەو پارێزگایە تۆمارکراوە.

جەمال رەشید، بەڕێوەبەری دارستان و پاوانی پارێزگای سلێمانی بە (رووداو)ی گوت کەمتەرخەمی و ناهۆشیاری خەڵک و بەگرنگ نەزانینی ئەو سامانە نیشتمانییە وایکردووە ژمارەی ئاگرکەوتنەوەکان و رووبەری سووتاو زیاتر بێت، چونکە زۆرجار جوتیار و گوندنشینەکان تەنیا بۆ ئەوەی کەسێکی دیکە سوود لە پەرێزی گەنم و جۆیەکەی وەرنەگرێت، ئاگری تێبەردەدات، دواتر ئاگرەکە تەشەنە دەسێنێ و رووبەرێکی زۆر لە دارستان و پاوان لەگەڵ خۆی دەسووتێنێ.

جەمال رەشید، بەشێکی دیکەی زیادبوونی ئاگرکەوتنەوەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی بۆ پەڕینەوەی ئاگر لە سنووری ئێرانەوە دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "زۆرجار لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە ئاگر لە ئێرانەوە دەپەڕێتەوە، تیمەکانی کۆنترۆڵکردنی ئاگریش بەهۆی سەختیی شوێنی ئاگرەکان و بوونی مین لە ناوچەکەدا وەک پێویست ناتوانن ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن".

بەهۆی زۆریی گژوگیا، جەمال رەشید هەر لە ئێستاوە ترسی لێ نیشتووە، بۆیە نووسراوی بۆ هەموو یەکە کارگێڕییەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی کردووە کە پێویستە بەزووترین کات تیم و لیژنە لە پۆلیسی دارستان و بەرگری شارستانی و بنکەی کشتوکاڵی ناوچەکە و خەڵکی خۆبەخش و رێکخراوەکان دروست بکەن و مامۆستایانی ئاینی ئاگاداربکەنەوە کە لە گوتارەکانیاندا رێنمایی خەڵک بکەن ئاگر نەکەنەوە و هاوکاریی تیمەکان بکەن لەکاتی ئاگرکەوتنەوەدا.

ساڵی رابردوو پارێزگای هەولێر ژمارەی پێوانەیی لە سووتانی دارستان و پاوان تۆمارکرد و 125 هەزار و600 دۆنم دارستان و پاوان و رەز لەو پارێزگایە سووتا.

عەبدوڵڵا حەسەن، بەڕێوەبەری دارستان و پاوانی پارێزگای هەولێر، دەڵێت "دوای لێکۆڵینەوە لە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکان بۆمان دەرکەوت بەشێکی زۆریان بەهۆی تۆپبارانی تورکیا و کەمتەرخەمی گەشتیاران بووە".

عەبدوڵڵا حەسەن، گوتیشی "بەهۆی دابیننەکردنی بودجە بۆ پاککردنەوە و دروستکردنی ئاگربڕ بە ناچاری بەشێک لە دارستانە دەستکردەکانمان بە فەرمانبەران پاککردەوە و ئاگربڕمان بۆ کردن، بەڵام نەمانتوانی هیچ بۆ دارستانە سروشتییەکان بکەین".

عەبدوڵڵا حەسەن پێیوایە ئەمساڵ مەترسییەکی زۆر لەسەر دارستانەکانی کوردستان هەیە، بەهۆی ئەوەی گژوگیایەکی زۆریان تێدا شین بووە و پاکیش نەکراونەتەوە. "مەگەر خودا فریامان بکەوێت و ئەمساڵ ئاگرکەوتنەوە زۆر روونەدات، ئەگەرنا زیانەکانی سووتانی دارستان لەساڵانی رابردوو زۆر زیاتر دەبێ".



**رووبەری دارستان و پاوان و رەز و باخی سووتاو بە دۆنم (2010 - 2015)**

| ساڵ / پارێزگا | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 2010 | 27.039 | 126.214 | 8.747.5 | 22.029 | 184.029.5 |
| 2011 | 8.040 | 65.497 | 5.349 | 510 | 79.296 |
| 2012 | 31.270 | 44.494 | 4.474 | 8.200 | 88.438 |
| 2013 | 6.375 | 26.692 | 4.525 | 500 | 38.092 |
| 2014 | 4.261.5 | 37.139.5 | 4.463.7 | 0 | 45.864.7 |
| 2015 | 125.597.5 | 117.814 | 70.789 | 262 | 314.462.5 |
| کۆی گشتی | 202.583 | 417.750.5 | 98.348.2 | 31.501 | 750.182.7 |

# هەناردەی نەوتی کوردستان ئاسایی نابێتەوە





بیلال سەعید

ئەگەر سەیری داتاکانی هەناردەکردنی نەوت لە مانگەکانی کانوونی دووەم، شوبات و ئاداری ئەمساڵ بکەین، بە ئاشکرا هەست بە کەمبوونەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە مانگەکانی شوبات و ئادار دەکەین، بەڵام ئایا هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ئاستی هەناردەی نەوتی هەرێم بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی هەناردەی نەوت ئاسایی ببێتەوە؟

هەناردەی رۆژانەی نەوتی هەرێمی کوردستان و هەردوو کێڵگەی نەوتی (بابە گوڕگوڕ و خەبازە) لە ڕێگەی بۆڕی نەوتی کوردستان- تورکیا لە مانگی یەکی ئەمساڵ تەنیا 601.811 بەرمیل بووە، بەڵام لە مانگی شوبات ئاستی هەناردەی نەوتی رۆژانە بۆ 350.067 بەرمیل نەوت دابەزیوە، لە مانگی ئادار دابەزینی زیاتر روویداوە و ئاستی هەناردەی رۆژانە گەیشتووەتە 327.371 بەرمیل نەوت. ئایا بۆچی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان لە مانگەکانی دوو و سێ دابەزیوە:

1. بەپێی روونکردنەوەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە مانگی شوبات بۆ ماوەی 13 رۆژ نەوت هەناردەی بەندەری جەیهان نەکراوە، لەبەر هۆکاری ئەمنی و کاریگەریی رووداو و ئاڵۆزییەکانی باکووری کوردستان کە لە نێوان پارتی کریکاران و حکومەتی تورکیا هاتبووە کایەوە.

2. لە مانگی سێ بەهەمان شێوەی مانگی دوو بۆ ماوەی 12 رۆژ نەوت هەناردەی بەندەری جەیهان نەکراوە لە ژێر کاریگەری رووداوەکانی باکووری کوردستان، واتە مانگی 2 و 3 پێکەوە بۆ ماوەی 25 رۆژ نەوت هەناردە نەکراوە.

3. هەروەها لە بەرواری 2016/3/12وەوە هەناردەکردنی نەوتی هەریەک لە کێڵگەکانی (بابە گوڕگوڕ و خەبازە) لە ڕێگەی بۆڕی نەوتی هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆمپانیای باکوورەوە بەبڕیارێکی حکومەتی عێراق راگیراوە، لەکاتێکدا ئاستی هەناردەی نەوتی ئەو دوو کێڵگەیە لەچوارچێوەی هەناردەی نەوتی هەرێم رۆژانە نزیکەی 150 هەزار بەرمیل نەوت بووە.

هەرچەندە ئاستی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە مانگەکانی شوبات و ئادار کەمی کردووە، بەڵام بەپێی داتاکانی گواستنەوەی دەریایی، ئاستی هەناردەکاریی نەوتی هەرێمی کوردستان لە مانگی نیسان بەرزبووەتەوە بۆ رۆژانە نزیکەی 420 هەزار بەرمیل، بۆیە هەناردەکاری نەوت لە نیساندا بەراورد بە مانگی ئادار بەرزبووەتەوە، بەڵام هێشتا کەمترە لە ئاستی هەناردەی نەوت لە مانگی یەک، بۆیە ئێستا بۆ ئەوەی ئاستی هەناردەی نەوتی هەرێم ئاسایی بکەینەوە، پێویستە کۆمەڵێک ڕێکار بگرینەبەر:

1. پێویستە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بڕیارێک سەبارەت بە داهاتووی هەریەک لە کێڵگە نەوتییەکانی (بابە گوڕگوڕ و خەبازە) بدات کە لەژێر کۆنترۆڵی کۆمپانیای نەوتی باکووردان، لەبەرئەوەی تاوەکو 2015/5/2 کە دەکاتە 20 رۆژ، هەناردەی نەوتیان لەڕێگەی بۆڕیی نەوتی هەرێمەوە راگیراوە، واتە کۆی نەوتی راگیراوی ئەو دوو کێڵگەیە لەو ماوەیە نزیکەی 3 ملیۆن بەرمیل نەوتە کە ئەگەر بەرمیلی بە 35 دۆلار بفرۆشرایە دەیکردە بڕی 105 ملیۆن دۆلار.

ڕاگرتنەکەش جگە لە زیانە مادیەکەی بۆ هەرێمی کوردستان و لەدەستدانی پارەی پترۆدۆلاری کەرکووک و 25%ی ئاستی هەناردەی نەوت لەڕێگەی بۆڕی نەوتی کوردستان، مەترسی لەسەر بیرە نەوتەکان دروست دەکات لەبەرئەوەی رۆژانە نەوتە دەرهێنراوەکە دەکرێتەوە ناو بیرەکان.

2. هەریەک لە کۆمپانیاکانی گەنەل ئێنێرژی و دی ئێن ئۆ و گۆڵف کێستۆن کە سێ بەرهەمهێنەری گەورەی نەوتی هەرێمی کوردستانن، حەقدەستەکانیان لەبڕی هەناردەکردنی نەوت لە مانگی ئادار وەرگرتووە، بەڵام بە بەردەوامی تەئکید لە باری خراپی داراییان دەکەنەوە، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان خەمی زیاتر لە حەقدەستەکانیان بخوات، بۆئەوەی خەمی زیادکردنی ئاستی هەناردەی نەوتی هەرێمیان هەبێت.

3. گرنگە لە ئێستادا بەچەند ڕێگەیەکی جیاواز هەوڵی ڕێککەوتن لەگەڵ عێراق و کۆمپانیا نەوتییەکان بدرێت بۆ ئەوەی ئاستی هەناردەی نەوتی هەرێم ئاسایی بکرێتەوە، لەبەرئەوەی هەر بەرزبوونەوەیەک بە قازانجی باشترکردنی باری دارایی هەرێمە چونکە نرخی نەوتیش لەبەرزبوونەوەی زیاتردایە.

*ڕۆژنامەنووسی ئابووری

# پلانی "دیدگای 2030"ی سعودیە و ئاستەنگەکانی



هەندێک ئابووریناس و چاودێری سیاسی گومانیان هەیە بن سەلمان توانای ئیدارەکردنی ئەم پلانەی هەبێت

ڕووداو- ئاژانسەکان

هەفتەی پێشوو، حکومەتی سعودیە پلانێکی ڕاگەیاند بە ئامانجی ئەوەی لەلایەکەوە ئابووریی وڵات بکاتە ئابوورییەکی فرە-جۆر و لەلایەکی دیکەشەوە کۆتایی بە ئاڵوودەبوونی ئابووریی وڵاتەکە بە نەوت بهێنێ. وردەکاریی زیاتری پلانەکە لە دیمانەی محەممەد کوڕی سەلمان، وەلی وەلیعەهدی سعودیەدا دەردەکەوێت کاتێک لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵی ئەلعەرەبیە ڕایگەیاند "لە 2030دا سعودیە دەتوانێت بەبێ پشتبەستن بە نەوت بژی. ئاڵوودەبوونی سعودیە بە نەوت بەجۆرێکە کە گەشەکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کەرتەکان تووشی کێشە هاتوون". پلانەکەی سعودیە، یانیش پلانەکەی کوڕی سەلمان، بە "دیدگای 2030"ی سعودیە ناسراوە.

ئەگەرچی شا سەلمان بە ڕواڵەت و لەسەر کاغەز فەرمانڕەوای سعودیەیە، بەڵام لە زۆربەی کۆبوونەوە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا، ئەوە محەممەد بن سەلمانە کە سەرنجی میدیاکان ڕادەکێشێ.

دوای ئەوەی لە 23ی کانوونی دووەمی پارساڵ شا سەلمان تەختی پاشایەتی سعودیەی وەرگرت، محەممەد بن سەلمانی کوڕیشی وەکوو وەزیری بەرگریی سعودیە دیاری کرد، تەنیا شەش ڕۆژ دواتر بن سەلمان کرا بە سەرۆکی ئەنجوومەنی کاروباری ئابووری و گەشەی سعودیە کە دامەزراوەیەکی نوێی سعودیە بوو، ئەم پۆستە دەسەڵاتی چاودێری و لێپرسینەوە لە هەموو وەزارەتەکان بە بن سەلمان دەدات و سندوقی وەبەرهێنانی گشتیش لەژێر دەستی بن سەلماندا دەبێت، کوڕە 30 ساڵەکەی بن سەلمان بەرپرسی کۆمپانیای زەبەلاحی (ئارامکۆ)شە کە بە گرانترین کۆمپانیای جیهان دادەنرێت. ئەم دوو پۆستەی دواییش وادەکەن محەممەد بن سەلمان بانگەشەکار و دەمڕاستی یەکەمی "دیدگای 2030" بێت.

ئەگەرچی پلانی خۆدەربازکردن لە ئابووریی نەوت دەنگدانەوەیەکی باشی هەبووە، بەڵام ژمارەیەک ئابووریناس و چاودێری سیاسی گومانیان هەیە بن سەلمان توانای ئیدارەکردنی ئەم پلانەی هەبێت، ئەزموونەکانی پێشووشی پێشانیانداوە محەممەد بن سەلمان بڕوای بە خوێندنەوەی بەربڵاو بۆ هەنگاوەکانی نییە، وەکوو چۆن لە بڕیاری جەنگی دژی حووسییەکانی یەمەندا دەردەکەوێت.

پاوڵ سانکی، شرۆڤەکاری نەوت لە ئینستتیوتی وۆڵف، پێیوایە تەمەنی گەنجی بن سەلمان دەبێتە هۆی ئەوەی "جۆرێک لە ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان ئەو و نەریتپارێزانی سعودیدا دروست بێت، بن سەلمانیش کە لە نەوەی هەشتاکانە، هەوڵ دەدات لە کۆبوونەوە داخراوەکاندا کاریگەریی ئەوان لەسەر بڕیارەکان کەم بکاتەوە."

کێشەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە بەشێک لەم "نەریتپارێزە کۆنانە" تەکنۆکراتە نەوتییەکانی سعودیەن، یەکێک لەوانیش عەلی ئەلنعێمی، وەزیری نەوتی سعودیە کە ماوەی 20 ساڵە وەزیری نەوتە و محەممەد بن سەلمان بۆ جێبەجێکردنی پلانی "دیدگای 2030" پێی خۆش بێت یان نا پێویستی بە هاوکاریی ئەو دەبێت. نموونەی هەرە زەقی هەوڵەکانی بن سەلمان بۆ بێدەسەڵاتکردنی ئەلنعێمی لە کۆبوونەوەکەی 10ی مانگی ڕابردووی دەوحەدا بوو. بەگوێرەی ئالێکساندەر نۆڤاک، وەزیری وزەی ڕووسیا، لە کۆبوونەوەکەدا وەزیری نەوتی سعودیە هیچ دەسەڵاتێکی نەبووە بۆ ئەوەی لەسەر ڕێککەوتنێک لەگەڵ ڕووسیا و سەرانی ئۆپێک دانوستاندن بکات.

پلانەکەی بن سەلمان فرۆشتنی بەشێک لە پشکەکانی ئارامکۆ و تەرخانکردنی پارەکەی بۆ سندوقی وەبەرهێنانی گشتی لەخۆدەگرێت. ئەگەرچی هەتا ئێستا دیار نییە چ ڕێژەیەک لە پشکەکانی ئارامکۆ دەفرۆشرێ، بەڵام نرخی ئارامکۆ بە دوو تریلیۆن دۆلار مەزندە دەکرێت. سندوقی وەبەرهێنانی گشتی سعودیەش 160 ملیار دۆلاری تێدایە.

حکومەتی سعودیە لە مانگی کانوونی یەکەمی ڕابردوودا ڕایگەیاند کە کورتهێنانی بودجەی 2015ی خۆی لە 98 ملیار دۆلار داوە. نەوت 77%ی داهاتی گشتیی سعودیە پێکدێنێ، بەهۆی دابەزینی نرخەکەی، داهاتی سعودیە 23% دابەزیوە. بۆ دووەمجار لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوودا پلەی قەرزی سعودیە دابەزیوە، ئەمەش وادەکات قەرزکردن بۆ سعودیە قورستر و گرانتر بکەوێتەوە.

ڕەنگە یەکێک لە خاڵە هەرە ئەرێنییەکانی پلانەکە ئەوە بێت کە بە گوتەی وەلی وەلیعەهدی سعودیە، ئەگەر نرخی نەوت بگاتەوە 70 دۆلاریش، سعودیە واز لە "دیدگای 2030" ناهێنێ.

جەیسن توڤەی، ئابووریناس لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئینستتیوتی کاپیتاڵ ئیکۆنۆمیکس لە بارەی "دیدگای 2030" دەڵێت "ئەم پلانە شتێکی نوێی ئەوتۆی تێدا نەبوو، زۆر بواری دیکە هەیە کە بڕیاردەرەکانی سعودیە هەر ئاماژەشیان بۆ نەکردووە، بە کورتییەکەی ئێمە چاوەڕێی زیاترمان دەکرد."

توڤەی پێیوایە دوو کێشەی سەرەکی هەڕەشە لە پلانەکەی بن سەلمان دەکەن:

یەکەم: دەستپێکردنی پلانی چاکسازی، حکومەت ڕووبەڕووی کۆمەڵێک تەحەدای سیاسی دەکاتەوە، لە کاتێکدا لە پلانەکەدا دەبێت بەرژەوەندییەکانی نوخبەی بازرگانی خانەوادەی شاهانە و کەسایەتییە ئایینییەکانیش لەبەرچاو بگیرێت. هەر بۆیە ئەوەی چارەنووسی پلانە زەبەلاحەکەی بن سەلمان دیاری دەکات نرخی نەوت نییە، بەڵکو نیگەرانییە سیاسییەکانە.

دووەم: لە پلانەکەدا بیر لە هەندێک خاڵی دوورمەودای گرنگ، وەکوو پەروەردە و پێگەیاندنی کادری گونجاو نەکراوەتەوە.

ئەندی کریچلۆ، لە برەیکینگ ڤیووز، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەنگاوەکەی کوڕە 30 ساڵانەکەی شا سەلمان زیاتر لە هەنگاوەکانی میرنشینی دوبەی لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەچێت، بەڵام "خاوەنی دیدگایەکی ڕوون نییە". بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی بەربەستە ئایینی و نەریتییەکان لەسعودیە زۆر سەختترن لەوەی دوبەیی ساڵانی هەشتاکان، شکاندنی بەشێک لەو بەربەستانەش نەک هەر لە توانای بن سەلماندا نین، بگرە ئەستەمە خۆی لە قەرەشیان بدات.

بەڕای کریچلۆ، تەنیا کەمکردنەوەی سوبسیدی سەر وزە و دامەزراندنی سندوقی سامانی نیشتمانی بەس نییە، لەبەر ئەوەی "سعودیە پێویستی بە چاکسازی زۆر ڕادیکاڵتر لەمانە هەیە. لە پلانەکەدا دەبووایە پەنجە لەسەر پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی کۆمەڵایەتیش دابنرێت، بۆ ئەوەی پەیوەندی دروست بکات لە نێوان وەبەرهێنان و کرانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی".

ئۆپەراسیۆنەکەی مووسڵ بۆچی وەستاوە؟

## توێژەرێک لە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی:

# مانەوەی مووسڵ لەژێر دەستی داعش باشترین بژارەی ناو بژارە خراپەکانە

ڕووداو– National Interest، Foreign Policy

جەنگی دەرهێنانی مووسڵ لەژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) دەستی پێکردووە، بەڵام نەک لە مەیدانەکانی جەنگ، بەڵکو لەناو گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا، لە کاتێکدا گرووپە سیاسی، نەتەوەیی و ئاینییەکانی عێراق هەتا ئێستاش لەسەر چۆنێتی کۆنترۆڵکردنەوەی دووەم گەورەترین شاری عێراق ناکۆکن.

هەموو گرووپەکان و پشتیوانە بیانییەکانیان، واتە عەرەبە سوننەکان کە تورکیا پشتگیرییان دەکات، میلیشیا شیعەکان کە ئێران هاوکارییان دەکات و کورد کە ئەمریکای لە پشتە، دەیانەوێت لە ئۆپەراسیۆنەکەدا پشکی خۆیان هەبێت، لەبەر ئەوەی هەر هێزێک دوای دەرچوونی داعش بچێتە نێو مووسڵەوە، کۆنترۆڵی شارەکە دەگرێتە دەست.

ماوەی ساڵێک بەسەر ئامادەکارییەکانی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا تێدەپەڕێت، بەڵام هەتا ئێستا حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق نەیتوانیوە پلانێکی سیاسی یەکانگیر دابنێت بۆ ئەوەی ناکۆکیی نێوان گرووپەکان چارەسەر بکات.

ئیدارەی کۆشکی سپی زۆر بە وردی چاودێری ئەو پلانە سیاسیانە دەکات کە بۆ شاری مووسڵ دانراون و نیگەرانیشن لەوەی سیناریۆکە بەجۆرێک بکەوێتەوە کە هاوسەنگییەکە بە لای لایەنێکدا بشکێتەوە، بەتایبەتیش بە لای شیعە و کورددا.

بەرپرسێکی باڵای ئەمریکی کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، بە فۆرین پۆلیسی ڕاگەیاند "ئەوەی کە کێ مووسڵ دەگرێتەوە زۆر گرنگە". بەرپرسە ئەمریکییەکە ئەوەشی خستووەتەڕوو کە میلیشیا شیعەکان، هێزەکانی پێشمەرگە، سەرکردەی هۆزە عەرەبە سوننەکان و فەرماندەکانی سوپای عێراق "سەبارەت بە چۆنێتی چوونە نێو مووسڵ دیدگای جیاوازیان هەیە، بەڵام ئەگەر ژمارەی میلیشیاکان و هێزەکانی پێشمەرگە زۆر بێت، ئەوە کێشەمان بۆ دروست دەبێت."

ڕەوشی ئێستای ئامادەکاری بۆ ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵ لە ئۆپەراسیۆنەکەی مانگی ئاداری 2015 بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی تکریت دەچێت. ئەوکات فەرماندەکانی سوپای ئەمریکا ڕایانگەیاند کە ئامادەنین بۆردومانی چەکدارانی داعش بکەن، ئەگەر میلیشیاکانی حەشدی شەعبی نەکشێنەوە و ڕێگە نەدەن سوپای عێراق پێشەنگ بێت.

بە گوتەی بەرپرسانی ئەمریکی، ئەمجارەشیان ئەمریکا لاری نییە لەوەی پاڵپشتییە ئاسمانییەکەی خۆی بکێشێتەوە، ئەگەر سوپای عێراق لە گرتنەوەی مووسڵدا دەستی باڵای نەبێت.

سەرەڕای گومانەکانی سوپای عێراق و ڕاوێژکارانی سوپای ئەمریکا، هادی عامری، فەرماندەی سوپای بەدر، جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە چەکدارەکانی ڕۆڵێکی بنەڕەتییان دەبێت لە جەنگی گرتنەوەی مووسڵدا، ئەگەرچی ڕاشیگەیاندووە کە میلیشیاکانیان ناچنە نێو شارەکەوە، بەڵکو لە دابڕاندنی ناوچەکانی دەوروبەری مووسڵ و ڕێگەکردنەوە بۆ هێزە ئەمنییەکان بۆ چوونە ناو شارەکە ڕۆڵی خۆیان دەبینن.

ڕۆژی 24ی ئاداری ڕابردوو، سەرکردەکانی عێراق دەستپێکردنی هێرشەکانی سەر مووسڵیان ڕاگەیاند، بەڵام لەو ماوەیەدا بێجگە لە کۆمەڵێک شەڕی پچڕپچڕ لە ناوچە گوندنشینەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ شتێکی ئەوتۆیان نەکردووە.

ئەوەی ئۆپەراسیۆنەکانی مووسڵی ئاڵۆز کردووە، تەنیا ناکۆکی هێزە سیاسییەکان سەبارەت بە هێزی پێشەنگ لە ئۆپەراسیۆنەکەدا نییە. عەبادی ماوەی دوو مانگە دەیەوێت دەسەڵاتی سیاسی خۆی ڕزگار بکات، لە کاتێکدا موقتەدا سەدر تەحەدای دەسەڵاتی عەبادی و حکومەتەکەی لە بەغدا دەکات. نموونەی زەقی ئەم تەحەدایەش لە هێرشی لایەنگرانی سەدر بۆ نێو باڵەخانەی پەرلەمانی عێراقدا دەبینرێت. عەبادی بەنیاز بوو پێش داواکارییەکانی سەدر بکەوێت، بۆ ئەم مەبەستەش کابینەیەکی نوێ لە وەزیرانی "تەکنۆکرات"ی پێشنیاز کرد، بەڵام ئەم پلانە هەر زوو شکستی هێنا، نەک هەر لەبەر ئەوەی سوننە کێشەیان لەگەڵ هەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی شیعەکانی عێراقیش نایانەوێت دەست لە ئیمتیازاتی خۆیان هەڵگرن.

بێن کۆنابڵ، بەرپرسێکی خانەنشینی هەواڵگریی سوپای ئەمریکا و شرۆڤەکار لە دەزگای ڕاند، پێیوایە ڕووداوەکانی بەغدا "توانای لە عەبادیدا نەهێشتووەتەوە. زۆر سەختە جەنگێکی وەکوو جەنگی مووسڵ بکەیت، لە کاتێکدا لە بەردەم دەرگای ناوچەکەی خۆت هەڕەشەی سیاسی و ئەمنیت لەسەرە."

ئێران و ئەمریکا پشتگیریی خۆیان بۆ عەبادی و حکومەتە زۆرینە شیعەکەی دەربڕیوە، بەڵام بەرپرسانی ئەمریکی پێیانوایە لە ماوەی داهاتوودا ئێران گوشارێکی زۆر لەسەر عەبادی دروست دەکات بۆ ئەوەی لە ئۆپەراسیۆنەکەی مووسڵدا ڕۆڵێکی بەرچاو بە میلیشیا شیعەکان بدات.

لیوا بەهرام یاسین، یەکێک لە فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە لە نزیک مووسڵ، بە ناشناڵ ئینترێستی ڕاگەیاندووە، کێشەی سەرەکی لە جەنگی مووسڵدا مەزەندەکردنی ژمارەی چەکدارانی داعشە، لە کاتێکدا بەگوێرەی زۆربەی مەزەندە گشتییەکان داعش لە نێوان 3 بۆ 5 هەزار چەکداری لەناو مووسڵدا هەیە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی یاسین لە جەنگی مووسڵدا نزیکەی 30 هەزار چەکداری داعش ڕووبەڕووی هێزەکانی هاوپەیمانان دەبنەوە.

بە گوێرەی پێشبینییەکانی یاسین، ژمارەیەک لە سەرۆک هۆزەکان لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەدا پشت لە داعش دەکەن، بەڵام ژمارەیەکی دیکەیان بە خواستی خۆیان یانیش لە ژێر گوشاردا هاوکاریی داعش دەکەن. یاسین جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە هەندێک لە سوننەکان ڕقیان لە داعشە، بەڵام ترسی ئەوەیان هەیە ئەگەر میلیشیای شیعە یانیش سوپای حکومەتی شیعەکان دەست بەسەر شارەکەدا بگرێت، ڕەوشەکە خراپتر بێت. هەر بۆیە دەشێت ئەوان لایەنی داعش بگرن، تەنیا بۆ ئەوەی حوکمی شیعەیان بەسەرەوە نەبێت.

نیگەرانییەکی دیکەی ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵ ئاوارەبوونی سەدان هەزار خەڵکی مووسڵ و دەوروبەریەتی. برونۆ گیدۆ، نوێنەری کۆمیسارپای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR) لە عێراق، بە فۆرین پۆلیسی ڕاگەیاندووە "ئێمە چاودێریی بارودۆخەکە دەکەین، بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی ئاوارەکان خۆراک، ئاو و پەناگەیان دەبێت."

هەرێمی کوردستان نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەری لەخۆگرتووە، هەر بۆیە لیوا یاسین پێیوایە بەر لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە "هاوپەیمانان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە پلانێکیان هەبێت بۆ ئەوەی ئاگایان لەم خەڵکە بێت". ئەگینا دەشێت لێشاوێکی دیکەی کۆچبەران بەرەو ئەوروپا بکەونەڕێ.

ئەمریکا، وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژئاوایی پێیان باشترە میلیشیا سوننەکان یەکەمجار بچنە نێو شارەکەوە، بەڵام پاش 18 مانگ مەشقی سەربازی، ژمارەی یەکە چەکدارییەکانی سوننەکان زۆر لەوە کەمترە بتوانێت ئەرکێکی لەمجۆرە هەڵبگرێت، بۆیەش سوپای عێراقی دەبێ بەرپرسیارێتی زۆربەی هێرشەکان هەڵبگرێت. بەرپرسانی ڕۆژئاوایی نیگەرانی ئەوەن ئەزموونی تکریت لە مووسڵیش دووبارە بێتەوە، کاتێک پاش گرتنەوەی تکریت میلیشیا شیعەکان زۆربەی ماڵە سوننەکانی ئەم شارەیان تاڵان کرد.

بەڵام لە مووسڵی دوای داعش، گەورەترین کێشە دەکرێت لە نێوان کورد و عەرەبی سوننەدا بێت، نەک سوننە و شیعە. کورد بەشی زۆری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ بە هی خۆی دەزانێت، لە کاتێکدا دانیشتووە کوردەکانی ئەم ناوچەیە لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی پێشوو، لە چوارچێوەی پرۆسەی "تەعریب" لەم ناوچانە دوورخراونەتەوە. دۆگلاس ئۆلیڤانت، بەرپرسێکی پێشووی سوپای ئەمریکا پێیوایە لە ئۆپەراسیۆنەکەی مووسڵدا کورد هەر شوێنێکی گرت، ئیدی بۆ هەتا هەتایە وەکوو بەشێک لە کوردستانی لێدەکات، ئەمەش دانیشتوانی مووسڵ و سیاسییەکانی بەغدای نیگەران کردووە. ئۆلیڤانت کە لە ماوەی سەرۆکایەتی بوش و ئۆبامادا لە عێراق بووە، پێیوایە "ئەوەی لەئارادایە هێندەی سیاسییە هێندە سەربازی نییە."

لە کاتی داڕشتنی دەستووری نوێی عێراقیشدا، سەرکردایەتی کورد سوور بوو لەسەر ئەوەی بەشێک لە ناوچەکانی مووسڵ بخرێنە سەر هەرێمی کوردستان، داواکەی کورد سەری نەگرت، بەڵام وازیشیان لێنەهێنا. ئوسامە غەریزی، توێژەر لە ئینستتیوتی ئاشتیی ئەمریکی لە هەولێر، ئاماژە بەوە دەکات کە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ جارێکی دیکە ئەم خەونەی لای سەرکردایەتی کورد زیندوو کردووەتەوە. ئەگەرچی لێرەشدا بەهۆی نەبوونی سەرژمێرییەکی ورد و کێشەی گەڕانەوە بۆ دۆکیۆمێنتە مێژووییەکانی دیموگرافیای ئەو ناوچانە چارەسەرکردنی مشتومڕەکان ئاسان نابێت.

پێدەچێت تورکیاش بە بایەخەوە لە مووسڵی پاش داعش بڕوانێت. ئەنقەرە لە مانگی کانوونی یەکەمی پێشووەوە سەدان سەرباز و نزیکەی 20 تانکی لە کەمپێکی نزیک چیای باشیک جێگیر کردووە. ئەو هێزانە هەتا ئێستاش لەوێن، ئەگەرچی حکومەتی عێراق بەردەوام داوای کشانەوەیان دەکات. بەر لە ناردنی هێزە سەربازییەکان، تورکیا ژمارەیەک ڕاهێنەر و ڕاوێژکاری سەربازی لە باشیک جێگیرکردبوو. ئەو هێزە مەشقیان بە 6500 چەکداری عەرەبی سوننە دەکرد کە لەلایەن ئەسیل نوجەیفی، پارێزگاری پێشووی نەینەواوە ڕێکخراون. شارەزایان پێیانوایە ئامانج لە جێگیرکردنی سەربازە تورکەکان چاودێریکردنی ڕەوشی مووسڵە دوای دەرهێنانی لەدەستی داعش، نەک بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی شارەکە.

ئێستا ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵ هەتا پاییزی ئەمساڵ یانیش بەهاری 2017 دواکەوتووە، ئەمەش دەکرێت بۆ حکومەتە پڕ کێشەکەی عەبادی و یاریکەرە سەرەکییەکانی ئۆپەراسیۆنەکە گونجاوترین بژارە بێت. ڕۆبەرت بلێچەر، لە گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان پێیوایە "هێشتنەوەی مووسڵ لەژێر کۆنترۆڵی داعشدا چاکترین بژاری ناو بژارە خراپەکانە. ئەمریکای لێدەرچێت، هەموو لایەنەکانی دیکە داعش بە نیگەرانی پلە دوو دەزانن، واتە پێیان باشترە داعش لە مووسڵ بێت نەک لایەنێکی دیکە".




بەرپرسێکی ئەمریکی: کێ زووتر بچێتە نێو مووسڵ ئەو باڵادەست دەبێت

## ژیانی پاش داعش...

# قوربانیانی جەنگ پێویستیان بە هاوکاریی زیاترە

ئارینا مورادی
ڕووداو– هەولێر

دەیان هەزار قوربانیی دەستی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) کە زۆربەیان ئافرەت و منداڵن، بە ئازارەکانیانەوە پشتگوێخراون. چالاکڤانان و شارەزایان هۆشداری دەدەن لەوەی تێڕوانین و هەڵوێستی کۆمەڵگا بەرامبەر بە قوربانیان دەبێت گۆڕانی بەسەردا بێت.

یوسف عوسمان، دەروونناس، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کۆمەڵگا قوربانییەکان وەکوو کەسێکی ئاسایی قەبووڵ ناکات. ئەمە بەتایبەتی بۆ ئەو ئافرەتانە ڕاستە کە چەکدارانی داعش دەستدرێژییان کردوونەتە سەر".

یوسف عوسمان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو ژنانەی لە دەستی داعش ڕزگاریان بووە، دواتریش لەناو کۆمەڵگادا دەکرێنەوە بە قوربانی و گوتی "لە یەکێک لە دانیشتەکانی چارەسەریدا یەکێک قوربانیان دەیگوت خەڵک چیدی ئێمە نابینن، نایانەوێت دەنگی ئێمە ببیستن. ئەوان تەنیا دەیانەوێت لەبارەی تیرۆریستەکانەوە شت ببیستن. ئەمەش قوبانییەکان ئازار دەدات."

بە گوتەی یوسف عوسمان، قوربانیانی دەستی داعش ئیدی لە پرسیارەکانی خێزانەکانیان، خزم و کەسەکانیان، هاوڕێکانیان و تەنانەت میدیاش ماندوو بوون، لەبەر ئەوەی "زۆربەی خەڵک بۆیان ئەوە پرسیارە کە ئاخۆ چەند پیاو دەستدرێژییان کردووەتە سەر قوربانییەکە و چۆن مامەڵەی لەگەڵ کراوە".

بەبڕوای یوسف عوسمان، نەبوونی پرۆگرامێکی هاوکاری و پشتگیریی هەمەلایەنە و سیستەماتیک بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی جەنگی داعش وادەکات بەربەست بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی بەشێوەیەکی گشتی دروست بکات "ئێمە لێکۆڵینەوەمان لەسەر کەیسە مێژووییەکانی ئەو نەتەوە و کۆمەڵگایانە کردووە کە جەنگ کاریگەری لەسەر داناون"، لەوێشەوە بۆیان دەرکەوتووە "پێویستە کاری زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی ئازار و زیانەکانی جەنگ کەم بکرێتەوە، لە کاتێکدا جەنگەکە هەر ئێستاش گۆڕانکاری لە ژیانی خەڵکدا دروستکردووە".

ئاژانسە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی هاوکاری و ڕێکخراوە ناحکومییەکان کۆمەڵێک پرۆگرامی چارەسەریان خستووەتەڕوو، لەوانەش کۆمەڵێک چارەسەری پزیشکی و سایکۆلۆژی، هەروەها کۆمەڵێک وۆرکشۆپیش لەناو کەمپی ئاوارەکاندا بۆ قوربانیانی دەستی داعش کراونەتەوە. پرۆگرامەکان بەشێوەیەکی سەرەکی جەخت لەسەر ئافرەتە کوردە ئێزدییەکان دەکەنەوە کە داعش وەکوو کەنیزەک و کۆیلەی سێکسی بەکاری هێناون، بە تایبەتیش دوای ئەوەی لە ئابی 2014دا چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر شاری شنگال و دەستیان بە کوشتار و تاڵان و دەستدرێژی کرد. بەڵام چالاکڤانەکان پێیانوایە پرۆگرامەکان بەپێی پێویست نین.

بەرپرسی ڕێکخراوی تواناسازیی ئافرەتان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە خانکێ کە کەمپێکی ئاوارە ئێزدییەکانە لە دهۆک، دەستیان بە پرۆگرامێکی دوو ساڵە کردووە، زۆربەی دانیشتووانی ئەم کەمپە لەلایەن داعشەوە ڕفێنرابوون و بۆ چەند مانگ یانیش زیاتر لە ساڵێک لەژێر دەسەڵاتی چەکدارانی داعشدا بوون.

جوان پشتیوان، بەڕێوەبەری پرۆگرامەکە، ئاماژەی بەوەدا کە پرۆگرامەکە یارمەتی مرۆیی، کۆمەڵایەتی، یاسایی و پزیشکی لەخۆدەگرێت، ئەگەرچی گوتیشی، زۆربەی هاریکارییەکان بەهۆی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستانەوە ڕاگیراون.

یوسف عوسمان دەڵێت جێگەی داخە سەرەڕای هەوڵی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ڕێکخراوە ناوخۆییەکان، چالاکڤانەکان بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی دەستی داعش، بەڵام هیچ دەستە یان گرووپ یانیش میکانیزمێکی سیستەماتیک لەئارادا نییە بۆ ئەوەی هاریکارییەکی درێژخایەن پێشکەش بە قوربانیانی جەنگ بکات. بە بۆچوونی ئەو، کۆمەڵگای کوردی پێویستی بە کۆمەڵێک پرۆگرامی پەروەردەییشە بۆ ئەوەی فێری خەڵک بکرێت چۆن مامەڵە لەگەڵ قوربانیانی توندوتیژییەکانی جەنگدا بکرێت.

یوسف عوسمان سەبارەت بەم پرۆگرامە گوتی "دەبێ لە منداڵەکانمانەوە دەست پێبکەین و لە قوتابخانەکاندا فێری منداڵەکان بکەین بە چ شێوازێک لە قوربانیانی جەنگ تێبگەن و قەبووڵیان بکەن. دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت بەربەستی سەرەکی قوربانیەکان نین، بەڵکو کۆمەڵگایە."

خدر دوملی، ئەکادیمیسیەن و چالاکڤان لەبارەی دۆسیەی ئێزدییەکان هەمان نیگەرانی هەیە و پێیوایە پرۆگرامەکان زۆر سنووردارن. دوملی لەوبارەیەوە گوتی "بەداخەوە پرۆگرامەکانی یارمەتیدانی قوربانیانی جەنگ و کوردە ئێزدییە ڕزگاربووەکان کورتمەودان، لە کاتێکدا ئێمە پێویستمان بە کۆمەڵێک پرۆگرامی فیزیکی و دەروونیی درێژخایەن هەیە."

بە گوتەی دوملی، کێشەیەکی دیکەی ئەوان ئەوەیە کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ژمارەی قوربانیان و ڕێکخراوە مرۆییەکاندا هەیە، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە پرۆگرامەکانی هاریکاری ڕاگیراون، ئەمە جگە لەوەی هیچ پرۆگرامێک نییە کە بە تایبەتی کار لەسەر کێشەکانی ئەو منداڵانە بکات کە توندوتیژییەکانی داعشیان ئەزموون کردووە، لە کاتێکدا ژمارەی ئەم منداڵانەش زۆرە.

ڤیان دەخیل، نوێنەری کوردی ئێزدی لە پەرلەمانی عێراق، لە تویتێکدا لە 22ی نیسان ڕایگەیاند "لە کاتی هێرشەکانی داعشەوە بۆ سەر شنگال هەتا ئێستا 2745 منداڵی بێ دایک و باوکمان هەیە، هەزار منداڵیش هێشتا لەلای داعش ماون و مێشکیان دەشۆنەوە".



قوربانییانی دەستی داعش دەڵێن خەڵک چیدی ئێمە نابینن تەنیا دەیانەوێت لەبارەی تیرۆریستەکانەوە شت ببیستن. (فۆتۆ: ڕووداو)

## ئەمساڵ 60 هەزار کۆچبەر روو لە سوێد دەکەن

**رووداو – رادیۆی سوێد**

دەزگای کۆچی سوێد پێشبینیەکانی سەبارەت بە ژمارەی پەنابەرانی ئەمساڵ پێشکەش بە حکومەتکرد. دەزگاکە پێشبینی کردووە لەماوەی ئەمساڵدا ژمارەی ئەو پەنابەرانەی هاتوون و دێنە سوید نزیکەی 60 هەزار بن. بەڵام دوو پێشبینی دیکەشیان هەیە، سیناریۆی کەمترین و زۆرترین، یەکەمیان 40 هەزار پەنابەر و دووەمیان کە زۆرترین ژمارەی چاوەڕوانکراوە 100 هەزار کەسە. دەزگاکە لەو باوەڕەدایە ئەمساڵ 7000 منداڵی کۆچبەر بە تەنیا روو لە سوێد بکەن. دەزگاکە خەمڵاندنی بۆ خەرجی ئەو کۆچبەرانە کردووە و دەڵێت پێویستیان بە 55 ملیار کرۆنە.



تاراوگە
رووداو
ژمـارە ( 406 ) دووشـــەممە 2016/5/2

کێشەی نێوانی کورد و سۆماڵی دەگاتە حکومەت

# پەرلەمانتارێکی کورد سۆماڵییەکانی سوێد تووڕە دەکات



چالاکڤانێکی سۆماڵی: ئامینە کاکەباوە بە نوێنەری کورد لە سوێد نازانین

**رووداو- ستۆکهۆڵم، هێڵسنکی**

کۆمێنتی ژنە پەرلەمانتارێکی کورد سۆماڵییەکانی سوێد نیگەران دەکات و بەوهۆیەوە دەکەوێتە بەر رەخنەی توند. پەرلەمانتارەکە و حیزبەکەشی داوای لێبووردن دەکەن.

لە ماوەیەکی کەمدا، دوو رووداوی جیا پەیوەست بە کورد و سۆماڵییەکان لە سوێد روویاندا، یەکەمیان سۆزی سۆماڵییەکانی بۆ لای کورد راکێشا و ئەوی دیکەیان بە پێچەوانەوە، ئەوانی تووڕە کرد.

رووداوی یەکەم مردنی مامۆستایەکی کورد بوو بەنێوی لاڤین کە لە قوتابخانەیەکی سوێدی هەوڵی رزگارکردنی چەند منداڵێکی دا، لە ئەنجامدا مامۆستا کوردەکە و قوتابییەکی سۆماڵی بەنێوی ئەحمەد بوونە قوربانی.

رووداوی دووەمیش، وەک ئایان عەلی کاهی، نووسەر و چالاکڤانی سۆماڵی دەڵێت "ئیهانەکردنی سوماڵییەکانی سوێد بوو، لەلایەن خانمە پەرلەمانتارێکی کوردەوە".

### پەرلەمانتارەکە چی گوت؟

ئامینە کاکەباوە، پەرلەمانتاری کورد لەسەر لیستی پارتی چەپ، لە کۆمێنتێکدا لەسەر پەیجی خۆی لە فەیسبووک، رەخنەی لە سۆماڵییەکانی سوێد گرت کە خەریکە لە هەندێک گەڕەک خەلافەتی ئیسلامی رادەگەیەنن. ئەم کۆمێنتەشی لەسەر ڤیدیۆیەک دانابوو کە لە بنەڕەتدا گرووپی نازیستەکانی سوێد، لە رێگەی دەستکاری و مۆنتاژەوە راستییەکانیان گۆڕیبوو، کاکە باوە بەوهۆیەوە لەلایەن پارتەکەیەوە کەوتە بەر لێپرسینەوە و دواتر خۆی و پارتی چەپ داوای لێبووردنیان لە سۆماڵییەکان کرد.

کاکەباوە بە بیانووی ئەوەی ناساغە، ئامادە نەبوو قسە بۆ (رووداو) بکات. بەڵام پێشتر گوتبووی کە وێڕای رەخنەی توندی لە ئیسلامییەکانی سوێد کە خەریکە وڵاتەکە تێکدەدەن، بەڵام دیقەتی ناوەڕۆکی ڤیدیۆکەی نەداوە.

ئەو گرتە ڤیدیۆییە لە سۆماڵ گیراوە، چەند بازرگانێک تێیدا دەردەکەون کە بە زمانی سۆماڵی دەدوێن، بەڵام ئەو گرتەیە لەلایەن رێکخراوی نازیستی ناسراو بە "نوردیسکا ئونگدووم" واتە گەنجانی باکوور، دەستکاری کراوە و تێکستی سویدی لەسەر دانراوە کە هەڵگری پەیامی رەگەزپەرستی بووە. هاوکات لۆگۆی تەلەفزیۆنی سویدییان لەسەر داناوە و بڵاویان کردووەتەوە.

تێکستە سویدییەکە کە لەسەر دەنگی سۆماڵییەکان دانراوە، دەڵێت "لە سوید ئیسلام نییە، ئەمە مانای ئەوەیە یاسا بوونی نییە، لەو روانگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت بچێتە هەموو شوێنێک و لەهەر دووکانێک شتێکی بەدڵ بێ دەتوانێ بۆ خۆی بیبات".

ئەو سۆماڵیانەی لەگرتە ڤیدیۆکەدا دەردەکەون، بازرگانن و سەر بە کۆمپانیایەکی پەیوەندین. لە گوتەکانیاندا لە گرتە ئۆرجینالەکە بە زمانی سۆماڵی سوپاسی ئامادەکارانی کۆبوونەوەیەکیان دەکەن.

ئەم بابەتە دەنگدانەوەیەکی زۆری لە میدیاکانی سوێد و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبوو. کاکەباوە چەند لێدوانێکی جیاوازی لەبارەی ئەم بابەتەوە دا، دواهەمینجار گوتبووی کە گوایە تاگ کراوە و خۆی ئاگای لێ نەبووە، بەڵام رۆژنامەیەکی سوێدی بەدرۆی خستەوە و دەقی کۆمێنتەکەی کاکەباوەی بڵاوکردەوە. رۆژنامەی ئێکسپرێ بە مانشێتێکی گەورە نووسیبووشی "پارلەمانتارێکی پارتی چەپ، رێکلام بۆ فیلمێکی فاشیستی دەکات".

ئایان عەلی کاهی کە بەگوتەی خۆی هاوڕێی کوردی زۆرە، رەخنە لە کۆمێنت و هەڵوێستەکانی کاکەباوە دەگرێت و دەڵێت "زۆر لە بیانییەکانی ئەم وڵاتە بۆ خۆگەورەکردن و خۆبردنە پێش لە سوێدییەکان، ئیهانەی یەکدی دەکەن". گوتیشی "کاکە باوە بە ناشارەزایی و بێ ئاگایی لە ڤیدیۆی نازیستە سوێدییەکان ئەوەی نەکردووە، پێموایە ئاگای لێبووە".

بەڵام ئەو کاکەباوە بە نوێنەری کوردی سوێد نازانێت و دەڵێت "لاڤین ئەسکەندەر نوێنەری کورد بوو لە سوێد کە بۆ رزگارکردنی منداڵێکی سۆماڵی، گیانی خۆی بەخشی".

### کورد بە کافر دەزانن

کورد و سۆماڵییەکان دوو پێکهاتەی دیاری تاراوگەنشینانی وڵاتانی سکاندەنافیان، بەڵام زۆربەی کات لە ململانێدان و لە زۆر بۆنەدا ململانێکانیان بە ئاشکرا دەردەکەوێ. سۆماڵییەکان کورد بە "دژە ئاین" و کوردیش ئەوان بە "تیرۆریست و دواکەوتوو و فێڵباز" دەزانن.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی رابردووی فینلاند، سەرۆکی پارتی فینلاندییە رەسەنەکان گوتی "ئەوە ئێمە نین دژایەتی بیانییەکان دەکەین، بەڵکو ئەوە خۆیانن یەکدی دەخۆن". تیمۆ سیۆنی کە ئێستا وەزیری دەرەوەیە، بە تەلەفزیۆنی فەرمیی ئەو وڵاتەی گوتبوو "رۆڵی ئێمە چییە کاتێک کورد و سۆماڵییەکانی ئەم وڵاتە خەریکە یەکدی دەخۆن".

عەلی محەممەد، 24 ساڵ کە سۆماڵییەکی گەڕەکی رینکەبی باکووری ستۆکهۆڵمە، دەڵێت "کورد گەلێکی موسوڵمانن، بەڵام کە دەگەنە ئەوروپا رابردووی خۆیان لەبیر دەکەن و کافر دەبن. 80%یان نوێژ ناکەن و هەر لە دیسکۆکانن".

بنار جەلال کە کوردی سوێدە و لەگەڕەکی فاشتای ستۆکهۆڵم دەژی، دەڵێت "ئەو قسەیەی عەلی، بیرکردنەوەی هەموو سۆماڵییەکان نییە، ئەوان زۆربەیان قوربانی دەستی کولتوورێکی بە عەرەبکراوی تەسلیمبوو و بێ ئیرادەن".

بەڵام کارزان کامیل کە لە هەمان گەڕەک دەژی، دەڵێت "ئەوە زادەی بیرکردنەوەی زۆرینەی رەهای سۆماڵییەکانی سوێدە". کارزان کە لە گەڕەکی رینکەبیی زۆرینە سۆماڵی، بەشداری لە هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ پێشمەرگە کردووە، دەشڵێت "چونکە تیشێرتی پێشمەرگەم لەبەر بوو، سۆماڵییەکان بە هوتافی ئێوە کافرن، بە دار و چەقۆ هێرشیان کردە سەرمان". عەلی کاهی سەبارەت بەو رووداوە دەڵێت "لە نێو کورد و سۆماڵییەکانیش توندڕەو هەیە، بەڵام کەمینەن". ئەو رەخنە لە میدیاکارانی کورد و سۆماڵی دەگرێت و دەڵێت "با چاو لە میدیا سوێدییەکان نەکەن و ئەم بابەتە زەق نەکەنەوە. با رێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ئەحمەد و لاڤین بەدیار بخەن کە چۆن کورد و سۆماڵییەکانی پێکەوە ئاوێتەی خەم و تەبایی و پێکەوەیی کردبوو".

# حەوت هەزار خێزانی کورد لە سوێد لێکترازاون

**سۆسیۆلۆژێک:** به دەگمەن خێزانە دێرینەکانی سکەندەنافیا دەبینی لێک نەترازابن

**رووداو- ستۆکهۆڵم**

ڤیان خەونی بەوەوە دەبینی رۆژێک کوردێکی تاراوگەنشین بێتە خوازبێنی و بگاتە ئەوروپا، 17 ساڵ لەمەوبەر ئەو خەونەی هاتەدی "نایشارمەوە مەبەستی سەرەکی شووکردنم ئەوە بوو بگەمە ئەوروپا". ڤیان ئێستا لە مێردەکەی جیابووەتەوە و لەگەڵ منداڵەکەی بە تەنیا دەژی "مێردەکەم دەیویست کۆنترۆڵی تەواوی ژیانم بکات، بەڵام من ئەوەم قبوڵ نەکرد و لێی جیابوومەوە".

ڤیان تاکە ژنی کورد نییە بە بیانووی ئەوەی مێردەکانیان لە ئەوروپا رێگەی کارکردن و خوێندنیان پێنادەن، جیابوونەتەوە، بەڵکو هەزاران دۆسیەی لەو شێوەیە تەنیا لە وڵاتێکی بچووکی وەکو سوێد هەن.

وڵاتانی سکەندەنافی و بەتایبەت سوێد، وەک شوێنی خۆدۆزینەوەی ئافرەتی کورد ناسراوە. پیاوانی کورد پێیانوایە ئەو خۆدۆزینەوەیەی ژنان بووەتە هۆی ترازان و جیابوونەوەی سەتان خێزانی کورد.

### کێ خەتابارە؟

پیاوانی کورد ژنانی تاراوگە بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لە پشت جیابوونەوە و لێکترازانی خێزانین، ژنانیش پاساوی خۆیان هەیە و دەڵێن پیاوی کورد توانای وەرگرتنی ئەو نەریت و کولتوورەیان نییە کە لە ئەوروپا خۆیان مومارەسەی دەکەن.

هاژە رەحیمی کە لە بواری مافەکانی ژنان کار دەکات و چەند پرۆژەیەکی لەگەڵ رێکخراوە سوێدییەکان بەڕێوە بردووە، بە (رووداو)ی گوت "لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناغی نوێی ژیان، خواستەکانیش دەگۆڕێن.



ژنان لەم گۆڕانکارییانە سەرکەوتوو بوون، بەڵام پیاوان کەمتر قبوڵی دەکەن".

هەر لەوبارەوە لینا سڤانسۆن، چالاکڤان و کۆمەڵناسی سوێدی دەڵێت "بەهۆی ئەو چەپاندن و کپکردنەی پێشتر لەنێو کۆمەڵگەی خۆیان هەیانبووە، ژنان زووتر توانای شیاندن و ئاوێتەبوونیان لەگەڵ کۆمەڵگەی سوێدی هەبووە". گوتیشی "زیادبوونی خواستی ژن و قبوڵنەکردنی لەلایەن پیاوەکەی، هۆکاری سەرەکیی جیابوونەوەن".

بەڵام مەجید ئەحمەد رەتیکردەوە پیاوان رێگر بن لەبەردەم ئازادیی ژنان. مەجید خەڵکی باشووری کوردستانە و زیاتر لە 6 ساڵە لە ژنەکەی جیابووەتەوە، دەڵێت "بەداخەوە زۆر ژن، تەنیا بۆ ئەوەی هێزی خۆیان نیشانی پیاوانی کورد بدەن، هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە شوو بە پیاوی سوێدی دەکەن".

### بۆچی شوو بە سوێدی دەکەن؟

ژیان یەکێکە لەو ژنە کوردانەی شووی بە ئادەم کردووە کە پیاوێکی سوێدییە، ئەوان خاوەنی منداڵێکن بە ناوی لیزا. ژیان هۆکاری جیابوونەوەی لە هاوژینە کوردەکەی ئاشکرا ناکات و دەڵێت "شووکردنم بە ئادەم رێکەوت بوو، بۆ من سوێدی و کورد گرنگ نییە، بەڵام ئەگەر بەراوردیان بکەین، پیاوی سوێدی زیاتر هاوکارن لەگەڵ ژنان".

هاژە رەحیمی دەڵێت "هۆکارەکان زۆرن بۆ سەرکەوتوویی خێزانە رەنگ جیاوازەکان، بەڵام بێگومان تێگەیشتن و ریزگرتن لە تواناکانی ژن و رەخساندنی هەل بۆیان لە سەرووی هەموویەتی".

بەڵام عیماد کە پیاوێکی کوردی تاراوگەنشینە، بۆچوونێکی دیکەی هەیە و دەڵێت "ژنی کورد نیوەی ئەو شتانەی لە پیاوی سوێدی قبوڵی دەکات لە کوردی قبوڵ بکات، خێزانەکان تووشی لێکترازان نابن". عیمادیش بەهەمان شێوە ژنە کوردەکەی لێی جیابووەتەوە و شووی بە پیاوێکی سوێدی کردووە.

### حەوت هەزار خێزانی لێکترازاو

بەپێی ئامارێکی نافەرمی کە دەست (رووداو) کەوتووە، لە هەرسێ شارە گەورەکەی سوێد (ستۆکهۆڵم، مالمۆ و یۆتۆبۆری) حەوت هەزار خێزانی کورد کێشەی جیابوونەوەیان هەبووە، لەوانەش 2830 خێزان بە تەواوی لەیەکدی ترازاون و جیابوونەتەوە، 4000 خێزانیش کێشەی جۆراوجۆری دابڕانیان بە ئاستی جیاواز هەیە.

ئەم ئامارە لەلایەن رێکخراوێکی کوردی لە سوێد کە کار لەسەر گەنج و نەوەی نوێی کورد لە تاراوگە دەکات، ئامادە کراوە. رێکخراوی KYEO لە رێگەی فۆرمی زانیارییەوە ئەم ئامارەی کردووە و بەپێی زانیارییەکانی تیمی کاری رێکخراوەکە، تەنیا کاریان لەسەر ماوەکانی نێوان 1994 تاوەکو 2014 کردووە.

بەپێی بەدواداچوونی رێکخراوەکە "زۆربەی ئەو خێزانانەی تووشی لێکترازان هاتوون، لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتوون، هۆکاری جیابوونەوەشیان پەیوەندی بە نەگونجانی ژن و مێردەوە هەیە. خەندە شاسوار کە لە رێکخراوەکە کار دەکات، دەڵێت "زۆربەی جیابوونەوەکان لەسەر داوای ژنەکان بووە".

بەگوتەی خەندە، زۆربەی ئەوانەی جیابوونەتەوە لە نەوەتەکاندا هاتوونەتە سوێد. خەندە گوتی "بەهۆی ناسەقامگیریی رەوشی سیاسی و ئابووریی باشووری کوردستان لە ساڵانی نەوەتەکاندا، ژنان هەموو جۆرە کەس و ژیانێکیان قبوڵ کردووە تەنیا لەپێناوی گەیشتنیان بە ئەوروپا، ئیدی کە لەو لایەنەوە تێر دەبن، کێشەکانی دیکە دەستپێدەکات و زۆرینەی جارەکان بە جیابوونەوە کۆتایی دێت".

لینا سڤانسۆن پشتڕاستی کردەوە کە زۆربەی جیابوونەوەکان لە نێو کوردە دێرینەکانی تاراوگەیە و دەڵێت "خێزانە دێرینەکان قۆناغ بە قۆناغ ئاوێتە و تێکەڵ بە کۆمەڵگەی سوێدی دەبن و خاڵەکانی لێکترازان و دابڕان لەیەکدی لە نێویان زیاد دەکات". گوتیشی "بە دەگمەن خێزانە دێرینەکانی سکەندەنافیا دەبینی، تووشی لێکترازان و لێکدابڕان نەبووبن".

سڤانسۆن حاڵەتەکانی جیابوونەوەی ئەو خێزانانە بە "نائاسایی" وەسف دەکات و دەڵێت "جیابوونەوەکان دروست و لەسەر بنەمای تێگەیشتن نین، ئەوان نابنە هاوڕێ، بەڵکو دەبنە دوژمنی یەک و دەگاتە رادەی کوشتن و دەستدرێژی".

## میکائیل گۆرانی بۆ زەردەشتییان دەڵێت



**رووداو- سلێمانی**

هونەرمەند میکائیل لە نوێترین کاریدا گۆرانییەک بۆ ئاینی زەردەشتی دەڵێت و بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا کلیپەکەی بڵاوبکرێتەوە.

گۆرانییەکەی میکائیل بەنێوی ئاڤێستایە. مەریوان ئەحمەد، دەرهێنەری کلیپی گۆرانییەکە گوتی کە تێکستەکەی لەلایەن شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەسەوە نووسراوە و میلۆدیی هەڵکەوت زاهیرە و ئەفشین شوکوریش موزیکی بۆ داناوە.

مەریوان گوتی "گۆرانییەکە باسی ئاینی زەردەشتی دەکات و لە سەنتەری رۆشنبیریی زەردەشتیان لە سلێمانی وێنەی گیراوە".

### فەرهادی رۆژئاڤا چاوەڕێی گەڕانەوەی شیرینەکەی دەکات

# ژنە دەرهێنەرێکی کورد فیلمێک لەسەر رۆژئاڤا دروست دەکات



**شەم جاف**
**رووداو- هەولێر**

بێری شەڵماشی، دەرهێنەری سینەمایی کورد و نیشتەجێی هوڵەندا، توانی هاوکاریی پێویست بۆ دروستکردنی فیلمی هاوارێک لەسەر بانەوە (Shouted from the Rooftops) کۆبکاتەوە. فیلمەکە چیرۆکی خۆشەویستییەکی کارەساتباری کوڕ و کچێکە کە جەنگ لە یەکی دابڕاندوون.

شەڵماشی ساڵی 2008 بڕوانامەی لە ئەکادیمیای فیلمی هۆڵەندا وەرگرتووە، لەو کاتەشەوە هەم لە هۆڵەندا و هەمیش لە دەرەوەی ئەو وڵاتە بووەتە ناوێک لەسەر پەردەی سینەماکان. ساڵی 2013 کاری نووسین و دەرهێنانی بۆ یەکەم فیلمی خۆی لەژێر ناونیشانی "دڵی گڕگرتوو" تەواو کرد. کورتە فیلمەکە لە هەرێمی کوردستان بەرهەم هات و لەبارەی کوشتن لەسەر نامووس بوو. ساڵی رابردوو خۆی و تیمەکەی پلانی بەرهەمهێنانی یەکەم فیلمی فیچەریان لە کوردستان هەبوو، بەڵام رەوشی ئاڵۆزی کوردستان نەیهێشت پلانەکە جێبەجێ بکرێ.

ئەمە یەکەمجارە شەڵماشی بە کۆکردنەوەی هاوکاری، فیلمێک دروست بکات و لەبارەی ئەم هەنگاوەوە بە (رووداو)ی گوت "جارێ ئەم کورتە فیلمە بەرهەم دێنم، چونکە کاتی ئەوەم لەبەردەست نییە دانیشم و چاوەڕێ بکەم پشتگیرییەکی داراییم لێبکرێت، یانیش رەوشی کوردستان بۆ دروستکردنی فیلمی درێژ لەبار بێتەوە".

بێری شەڵماشی باسی سەختییەکانی دروستکردنی فیلمی لە هەرێمی کوردستان و راکێشانی هاوکاریی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کوردی کرد، هەندێک وردەکاری دوایین پڕۆژە فیلمی خۆیشی بۆ (رووداو) خستەڕوو.

سەبارەت بە چیرۆکی کورتە فیلمی "Shouted from the Rooftops" شەڵماشی گوتی "کەسێتی سەرەکی فیلمەکە فەرهادە کە لەسەربانی خانوویەک لە رۆژئاڤا وەستاوە، ئەمە هەمان ئەو شوێنەیە کە خۆشەویستی ئەو بۆ شیرین دەستی پێکردووە". بەڵام شیرین بۆ بەشداری لە چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە بەهاری عەرەبی رۆیشتووە و نەگەڕاوەتەوە "هەموو خەڵک خەریکی جێهێشتنی شارەکەن، بەڵام فەرهاد ناتوانێت شارەکە جێبهێڵێ".

بۆچی ئەم چیرۆکە؟ شەڵماشی لە وەڵامدا دەڵێت "بەبۆچوونی من لۆژیکییە کە من ئافرەتی کورد وەکوو پاڵەوانێک بۆ فیلمەکانی خۆم هەڵبژێرم"، ئەمە جگە لەوەی "گەریلا و پێشمەرگەکانمان هەموو کات پاڵەوانە نەتەوەییەکانی ئێمە بوون، لە جەنگی داعشیشدا بوون بە پاڵەوانێکی نێودەوڵەتی".

ئەم فیلمە کە رەشنووسی سیناریۆکەی لە 2012 نووسراوە، بەشێکە لە سیانەیەک لەسەر هەمان بابەت کە بەشی یەکەمی لە ئەمستردام وێنەی گیراوە.

بە گوتەی دەرهێنەرە کوردەکە، کۆمەڵێک دەزگا و رێکخراویش هاوکاریی داراییان پێشکەش بە فیلمەکە کردووە، لەوانەش کەناڵی هۆڵەندا و رێکخراوی (Stichting Vluchteling)کە رێکخراوێکی هۆڵەندییە و یارمەتی پەنابەران دەدات. سەبارەت بە هەڵمەتی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ بەرهەمە هونەرییەکان، شەڵماشی گوتی "ئەمە شێوازێکی باو نییە، بەڵام رێگەیەکی باشە بۆ ئەوەی خێراتر فیلمەکە بەرهەم بهێنی"، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە "بەهۆی قەیرانە ئابووری و مرۆییەکانەوە هاوکارییە داراییەکان لە هەرێمی کوردستان وەستاون".

پڕۆژەی کورتە فیلمەکە بەگشتی 15 هەزار یورۆی کۆکردووەتەوە کە 10 هەزاری لە رێگەی هاوکاریی خەڵکانی دڵسۆزەوە بووە و 5 هەزارەکەی دیکەشی لەلایەن کەناڵی تەلەفزیۆنی هۆڵەندا دراوە.

سەبارەت بەو کەسانەی یارمەتی پرۆژەکەیان داوە، شەڵماشی گوتی "هەموو جۆرە خەڵکێکی تێدایە، هەر لە بەرهەمهێن، دەرهێنەر، رۆژنامەنووسەوە بگرە هەتا دەگاتە هاوڕێکانم لە هۆڵەندا، ئەمریکا، سوید، ئەڵمانیا و شوێنەکانی دیکە". پارەکەش بۆ کەلوپەلی پێویستی فیلمەکە، بلیتی فڕۆکە، شوێنی مانەوەی ستاف و خۆراکی تیمەکە خەرج دەکرێت. شەڵماشی دەڵێت "بودجەی راستەقینەی ئەم فیلمە دە هێندەی ئەو بڕەیە کە ئێمە پەیدامان کردووە، بەڵام بابەت و دۆزی بەرباس لە فیلمەکەدا، شوێن و چیرۆکی فیلمەکە وایکردووە هەموو کەس حەز بکات بەشێک لە فیلمەکە بێت."

ئێستا شەڵماشی خەریکە ئەکتەرەکانی فیلمەکە هەڵدەبژێرێ، بۆیە پێشوازی لە هەر کەسێکی بەهرەمەند دەکات کە پەیوەندیی پێوە بکەن. ئەو گوتی حەز دەکات فیلمەکە هێندەی دەکرێت راستەقینە دیاربێت، هەر بۆیە حەز دەکات ئەکتەرێکی دەستبکەوێت کە لە دڵەوە هەست بە چیرۆکەکە بکات.

لەبارەی شوێنی وێنەگرتنی فیلمەکە، شەڵماشی حەز دەکات لە کوردستان وێنەی بگرن، بەڵام بۆ ئەوەی ئەمە بکەن پێویستیان بە هاوبەشێک لە هەرێمی کوردستان هەیە، بۆ ئەوەی لە دروستکردنی فیلمەکەدا یارمەتیدەر بێت. ئەگەر ئەمە نەبێت بێری و ستافەکەی روو لە ئوردن دەکەن.

بێری شەڵماشی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە چاوەڕێی کۆکردنەوەی هاوکارییەکان دەکەن، ئەگەرنا دەقی سیناریۆکەی ئامادەیە، لەو قۆناغەشدا دەبێت لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلم لە هەرێمی کوردستان قسە بکەن، بۆ ئەوەی بزانن ئاخۆ کێ دەتوانێت بەشێک لەم پڕۆژەیە بێت.

شەڵماشی هیواخوازە ئەم بەهارە وێنەگرتنی فیلمەکە تەواو بکات و دواتریش لە هاویندا کاری مۆنتاژ، موزیک و شتە کا نی دیکەی بۆ بکات.

### لیمۆ هەورامی بۆ (رووداو):

# حەز دەکەم دوو مانگ جارێک گۆرانییەک بڵاوبکەمەوە



لیمۆ ساڵح (لیمۆ هەورامی) 49 ساڵ، لە گوندێکی سەر بە شاری مەریوان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. لە تەمەنی 13 ساڵییەوە رووی کردووەتە هەرێمی کوردستان و نزیکەی 23 ساڵیشە لە کەنەدا دەژی. لیمۆ چوار ساڵە گۆرانی دەڵێت و تەنیا هەشت گۆرانی هەیە و دوو گۆرانیشی بەرێوەن، بەڵام هێندە حەزی لە گۆرانیگوتنە کە دەڵێت حەز دەکات دوو مانگ جارێک گۆرانییەک بڵاوبکاتەوە.

لیمۆ شووی کردووە، بەڵام لەو پرۆسەیەدا شکستی هێناوە و تەنیا دوو مانگ لەگەڵ هاوژینەکەی ماوەتەوە. بەهۆی ئەمەشەوە تێڕوانینی بەرامبەر پێکەوەنانی خێزان گۆڕاوە و دەڵێت "تا ئێستا زۆر کەس هاتوونەتە پێشەوە، بەڵام زۆر متمانەم بە پیاو نەماوە". لیمۆ هەورامی لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) زیاتر لەبارەی کارە هونەرییەکان و ژیانی تایبەتی خۆی دەدوێت.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

**رووداو: بۆچی درەنگ دەستت بە کاری هونەری کرد؟**

**لیمۆ هەورامی:** راستییەکەی هەر لە منداڵییەوە حەزم لێبووە و کەسوکاریشم حەزیان لە هونەر بوو، بەڵام بەهۆی ئاوارەییەوە نەمدەتوانی دەستپێبکەم، چونکە لە هەشتاکاندا هاتینە شاری سلێمانی. ئەو کاتەش شەڕی عێراق- ئێران بوو، پاشان کە هاتمە کەنەدا دیسانەوە کەوتمە نێو داو و نەریتێکی جیاوازتر، لێرە کەس نەبوو هاوکارم بێت، ئیدی لە سەرەتاوە هونەرم لە بیر خۆم بردەوە، بەڵام هەمیشە گوێگری گۆرانی بووم و لەنێو کۆڕ و بۆنە کوردییەکان و لە تاراوگە گۆرانیم گوتووە.

**رووداو: زۆرتر کاریگەری چ هونەرمەندێکت لەسەر بوو؟**

**لیمۆ هەورامی:** مامۆستا عوسمان هەورامی.

**رووداو: کەی یەکەم بەرهەمت بڵاوکردەوە؟**

**لیمۆ هەورامی:** پێش دەستکردنم بە کاری هونەری، بەهۆی کێشەیەکی خێزانییەوە نزیکەی هەشت ساڵ ژیانم تێکچوو و تووشی نەخۆشیی دەروونی بووم، بەڵام ساڵی 2012 یەکەم گۆرانیم بەنێوی هەنار هەناری بڵاوکردەوە، خۆشبەختانە لەگەڵ دەستپێکردنم بە گۆرانیگوتن لەو نەخۆشییەش رزگارم بوو. سەرەتا لەگەڵ چەند موزیسیانێکی تورک سێ گۆرانیم تۆمارکرد، بەڵام زۆر بەدڵم نەبوون، دواتر چوومە لای موزیسیان گۆران کامیل و پێنج گۆرانیم تۆمارکرد، ئێستاش دوو گۆرانی دیکەم بەرێوەن، بەڵام گرفتی سەرەکیم لەو بەرهەمانە ئەوە بوو تێچووەکان لەسەر خۆم بوون، دەبووایە بۆ تۆمارکردن بڕۆمە ئەورووپا و بۆ کلیپیش بگەڕێمەوە کوردستان.

**رووداو: چوار ساڵە دەستت بە گۆرانیگوتن کردووە، بەڵام هەشت گۆرانی کەم نییە بۆ ئەو چوار ساڵە؟**

**لیمۆ هەورامی:** من حەزێکی زۆرم بۆ هونەر هەبوو، ئەگەر لە 16 ساڵییەوە دەستم پێبکردایە ساڵی گۆرانییەکم بڵاودەکردەوە و بەرهەمم زۆر دەبوون، بەڵام لە 47 ساڵییەوە

> بەهۆی جیابوونەوە هەشت ساڵ تووشی نەخۆشیی دەروونی بووم

> یەکەم ژنە هەورامیم گۆرانیی شاد بڵێم

دەستم پێکرد و رەنگە بۆ چەند ساڵێکی دیکەش بتوانم کار بکەم، بۆیە دەمویست ئەو حەزەی لە ناخمدایە دەریبڕم.

**رووداو: گۆرانییەکانت زیاتر لە شادییەوە نزیکن، بۆچی؟**

**لیمۆ هەورامی:** بەپێچەوانەوە زۆربەی بەرهەمەکانم خەماوین و خەڵکیش دەڵێن لە بەرهەمەکانتدا زیاتر خەمبارمان دەکەیت، بەڵام دەمەوێت لەسەر هەموو ستایلەکان بەرهەمم هەبێت. ئەو دوو گۆرانییە نوێیەی کاریان لەسەر دەکەم شادن، لە کاتێکدا تا ئێستا لە هەوراماندا هیچ ژنێک گۆرانی شادی نەگوتووە. شانازیش بەوەوە دەکەم کە موزیکی گۆرانییە خاوەکانیشم بەشێوازێکە تائێستا لە بەرهەمی هەورامیدا بەو شێوازە نەگوتراون.

**رووداو: بەراورد بە ناوچەکانی دیکە، لە هەورامان ژنی هونەرمەند کەمترن، هۆکاری چییە؟**

**لیمۆ هەورامی:** راستە، بە هەمووی سێ ئافرەتی هونەرمەندن و ئەوەش بەهۆی کولتوورەکەوەیە کە بەلایانەوە ئاسایی نییە ژنان گۆرانی بڵێن و ژنانیش خۆیان دەشارنەوە.

**رووداو: بەنیازیت بەردەوام بیت؟**

**لیمۆ هەورامی:** بێگومان، هەرچەندە زۆر سەرقاڵیشم بە ئیشوکارەوە، بەڵام ئەگەر بۆم بکرێت دوو مانگ جارێک گۆرانییەک بڵاودەکەمەوە.

**رووداو: شووت کردووە؟**

**لیمۆ هەورامی:** بەڵێ، بەڵام بەداخەوە شکستم هێنا و جیابووینەوە. کۆتایی ساڵی 2003 هاتمەوە بۆ شاری سلێمانی و لەگەڵ کوردێکی ئەو شارە یەکدیمان ناسی، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی مێردەکەم بە کەنەدا و هەر لە فڕۆکەخانەوە وەکو ئەوە بوو من نەناسێت، ئیدی دوو هەفتە پێکەوە بووین، بەڵام بیانووی هێنایەوە و رۆیشت، واتە بە هەمووی دوو مانگ لە ژیانی مندا بوو، بەو هۆیەوە ماوەی هەشت ساڵ تووشی نەخۆشیی دەروونی بووم، توانای ئیشکردنم نەما و ئیش و خانووشم لە دەستدا.

**رووداو: بەنیازنیت دووبارە شوو بکەیتەوە؟**

**لیمۆ هەورامی:** لەو کاتەوە تائێستا چەندین کەس هاتوونەتە پێشەوە، بەڵام تائێستا بڕیارم نەداوە، زۆریش متمانەم بە پیاو نەماوە.

> لە 47 ساڵیدا دەستم بە گوتنی گۆرانی کرد

> زۆر متمانەم بە پیاو نەماوە



جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - رێگای کەرکوك - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131




برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
ممتاز
ارز ١١٢١ سيلة هند
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®




شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder
حليب



### کچێک خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- هەولێر**

لە شارۆچکەی بنەسڵاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر کچێکی تەمەن 16 ساڵ بە گوللە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە و پۆلیسیش دەستیان بە لێکۆڵینەوە بۆ هۆکاری خۆکوشتنەکەی کردووە. نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو کچە نێوی ئیمان قاسمە ڕۆژی 2016/4/28 لە ماڵی خۆیان گوللەیەکی بە خۆیەوە ناوە و دەستبەجێش گیان لەدەستداوە. گوتیشی "لەلایەن پۆلیسەوە پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هۆکاری خۆکوشتنەکەی نەزانراوە و دوای کۆتاییهاتنی پرسەکەیان گوتەی کەسوکاریان وەردەگیرێت".

# بۆ شاردەنەوەی خیانەتەکەی دزی لە مێردەکەی دەکات



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو – سلێمانی**

کارمەندەکە سڵاوێکی سەربازیی لە بەرپرسەکەی کرد و پێی ڕاگەیاند کە ژنێک هاتووە دەیەوێ ئەو ببینێ، پاش کەمێک ژنێکی ڕەشپۆش و پیاوێکی باڵابەرزی کەڵەگەت هاتنە ژوورەوە، دوای سڵاوکردن، ژنەکە ئەوەی لە دڵیدا بوو بەرامبەر مێردەکەی و دوو کوڕەکەی باسی کرد.

ئەو دیمەنانە زوو زوو لە نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە سلێمانی/ ڕۆژهەڵات دووبارە دەبنەوە.

ژنەکە تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵ دەبوو، گوتی "مێردەکەم لە گوندێکی نزیک سلێمانی دەژی، گوشاری بۆ هێناوم ئەگەر نەگەڕێمەوە گوند تەڵاقم دەدات، بەڵام من توانای ژیانی گوندم نەماوە، ئێستاش کوڕەکانی لێ هانداوم، ئەمڕۆ خەریک بوو بمکوژن".

دوای قسەکردنی ژنەکە، پیاوەکە کە دەرکەوت برایەتی، دەستی بە قسە کرد و ترسی لە تەشەنەکردنی زیاتری کێشەی ئەو خوشکەی هەبوو، چونکە پێشتر ژن بەژنیان لەگەڵ زاواکەیاندا کردووە و گوتی "کاتی خۆی ئێمە ژن بەژنمان کردووە، بەڵام من و ژنەکەم شوکور زۆر باشین، لەوە دەترسێم بەهۆی جیابوونەوەی ئەم خوشکەم، کێشە بۆ منیش دروست ببێ".

لە شاری سلێمانی نووسینگەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای توندوتیژیی دژی ئافرەتان هەن بۆ بەدواداچوونی کێشە خێزانییەکان کە بە گوتەی بەرپرسانیان، ڕۆژانە دەیان کێشە ڕوویان تێدەکەن. بەپێی ئامارێک ساڵی ڕابردوو 1154 ئافرەت سکاڵایان لەو دوو نووسینگەیە تۆمارکردووە.

## کامێرای چاودێری تووشی کرد

یەکێکی دیکە لەو دۆسیانەی کە هێشتا لای ڕائید شۆڕش عەلی، بەرپرسی نووسینگەی ڕۆژهەڵاتی توندوتیژیی دژی ئافرەتان تازەیە، چیرۆکی ژنێکی تەمەن 35 ساڵە کە سکاڵای لەدژی مێردەکەی تۆمارکردووە.

شۆڕش گوتی "ئەو ژنە لەڕێگەی فەیسبووکەوە کوڕێکی لە دەرەوەی وڵات ناسیوە، دواتر کوڕەکە هاتووەتەوە و چوونەتە ماڵی هاوڕێیەکی ئەو کوڕە و لەوێ سێکسیان کردووە، بەڵام کوڕەکە کامێرای داناوە".

ڕائید شۆڕش لە زاری ژنەکەوە باسی لەوە کرد، خاوەن ماڵەکە گرتەی ڤیدیۆیی ئەو پەیوەندیەی بەدەست کەوتووە و ئەوەشی وەکو چەکێک لە دژی ئەو ژنە بەکارهێناوە "بەهۆی ئەو گرتەیەوە داوای پارە و ئاڵتوونی لێکردووە، ژنەکەش لە ماڵەوە و لە شوێنان پارەی بە قەرز وەرگرتووە و بەناچاری بۆی بردووە، پاشان کە مێردەکەیمان بانگ کرد، گوتی بۆیە هەڕەشەم لێکردووە، چونکە دزی لێکردووین".

وەکو ڕائید شۆڕش ئاماژەی بۆ کرد، مێردەکەی بە خیانەتی ژنەکەی نەزانیبوو، بەڵام ئەوان ڕێنمایی ژنەکەیان کردووە کە لە بنکەیەکی پۆلیس سکاڵا تۆمار بکات "ئەوەندەی ئاگادار بین سکاڵای تۆمار نەکردبوو، دواتر جیابوونەوە".

ڕائید شۆڕش ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە زۆر لە ژنان هۆشیاری یاساییان نییە، زۆرجار بۆ چارەسەرکردنی هەڵەکانیان پەنا بۆ هەڵەی دیکە دەبەن، وەکو ئەو ژنە کە لە جیاتی ئەوەی پەنا بۆ پۆلیس یان نووسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ببات، کەچی دزی لە مێردەکەی کردووە.

## دوو کچ لەژێر زەمینێکدا دەژین


یەکێکی دیکە لەو دۆسیانەی لەلایەن ڕائید شۆڕشەوە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت، دۆسیەی سێ کچە. ئەو دەڵێت ساڵی ڕابردوو کچە خوێندکارێکی خوار تەمەن هەژدە ساڵ سەردانی کردوون و لە مامەڵەی خراپی باوکی ئاگاداری کردوونەتەوە کە ئەوان سێ خوشک و برایەکن و دایکیان پێنج ساڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کردووە، دواتر باوکیان ژنی هێناوەتەوە.

ڕائید شۆڕش گوتی "دوای بەدواداچوونمان دەرکەوت ئەوان کێشەیان لەگەڵ باوەژنەکەیان نییە، بەڵکو باوکیان کە باری ئابووریشی زۆر باشە، مامەڵەی لەگەڵیاندا زۆر خراپە و دڵی لێیان پیسە، خوشکە گەورەکەیان کە 36 ساڵە و فەرمانبەرە، لەبەر ئەو مامەڵە خراپە ماڵی جێهێشتووە و ئێستا لە ژێرزەمینێکدا بە کرێ نیشتەجێیە و براکەشیان بەهەمانشێوە لە گەراجێکدا کار دەکات و دەخەوێت".

بە گوتەی ئەو بەرپرسەی ژنان، باوکیان جگە لە مامەڵەی خراپی لەگەڵ منداڵەکانی، تۆمەتیشی بۆ دروستکردبوون و گوتی "باوکیمان بانگ کرد و ڕەتیکردەوە مامەڵەی خراپ بێت، بەڵکو دەیگوت کوڕ و کچە گەورەکەی دزییان لێکردووە".

بە گوتەی ڕائید شۆڕش، بە ڕەزامەندی دادوەر کچە خوێندکارەکەیان ڕەوانەی لای خوشکە گەورەکەیان کردووە. دواتر خوشکە بچووکەکەشیان هەڵهاتووە و ئەویش چووەتە لای ئەوان، بەڵام بەهۆی نەگونجان، کچە ناوەنجییەکەیان گەڕایەوە لای باوکی.

# هانای بۆ هاوڕێی مێردەکەی برد، بەڵام هەڵیخەڵەتاند



**ڕووداو- سلێمانی**

(ن) بەوپەڕی ئومێد و متمانەوە لە هاوڕێی مێردەکەی دەڕوانی بۆ ئەوەی سۆراغێکی مێردەکەی بۆ بکات، بەڵام وا دەرنەچوو، هاوڕێی مێردەکەی سەرەڕای ئاوەژووکردنەوەی ڕاستییەکان، هەڵیخەڵەتاند و وایکرد خیانەت لە مێردەکەی بکات.

(ن، ق) ژنێکی تەمەن 26 ساڵە و خاوەنی سێ منداڵە، دانیشتووی شارۆچکەیەکی سلێمانییە. (ن) دەرچووی پەیمانگەیە، چیرۆکی ئەو تەنیا لە گومانەوە بەرامبەر مێردەکەی سەرچاوە دەگرێ، بەڵام نەیزانیوە دواجار دەبێتە هۆی ئەوەی ناپاکی لە مێردەکەی بکات.

(ن) پێنج ساڵ لەمەوبەر شووی کردووە، مێردەکەی کەسێکی کاسبکار بووە و زۆربەی کاتەکەی بۆ کەسابەت تەرخان کردووە. (ن) دەڵێت "ئیشی مێردەکەم وای دەخواست زۆربەی کات لە دەرەوە بێت، بەڵام منیش دەمویست هەقی ئێمەش بدات و بەو هۆیەشەوە زۆرجار دڵم لێی پیس دەکرد".

بە قسەی (ن)، بۆ زانینی هەواڵی ڕۆژانەی مێردەکەی، هەوڵیداوە لەڕێگەی هاوڕێیەکی نزیکی مێردەکەیەوە سۆراغی بکات، بەڵام نەیزانیوە ئەو کەسە نەک هەر لەگەڵیدا ڕاستگۆ نییە، بەڵکو فریویشی دەدات "ماوەیەک زانیاری بۆ دەهێنام گوایە مێردەکەم پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ ئافرەتی دیکە هەیە، لەبەر ئەوە و بەهۆی دروستبوونی بۆشایی خۆشەویستی لە ژیانمدا و زۆربوونی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانیشمان بۆ سۆراغی مێردەکەم، ئەو پەیوەندییە بۆ پەیوەندی خۆشەویستی گۆڕا و دواتر تەلەفۆن و سیمکارتێکی تایبەتی بۆ هێنام، بۆ ئەوەی کەس هەست بەو پەیوەندییەمان نەکات".

هاوڕێی مێردەکەی (ن) خێزاندار بووە، وەکو دوو خێزانیش هاتوچۆی یەکدییان کردووە، بەڵام پەیوەندی نێوان (ن) و هاوڕێیی مێردەکەی سەردەکێشێ بۆ ناپاکی. (ن) دەڵێت "ماوەیەک پەیوەندی ناشەرعی لەنێوانماندا ڕوویدا بێ ئەوەی کەس بزانێت، زیاتر ئێواران دەهاتە ماڵمان، بەڵام دوای ماوەیەک هەستمکرد لەڕووی ویژدانییەوە ئازارم بەو پەیوەندییە دەچەشت، بۆیە ئاگادارم کردەوە کە ئیدی بوەستێ، ئەویش قبوڵی کرد و زۆر دڵخۆش بووم".

دڵخۆشبوونی (ن) هەر ماوەیەک بووە، ڕۆژێک کە لە پەیمانگە بووە، ئەو کەسە بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە هاتووە و پێیگوتووە کە ئەو ڕۆژە خۆی و مێردەکەی لە ماڵی ئەوان میوانن. (ن) گوتی "کە ئەو قسەیەی کرد بەلامەوە ئاسایی بوو لەگەڵی بڕۆم، بەڵام بەداخەوە کاتێک چووینە ژوورەوە کەسی لێنەبوو، ئەویش دەرگای لەسەر داخستم و ئەمجارە بە زۆر دەستدرێژی کردە سەرم".

(ن) دوای ئەو ڕۆژەش وا هەستی کردووە ئیدی ئەو کەسە وازی لێدێنێ، بەڵام ئەو ڕۆژە بووەتە سەرەتای کێشەیەکی گەورەتر بۆ ژیانی و گوتی "لە ماڵی خۆیان بە نهێنی کامێرایەکی چاودێریی دانابوو، بەشێوەیەک خۆی لە پشتەوە دەرکەوتووە و ڕوخساری منیش بەڕوونی دەرکەوتبوو، دواتر چەند جارێک پەیوەندی پێوە کردمەوە و منیش وەڵامم نەدایەوە، ئینجا بۆی نووسیم سەیرێکی فەیسبووکەکەت بکە".

وەکو (ن) گێڕایەوە، کاتێک فەیسبووکەکەی کردووەتەوە تووشی شۆک بووە "گرتەی ڤیدیۆیی ئەو ڕۆژەی بۆ ناردبوومەوە کە لە ماڵیان بووم".

ئەوەی بەسەر (ن) هاتووە لە کاتێکدا بووە کە خوێندکاری پەیمانگەش بووە. ئەو دەڵێت "تووشی گوشارێکی گەورەی دەروونی بووم، ئەو کەسە هەڕەشەی دەکرد، بۆیە هانام بۆ مامۆستایەکی پەیمانگە برد، ئەویش لەگەڵ چەند لایەنێکی پەیوەندیدار بە دۆسیەکەم گفتوگۆی کرد و ئەو کەسەیان بانگ کرد و ڤیدیۆکەیان لێ وەرگرتەوە و بەڵێننامەشیان پێ پڕکردەوە کە جارێکی دیکە ئەو کارانە دووبارە نەکاتەوە".

(ن) دوای چوار ساڵ لەو ڕووداوەی بەسەریدا هاتووە، ئێستا ژیانی خۆشە و خاوەنی سێ منداڵە. دواجار بۆی دەرکەوت ئەوەی لەبارەی مێردەکەی پێیگوترابوو ڕاست نەبوو. (ن) هیواداره چیرۆکەکەی ببێتە پەندێک بۆ هەموو ئەو ژنانەی بەبێ هیچ بەڵگەیەک دڵپیسی لە مێردەکانیان دەکەن.



# لە کوشتنی مێردەکەی پەشیمان نییە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

هەشت ساڵە بە تاوانی کوشتنی مێردەکەی خراوەتە زیندانەوە، کەچی هێشتا پەشیمان نییە لەو تاوانە ئەگەرچی دەڵێت ڕێگەی دیکە هەبوو بەرامبەر مێردەکەی بیگرێتەبەر.

(س.ع) 38 ساڵ، ژنێکی باڵا مامناوەندە، دایکی شەش منداڵە و دانیشتووی شاری سلێمانییە. لە مانگی ئابی 2008ەوە بە تاوانی کوشتنی مێردەکەی سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، نە دیارە لە سێدارە بدرێت و نە دیارە ئازاد بکرێ.

(س) دەڵێت لە تەمەنی چواردە ساڵیدا دوور لە خواستی خۆی بەشووودراوە "دایکم گوتی کەسێکی باشە و شووی پێبکە، هەرچەندە شووم پێکرد و ژیانیشمان خۆش بوو، بەڵام مێردەکەم سەری لە خۆی و من و منداڵەکانیشم شێواند".

ژیانی ئەو ژن و مێردە زۆر خۆش بووە، تا ئەو کاتەی ژنەکە گومانی لە مێردەکەی کردووە ناپاکی لەگەڵ دەکات "مێردەکەم نزیکەی شەش ساڵ بوو خیانەتی لێدەکردم، زۆر کەس دەیانگوت خیانەتت لێدەکات، بەڵام من باوەڕم نەکرد، تا بە چاوی خۆم نەمبینی".

ئەو دەڵێت "جارێک چووبوومەوە بۆ ماڵی باوکم، کاتێک هاتمەوە کەسێکی نزیکی مێردەکەم پێیگوتم خۆزگە جارێک بەسەردا دەهاتییەوە تا بزانی چی ڕوودەدات".

(س) بە قسەی خۆی چەند جارێک هەوڵی داوە بەڕێگەی گفتوگۆ مێردەکەی ڕازی بکات واز لەو کارانە بێنێت "کە پێمدەگوت ڕەتیدەکردەوە. دەیگوت چەندین ئافرەتی وەکو تۆ مەمنونن شووم پێبکەن".

وەکو (س) گوتی، ئێوارەیەک مێردەکەی گەنجێکی تەمەن 20 ساڵی بۆ ماڵەوە هێناوەتەوە "پێیگوتم ئەو گەنجە گوناهە و کەسی نییە با ئەمشەو لێرە بێت، منیش گومانم هەبوو شەوەکەی نەخەوتم، بۆ بەیانییەکەشی چوومە دەرەوە بۆ کڕینی پێداویستی و بە منداڵە گەورەکانم گوت چاودێریی بکەن. کە هاتمەوە کچە گەورەکەم گوتی ئەو کەسە لەگەڵ باوکم چوونە ژوورێکەوە و باوکم ئێمەشی خستە ژوورێکی دیکەوە و دەرگای لەسەر داخستین".

ئەو ژنە باسی کوشتنی مێردەکەی دەکات و دەڵێت "دوای ئەو ڕووداوە زۆر داوام لێکرد بڕوات و وازمان لێبێنێ، بووە دەمەقاڵێمان، ویستی بە چەقۆ بمکوژێت، بەڵام من توانیم بەرگری لە خۆم بکەم و کوشتم".

(س) وردەکاری زیاتری ڕووداوەکەی باسکرد "دوای ئەوەی چەقۆم لێدا، بردمە دەرەوە و لە شوێنێکدا شاردمەوە، سەرەتا ماڵی باوکی مێردەکەم نەیانزانی، بەڵام دواتر خۆم ڕادەستی پۆلیس کرد و دانم بە تاوانەکەدا نا و شوێنەکەشم پێگوتن".

بە قسەی ئەو ژنە، پێش ڕووداوی کوشتنەکەش ماڵی باوکی لەو کارانەی مێردەکەی ئاگادار کردووەتەوە و پێیانگوتووە جیاببەوە، بەڵام لەبەر منداڵەکانی نەیتوانیوە ئەو بڕیارە بدات "چەندین جار تۆرام و ماڵی باوکم زانییان، بەڵام ئەگەر جیاببوومایەوە منداڵەکانی نەدەدامەوە".

وەکو (س) گوتی، لەگەڵ ئەوەی پێشتر کەسوکاری مێردەکەی و خۆیشی بەو کارانەی مێردەکەیان زانیوە، بەڵام دوای کوشتنەکەش حاڵەتی چاوەڕواننەکراو ڕووبەڕووی بووەتەوە "ماڵی خەزوورم کە پێشتر بە کارەکەشیان دەزانی، بوونە سکاڵاکار لە دژم، کوڕ و براکەشم سکاڵایان تۆمار کرد، چونکە براکەم گوتی نەتکوشتایە و پێمانگوتی جیابەرەوە، ئەوە بوو سوڵحیشیان بۆ نەکردم، تەنانەت کەسوکاری خۆیشم گومانیان لەوە هەبوو کە بە تەنیا کوشتبێتم".

(س) ئێستا دان بەوەدا دەنێت کە کوشتنی مێردەکەی هەڵە بووە، بەڵام پەشیمان نییە و دەڵێت "کوشتم و لێی پەشیمان نیم، ئامادەم بیست ساڵیش لە زیندان بم، بەڵام هەڵە بووم کە دەمزانی مێردەکەم ئەو کارانە دەکات، لەلای پۆلیس سکاڵام لە دژی تۆمار نەکرد". (س) کاتێک سەیری ژیانی خۆی دەکات لە زیندان، ئامۆژگاری ژنان دەکات کە لە کاتی دروستبوونی کێشەدا لەگەڵ مێردەکانیان، پەنا بۆ کوشتن نەبەن، چونکە زۆر ڕێگەی دیکە هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمـارە ( 406 ) دووشـــەممە 2016/5/2

## پیاوێک بە چەقۆ دەکوژرێت



**ڕووداو- دهۆک**

تەرمی پیاوێکی تەمەن 35 ساڵ لە دەوروبەری شاری دهۆک دۆزراوەتەوە و دەرکەوتووە بە چەقۆ کوژراوە. ڕائید هێمن سلێمان، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت "ئێوارەی ڕۆژی 2016/4/25 تەرمی ئەو پیاوە لە دەوروبەری دهۆک دۆزراوەتەوە و دوای ئەوەی لەلایەن پۆلیس، پشکنینی بۆ کراوە، دەرکەوتووە جەستەی شوێنی چەند چەقۆیەکی پێوە دیارە. گوتیشی "گەنجەکە خەڵکی شاری دهۆکە و خێزاندار بووە، هۆکاری کوشتنەکەی کێشەی کۆمەڵایەتییە و بکوژەکەش کەسێکی نزیکی خۆیەتی و فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، بەڵام تا ئێستا خۆی ڕادەستی پۆلیس نەکردووە.

## بە بەرچاوی منداڵەکانیەوە

# پۆلیسێکی نەهێشتنی تاوان ژنەکەی خۆی دەکوژێ



**ڕووداو- سۆران**

پۆلیسێکی نەهێشتنی تاوان بە گومانی ناپاکی، هاوڕێیەکی خۆی دەکوژێت و پاشان بە بەرچاوی خەزوور و خەسووی و منداڵەکانییەوە، ژنەکەی خۆیشی دەکوژێ. برایەکی کوژراوەکە و خەزووری تۆمەتبارەکە ڕەتیدەکەنەوە ژنە کوژراوەکە خیانەتی لە مێردەکەی کردبێ و دەڵێن تۆمەتبارەکە قەرزدار بووە.

شەوی 2016/4/23 پۆلیسێکی نەهێشتنی تاوان لە سۆران بەنێوی (ع.م) ژنەکەی خۆی دەکوژێت، هەروەها هاوڕێیەکی خۆی بە نێوی سەرهەد ئەحمەد، تەمەن 33 ساڵ دەکوژێت.

ڕائید سەعدون نەبی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو تۆمەتبارە لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی پۆلیسدا گوتوویەتی، دەنگۆیەکی بیستووە کە گوایە ژنەکەی دوو هەفتەیە لەگەڵ هاوڕێیەکی ناپاکی لێدەکەن، بۆیە هەردووکیانی کوشتووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی نییە بۆ سەلماندنی ئەو دەنگۆیە".

بە گوتەی ڕائید سەعدون، بکوژ لە ماڵەوە لەگەڵ ژنەکەی لەسەر ئەوە مشتومڕیان بووە و پاشان پەیوەندی بە سەرهەدەوە کردووە و گوتوویەتی حەز دەکات لە دەرەوە ببینێ، هەرچەندە هاوڕێکەی ڕەتیکردووەتەوە کە پەیوەندی لەگەڵ ژنەکەی هەبێت، بەڵام ئەو کوشتوویەتی، پاشان گەڕاوەتەوە ماڵەوە و ژنەکەشی کوشتووە.

پۆلیسێکی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان لە سۆران کە ئاگاداری ژیانی تۆمەتبارەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت تۆمەتبارەکە دوای دەوام، لەگەڵ سەرهەد پێکەوە کاریان دەکرد و زۆر تێکەڵیش بوون "بەردەوام پێکەوە بوون و ڕۆژی وا هەبوو سەرهەد لە کاتی دەوام سەردانی تۆمەتبارەکەی دەکرد، بۆیە ڕووداوەکەمان بەلاوە سەیر بوو".

ڕزگار ئەحمەد، برای کوژراوەکە ڕەتیکردەوە کوشتنی براکەی لەسەر ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە بووبێت و بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو تۆمەتە دوورە لەڕاستی. ئێمە دوو پێشانگای ئۆتۆمبێلمان هەیە، ساڵ و نیوێک لەمەوبەر بکوژەکە سەردانی کردین و گوتی قەرزدارم، دەمەوێت ئۆتۆمبێلێک بکڕم بۆ ئەوەی کاری پێ بکەم و قەرزەکانم بدەمەوە، دواتر لەگەڵ براکەم بڕیاریان دا پێکەوە کاری بەستنی دار و تەختە بکەن".

ڕزگار گوتیشی "پێشتر براکەم ئیشی تەختەبەستنی نەکردبوو، بەڵام کە بکوژەکە هات، خۆم گرێبەستم بۆ کردن و ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی براکەم پێداویستییەکانی بۆ بکڕێت و ئەویش کار بکات، تەنانەت لە گرێبەستەکەشدا نووسیمان (ع) هیچ حەق و مافێکی بەسەر ئەو تەختە و دارەوە نییە و تەنیا کار دەکات".

بەپێی قسەکانی ڕزگار، کاتێک براکەی زانیویەتی (ع) قەرزدارە، جگە لە کڕینی پێداویستییەکانی کارکردن، بڕی 18 ملیۆن دینار قەرزیشی بۆ داوەتەوە و زۆر هاوکاریی کردووە، بەڵام تۆمەتبارەکە زۆرجار غەدری لە براکەی کردووە و مافی خۆی بە تەواوەتی نەداوەتێ. ڕزگار گوتی "10 ڕۆژ پێش ڕووداوەکە سەرهەد پێیگوتم ئەو پیاوە مافی من بە تەواوی نادات، ئەوەی دێتە دەستی دەیداتەوە بە قەرز، ئێستاش نایەت بۆ کارکردن".

بە گوتەی ڕزگار، ئەو شەوە تۆمەتبارەکە پەیوەندی بە سەرهەدەوە کردووە بۆ ئەوەی بێتە دەرەوە و مافی خۆی بداتێ. ڕزگار گوتی "سەرەتا ویستوویەتی براکەم بباتە ناوچەی جوندیان لەوێ بیکوژێت و فڕێی بداتە نێو ڕووبار، بەڵام براکەم نەچووە. پاشان بە براکەمی گوتووە بمگەیەنەوە ماڵەوە. لە ڕێگا پێیگوتووە بۆیە تۆم هێناوەتە دەرەوە دەڵێن پەیوەندیت لەگەڵ ژنەکەم هەیە. سەرەتا چەقۆیەکی لە سنگی براکەم داوە و ئەویش هەرچەندە ئۆتۆمبێلی لێخوڕیوە، بەڵام بەرگری لەخۆی کردووە و پاشان چەند چەقۆیەکی دیکەی لێداوە و دواتریش بە دەمانچە چەند فیشەکێکی بە جەستەیەوە ناوە و کوشتوویەتی".

ڕزگار ڕەتیکردەوە کە براکەی پەیوەندی لەگەڵ ژنی (ع)دا هەبووبێ و گوتی "لەبەرئەوەی براکەم داوای قەرزی لێکردووەتەوە، ئەو تۆمەتەی بۆ دروستکردووە و دەیەوێ بڵێت بۆ پاککردنەوەی ناموس سەرهەد و ژنەکەی خۆی کوشتووە".

(ع) و ژنەکەی پورزای یەکدین، یوسف عەبدوڵڵا خەزووری (ع) کە لەگەڵ ژنەکەیدا لە کاتی ڕووداوەکە لە ماڵی (ع) بوون، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "(ع) پەیوەندی بە سەرهەدەوە کرد و گوتی وەرە قەرزەکەت بدەمەوە، سەرهەد هات و گوتی نۆ ملیۆن دینارم پێداوی، ئەویش دەیگوت نەخێر هەشت ملیۆن دینار بوو، داوام لە سەرهەد کرد هاوکاری بکات، ئەویش گوتی با ملیۆنێک بە قوربانی تۆ بێت، بەڵام بۆ هەشت ملیۆنەکە ماوەیەک مۆڵەتی پێدەدەم، ئەگەر نەمداتەوە دەمانچەکەی لای منە و ناچارم بیفرۆشم، ئیدی سەرهەد ڕۆیشت".

براکەی سەرهەد گوتی "ئەو قسەیە ڕاستە، بڕیار بوو لەم ماوەیەدا نیوەی 18 ملیۆنەکەی بداتەوە و لە ماوەیەکی دیکەشدا نیوەکەی دیکە، جگە لەو پارەیە هیچ کێشەیەکی دیکەیان نەبووە".

بە گوتەی خەزووری، دواتر (ع) گوتوویەتی دەڕوات دەمانچەکەی لە سەرهەد وەربگرێتەوە "(ع) ڕۆیشت و دوای نزیکەی کاژێرێک چووم بۆ دەستنوێژ هەڵگرتن، (ع) هاتەوە و گوتی ژنەکەم و سەرهەد ناپاکییان کردووە، بەڵام بەڵگەی نەبوو، پاشان لەنێو هۆڵەکەدا کە ژنەکەم و کچەکەم و چوار منداڵەکەشی لەوێ بوون، تەقەی لە ژنەکەی کرد و کوشتی، ئینجا لەسەر دیوارەوە خۆی هەڵدا و ڕۆیشت".

ئەو جگە لە ڕەتکردنەوەی ئەو تۆمەتە، پەسنی هاوڕێ کوژراوەکەی (ع)ی دا و گوتی "کوڕێکی ڕێکوپێک بوو"، گوتیشی "زاواکەم زیاتر لە 80 هەزار دۆلار قەرزدار بووە، هۆکاری کوشتنی سەرهەدیش لەبەر داواکردنەوەی قەرزەکەی بوو، پاشان ژنەکەشی کوشت بۆ ئەوەی دۆسیەکە بکاتە مەسەلەی شەرەف".

سەرچاوەیەکی نزیک لە ماڵی باوکی بکوژەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کەسوکاری (ع) بەهۆی کێشەیەکی خۆیانەوە نزیکەی سێ ساڵە هیچ پەیوەندییان بە کوڕەکەیانەوە نەماوە و هاتوچۆی یەکدیشیان نەکردووە و ئاگاداری ڕووداوەکە نین، بەڵام یاسا هەر سزایەکی بدات قبوڵیانە".

# خاڵی خۆی بە سێ فیشەک دەکوژێت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- خەبات**

پیاوێکی دانیشتووی قەزای خەبات، خاڵی خۆی بە سێ فیشەک دەکوژێت، دوای ڕووداوەکەش لەگەڵ برایەکی هەڵدێن. کەسوکاری کوژراوەکە دەڵێن هەرچەندە بکوژ خوشکەزای کوژراوەکەیە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک لێی خۆش نابن.

ڕۆژی 2016/4/13 پیاوێکی تەمەن 36 ساڵ بە نێوی (سەردار.ن)، دانیشتووی قەزای خەبات کە پێشمەرگە بووە و باوکی حەوت منداڵ بوو، لەلایەن خوشکەزایەکی خۆیەوە بەنێوی (ش.ئا) تەمەن 28 ساڵ، تەقەی لێکرا و کوژرا. تۆمەتبارەکە لەکاتی ڕووداوەکەدا برایەکی خۆیشی لەگەڵدا بووە، بۆیە دوای ڕووداوەکە هەردووکیان هەڵاتوون.

نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر تەنیا گوتی هۆکاری کوشتنی ئەو پێشمەرگەیە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە لە نێوان خاڵ و خوشکەزاکەدا.

بەپێی زانیاریی سەرچاوەیەک لە خەبات، کێشە کۆمەڵایەتییەکە ئەوە بووە کە کوژراوەکە پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ ژنی بکوژەکەدا هەبووە و بکوژەکەش بەو پەیوەندییەی زانیوە، چەند جارێکیش ئاگاداری کردووەتەوە، بەڵام بێسوود بووە، بۆیە کوشتوویەتی.

بەڵام سەرچاوەیەکی نزیک لە خێزانی کوژراوەکە ئەو زانیاریانەی ڕەتکردنەوە و گوتی "ئەو قسەیە دوورە لەڕاستی و خەڵک دەنگۆ دروست دەکەن، ئەوەی کوژراوە بەردەوام نوێژی دەکرد و کاتێکیش لە بەرەکانی شەڕ دەگەڕایەوە هاتوچۆی مزگەوتی دەکرد".



بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، (ش) ماوەیەک پێش ڕووداوەکە داوای نزیکەی بیست هەزار دۆلاری لە خاڵی کردووە، بەڵام خاڵی پێی نەداوە "هەفتەیەک پێش ڕووداوەکە سەردار پێیگوتم کە (ش) داوای 20 هەزار دۆلاری لێکردووە، بەڵام ئەو نەیداوەتێ".

کەسە نزیکەکەی سەردار پێیوایە کوشتنی ئەو پیاوە بە "پلان" بووە و گوتی "پێشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە سەردار ویستوویەتی بڕواتەوە بۆ دەوام، بەڵام لەڕێگەدا (ش) و براکەی تەقەیان لێکردووە و هەڵاتوون".

دەربارەی هەڵوێستی ئەوان لەو دوو برایە، خزمەکەی سەردار گوتی "لێیان خۆش نابین و چاوەڕێین لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر بکرێن و ئیجرائاتی توندیان لەگەڵ بکرێت، ماڵی باوکیشیان هەمان هەڵوێستیان هەیە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر، ساڵی ڕابردوو 50 پیاو لە سنوورەکەیاندا کوژراون، بەڵام تەنیا لە مانگی ڕابردوودا شەش پیاو کوژراون.

نەقیب هۆگر عەزیز دەڵێت ڕووداوەکانی کوشتن لە مانگەکانی ئادار و نیساندا ڕوویان لە هەڵکشان کردووە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانیشی ئاماژەی بە ئامارێکیان کرد و گوتی "لەو دوو مانگەدا 80% دزی کەم بووەتەوە، کوشتن 60% زیادی کردووە، بەڵام ئەوەی گرنگە زۆربەی تۆمەتبارەکانیش دەستگیرکراون، چونکە پۆلیس ناتوانێت ڕێگە لە تاوان بگرێت، بەڵام توانیویەتی تۆمەتبارەکان دەستگیر بکات".

نزار زرار، توێژەری کۆمەڵایەتی لەبارەی هۆکاری زیادبوونی تاوانەکانی کوشتن دەڵێ، هەر کاتێک ژیان بە ئامرازەکانی گەیاندن پێشکەوت، ڕووداوەکانیش زۆرتر دەبن و گوتی "بە گشتی هەست دەکرێت توندوتیژی زیاتر پەرە دەستێنێ، چونکە دەبینین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کەناڵەکانیشەوە بەردەوام ڤیدیۆی توندوتیژی نیشان دەدرێت، هەروەها زۆریی چەک و ڕیکلامکردن لە پەیجەکانی فەیسبووکدا کە کاریگەری گەورەی لەسەر زۆربوونی تاوانەکان هەیە".

وەکو نزار ڕوونیکردەوە، قەیرانی ئابووری هەرێمی کوردستانیش هۆکارێکی دیکەیە، چونکە کاتێک مرۆڤ لەڕووی ماددییەوە گرفتی بۆ دروست دەبێت هەموو ڕێگەیەک بۆ دابینکردنی پارە دەگرێتە بەر.



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

# ژنەکەی داخی کرد

پیاوێکی تەمەن 65 ساڵ سەردانی کردین و داوای کرد کە چارەیەکی بکەین، چونکە ژنێکی عەرەب فێڵی لێکردووە، گوتی کوڕەکانم بە هەزار دەردی سەری پارەیان کۆکردەوە بۆ ئەوەی ژنم بۆ بێنن و دڵم خۆش بکەن، کەچی ئەو ژنە داخی کردم. من خەمی ئەو پارەیەم نییە کە لەدەستم چووە، بەڵام نازانم چی جوابی خەڵک بدەمەوە.

کاتێک داوای لێکرا چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە، گوتی "ژنەکەم مرد، حەزم کرد ژنێکی دیکە بهێنمەوە، منداڵەکانیش پێیان خۆش بوو. پیاوێک بە حیساب یارمەتی دام، بەس من نازانم کارەکەی ناو بنێم یارمەتی یان دەلاڵی. ئەو پیاوە لە کەرکووک ژنێکی عەرەبی بۆ دۆزیمەوە کە تەمەنی 35 ساڵ بوو. کوڕەکانم لەگەڵم هاتن بۆ کەرکووک و خوازبێنی ئافرەتەکەمان کرد، خودا کردی بە قسمەتم و گواستمەوە. بە زێڕ و مارەیی و خەرجی گواستنەوە نزیکەی 10 هەزار دۆلارێکم خەرج کرد. 10 ڕۆژی یەکەم بە خۆشی تێپەڕین و هیچ کێشەی نەبوو، لەناکاو گوتی کەسوکارەکەم لە کەرکووک تووشی کێشە بوون، دەبێتە بە پەلە بچمەوە لایان. منیش گوتم چ پێویست بە تۆ دەکات، ئەویش دەستی بە گریان کرد، هەتا باوەڕیشی پێبکەم گوتی زێڕەکان لەگەڵ خۆم نابەم، بەڵام من گوتم چۆن دەبێت بەبێ زێڕ بچیتەوە نێو خزم و کەسوکارت، حەز دەکەم لەنێو هەموویان دیار بیت کە ژیانت خۆشە و کێشەت نییە".

پیاوەکە چەند ڕۆژێک چاوەڕێ دەکات ژنەکەی ناگەڕێتەوە، بۆیە دڵی دادەخورپێ و داوا لە یەکێک لە کوڕەکانی دەکات بەدوایدا بچێ، بەڵام دەبینێ ماڵیان لە شوێنی خۆی نەماوە و دراوسێکانیشیان نەیاندەزانی بۆ کوێ چووە.

ئەو پیاوە خەمی ئەوەی نەبوو کە لەلایەن ئەو ژنەوە هەڵخەڵەتێنراوە و نزیکەی 10 هەزار دۆلاری لێ بردووە، بەڵکو دەیگوت "من خەمی ئەوەمە چی وەڵامی خزمان و دۆستانم بدەمەوە، ئابڕوومان چوو، خەڵک ناڵێن ئەو ژنە بۆچی لەلای ئەو پیاوە دانەنیشت و ڕۆیشت؟".

پیاوەکە سکاڵای لەسەر ژنەکەی هەبوو، داوای دەکرد ژنەکەی بگەڕێتەوە لای، دۆسیەکەی ڕەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی توندوتیژی خێزانی کرا، دادوەر داوای گرێبەستی هاوسەرگیری کرد، بەڵام پیاوەکە گوتی گرێبەستم نییە و ژنەکەم لە دەرەوەی دادگا مارە کردووە، بۆیە دادوەر یەکسەر دۆسیەکەی داخست و پێیگوت بچێتە دادگای باری کەسی و لەوێ سکاڵا تۆمار بکات.

لە دادگای باری کەسیش وەها بە ئاسانی ڕزگاری نابێت، لەوێ دەبێت یەکەمجار داوا بەرز بکاتەوە و بڵێت لە دەرەوەی دادگا ژنی مارە کردووە، ئەوەش بەبێ سزا بەسەریدا تێناپەڕێ، چونکە بەپێی ماددە 10، بڕگەی پێنج لە یاسای باری کەسێتی، هەر کەسێک ژن لە دەرەوەی دادگا مارە بکات، ئەو سزا دەدرێت بە غەرامەکردن کە لە ملیۆنێک دینار کەمتر نەبێت و لە سێ ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت. ئینجا پاشان لە ڕێگەی هەمان دادگاوە داوایەک بەرز دەکاتەوە بۆ گەڕانەوەی هاوژینەکەی، لەوێش بەپێی ماددە 25 لە هەمان یاسا کە تایبەتە بە (لاساری)، مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکەی دەکرێت.

بەپێی ئەو یاسایە، لاساری بریتییە لە خۆبەگەورەزانینی یەکێک لە هاوژینەکان، وەکو ئەم حاڵەتانە. مێرد ژنەکەی بەجێبێڵێ، یاخود ژنەکە ماڵی مێردی بەبێ مۆڵەت و بەبێ هۆی شەرعی جێبێڵێ.

ئێستا مارەکردنی ئافرەتی تەمەن بچووک لەلایەن پیاوی بە تەمەنەوە خەریکە لە حاڵەتەوە دەبێتە دیاردە، زۆربەی ئەو جۆرە گرێبەستانەش فەشەل دێنن، ژنەکە لە ناکاو ون دەبێت، جا یان ئەوەتا فێڵی لە پیاوەکە کردووە، یانیش لەبەر هۆکاری تەمەن لەگەڵ یەکدی ناگونجێن و ژنەکە دەڕوات.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# بەڵگەنامەکانی ماڵی ئەبوو سەیاف چی لەبارەی نەوتی داعش دەڵێن؟

ڕووداو- Wall Street Journal

ساڵی ڕابردوو، بازاڕی نەوتی ئەبوو سەیاف، بەرپرسی کاروباری نەوت لە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، گەرم بوو. ئەو بە ئەزموونێکی کەم توانیبووی تۆڕێک لە بازرگان و وردەفرۆش بۆ نەوتی ژێر کۆنترۆڵی داعش دروست بکات و بەمەش داهاتی نەوتی گرووپەکە سێ هێندە بکات.

ئەبوو سەیافیش لەگەڵ بازرگانەکان و دەستڕۆیشتووەکانی دنیای نەوت خاوەنی کۆمەڵێک کێشەی هاوبەش بوو، لەوانەش بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت، باشترکردنی پەیوەندی نوێنەرایەتییەکان و هەڵسووڕاندنی بەڕێوەبەرەکانی دیکەی نەوتی داعش. ئەبوو سەیاف کۆمەڵێک بەرپرسیارێتی دیکەشی هەبوو کە تایبەت بوون بە داعش، وەکوو ژمێریاری و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو وێرانکاریانەی بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکاوە بەر ژێرخانی نەوتی دەکەوتن.

هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا مانگی ئایاری ساڵی ڕابردوو توانییان لە هێرشێکی نهێنیدا لە دێرەزوور، ئەبوو سەیاف بکوژن. لە کاتی هێرشەکەدا ئوم سەیاف، هاوسەری ئەبوو سەیاف دەستگیر کرا و کچە کوردێکی ئێزدیش ڕزگار کرا. هاوکات دەست بەسەر ژمارەیەکی زۆر زانیاریدا گیرا کە تایبەت بوون بە چۆنێتیی بازرگانیکردن بە نەوت لەلایەن داعشەوە، لەو زانیاریانەدا ڕوون دەبێتەوە کە داعش چۆن توانی ببێتە دەوڵەمەندترین گرووپی ئیسلامیی توندڕەو لە جیهاندا.

ئەو دۆکیومێنتانەی لە ماڵەکەی ئەبوو سەیافدا گیران، باسی ئەوە دەکەن کە داعش بە چ شێوازێک چالاکییە نەوتییەکانی خۆی بەڕێوە بردووە، پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی سووریا و داعش چۆنە و چ جۆرە مامەڵەیەک لەگەڵ دۆسیەکانی گەندەڵی لەلایەن سەرکردەکانی داعشەوە دەکرێت. لە بەشێکی دیکەی بەڵگەنامەکاندا دەردەکەوێت هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی داعش، داهاتی ئەم ڕێکخراوەی کەم کردووەتەوە، بەڵام وشکی نەکردووە.

لە ماوەی 11 مانگی ڕابردوودا، ئەمریکا و هاوپەیمانانی سەدان هێرشی ئاسمانیی دیکەیان بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی داعش ئەنجامداوە، بە گوتەی بەرپرسانی ئەمریکی، 30%ی ژێرخانی نەوتیی داعش تێکشکێنراوە، هەر بۆیە باج بووەتە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی ڕێکخراوەکە.

ئەگەرچی بۆردومانەکانی هاوپەیمانان زیانێکی بەرچاوی بە کەرتی نەوتی داعش گەیاندووە، بەڵام فرۆشی نەوتی ئەم گرووپە لە عێراق و سووریا ڕۆژانە خۆی لە ملیۆنێک دۆلار دەدات. وەکوو دوو بەرپرسی نەوتی داعشیش بە وۆڵ ستریت جورناڵیان ڕاگەیاندووە، ئەو پێکهاتەیەی کاتی خۆی ئەبوو سەیاف بۆ بازرگانیی نەوتی داعشی دانابوو، هەتا ئێستا بەردەوامە، بەتایبەتیش ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ حکومەتی سووریا کراون.

بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی لە ئایاری 2015دا دەستکەوتوون، 72%ی ئەو 289 ملیۆن دۆلارەی لە ئەیلولی 2014 هەتا شوباتی 2015 لە ڕێگەی سەرچاوە سروشتییەکانەوە دەستی داعش کەوتووە، لەڕێی بەشەکەی ئەبوو سەیافەوە بووە.

ئەبوو سەیاف کە ناوە ڕاستەقینەکەی فەتحی بن عەون ئەلمورادە، سەرەتای ساڵانی هەشتاکان لە پایتەختی تونس لەدایک بووە، پاش 2003 دەچێتە ڕیزەکانی ئەلقاعیدە کە ئەوکات ئامانجیان دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و شکستپێهێنانی حکومەتی زۆرینە شیعەی عێراق بوو. لە 2010 ئافرەتێکی عێراقی خواست کە بنەماڵەکەی بەشدارییان لە جەنگی دژی ئەمریکادا کردبوو.

کاتێک ئەبووبەکر بەغدادی، خەلیفەی داعش، لە حوزەیرانی 2014دا خەلافەتی ڕاگەیاند، داعش دەستی بەسەر گەورەترین کێڵگە نەوتییەکانی سووریادا گرتبوو، تەنانەت وەزارەتی نەوتیشیان دامەزراندبوو کە ناوەکەی "دیوانی سەرچاوە سروشتییەکان"ە. حاجی حەمید، وەزیری نەوتی داعش، ئەبوو سەیافی وەکوو بەرپرسی کێڵگە نەوتییەکانی دێرەزوور و حەسەکە دەستنیشان کرد.

ئەبوو سەیاف تۆڕێکی 152 کەسی پێکهێنابوو کە ژمارەیەکیان لە وڵاتە عەرەبییە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە پۆستی کارگێڕیی نەوتدا کاریان کردووە و دواتر هاتوونەتە نێو داعش، لەوانەش سعودییەک کە بەرپرسی گەورەترین کێڵگەکانی داعش بوو. عێراقییەک کە بەشی چاککردنەوەی کێڵگەکانی نەوتی لەئەستۆ بوو، کەسێکی جەزائیری و تونسیەکیش وەکوو بەرپرسی بەشی پەرەپێدان و چالاکیی پاڵاوگەکان کاریان دەکرد.

بارەگای ئەبوو سەیاف لە کێڵگەی ئەلعومەر لە دێرەزوور بوو کە بەر لە جەنگی ناوخۆیی سووریا لەلایەن کۆمپانیای (ڕۆیاڵ داچ شێڵ)ەوە کاری دەرهێنانی نەوتی تێدا دەکرا.

کۆنترۆڵکردنی بیرەکانی نەوت لەلایەن داعشەوە لە سووریا وایکرد نەریتی گواستنەوەی نەوت لەم وڵاتەدا لەڕێی بۆڕی و تەنکەرەوە بۆ بازرگانیی لەڕێی قاچاخچییەکانی نەوتەوە بگۆڕدرێت. بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی کرێکار و شارەزایانی کەرتی نەوتیش، داعش بەشێکی زۆر لە فەرمانبەرە کۆنەکانی ئەم کەرتەی لە سووریا دامەزراندەوە و پارەیەکی باشی پێدان. دوو لە کرێکارەکانی ژێردەستی ئەبوو سەیاف بە وۆڵ ستریت جورناڵیان ڕاگەیاند، ئەگەر کەسێک ئەزموونی هەبوایە، ئەوا مووچەیەکی باشی لە داعش وەردەگرت "ئەگەر کەسەکە ژمێریار بووایە 160 دۆلاری وەردەگرت، ئەگەر ئەندازیاری نەوتیش بووایە 400 دۆلار"، ئەمە لە کاتێکدا سەقفی مووچە لەلای داعش تەنیا 50 دۆلارە.

ئیبراهیم کەسێکی 36 ساڵانە کە لەگەڵ ئەبوو سەیاف لە کەرتی نەوتی داعشدا کاری کردووە، بە گوتەی ئیبراهیم، ئەبوو سەیاف بەڕێوەبەرێکی "وشک و ڕەزاگەران" بووە، بەڵام هەر کەسێک گلەیی کردبا هەڕەشەی ناردن بۆ عێراقی لێدەکرا.

ئەبوو سەیاف تەنیا بەرپرسی نەوت نەبوو، بەڵکو لە ساڵی 2014 ئەرکی چاودێریی کایلا مولەریشی پێدرا، مولەر کە وەکوو خۆبەخش کاری دەکرد، ساڵی 2013 لە نەخۆشخانەیەکی نزیک حەلەب ڕفێنرا. بە گوتەی هاوژینی ئەبوو سەیاف، ئەبووبەکر بەغدادی خۆی دەستدرێژی کردبووە سەری.

ڕۆژی 19ی ئەیلولی 2014، لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، داوای ڕێگەگرتن لە بازرگانیی نەوتی داعش کرا. پێنج ڕۆژ دواتر هێرشی فڕۆکە ئەمریکییەکان بۆ سەر پاڵاوگە نەوتییەکانی داعش دەستی پێکرد. هەندێک لە هێرشە ئاسمانییەکانی دواتر بیرە نەوتەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشیان کردە ئامانج.

لە بەڵگەنامەکاندا دەردەکەوێت ئەبوو سەیاف فەرمانی بە بریکارە سعودیەکەی خۆی، ئەبوو سەراح ئەلزەحرانی، کردووە بیرە نەوتەکان چاک بکەنەوە. لە نامەکاندا، ئەلزەحرانی باس لە زیانی 500 هەزار دۆلار دەکات، بەڵام بەڵێنیش بە ئەبوو سەیاف دەدات لە ماوەی 4 بۆ 14 ڕۆژدا بیرە نەوتەکان بخاتەوە کار. بەگوێرەی ڕاپۆرتی داهاتی 25ی تشرینی یەکەم هەتا 23ی تشرینی دووەم، هەوڵەکانی ئەبوو سەیاف جێی خۆی گرتبوو، داهاتی بەشەکەی ئەبوو سەیاف لەو ماوەیە 40.7 ملیۆن دۆلار بووە کە 59% لە چاو مانگەکەی پێشتر بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیبوو.

لە کۆتایی 2014دا گوشارێکی زۆر لەسەر بەرپرسە تونسیەکەی داعش دروست بوو، خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو گرووپە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی هاواریان لێ هەستابوو. هەر بۆیە فەرمان بە ئەبوو سەیاف دەکرێت سنوورێک بۆ نرخی سووتەمەنی دابنێ و بۆ پڕکردنەوەی زیانە داراییەکانیش ڕێگەچارەیەک لە فرۆشی نەوتدا بدۆزرێتەوە.

لە یەکێک لەو بەڵگەنامانەی لە ماڵەکەی ئەبوو سەیاف دۆزراونەتەوە، کۆمیتەی گشتیی حوکمڕانیی داعش داوا دەکات باجی 10% لەسەر سوودی بازرگانەکان دابنرێت. لە بەڵگەنامەیەکی دیکەشدا داوا دەکرێت سەقفێکی دیاریکراو بۆ نرخی سووتەمەنی لە پارێزگای حەسەکە دابنرێت.

ئەبووسەیاف لەلایەن داعشەوە لێپێچینەوەشی لەگەڵدا کراوە، وەکوو لە بەڵگەنامەکاندا دەردەکەوێت هەندێک لە شوفێرەکان گازندەی ئەوەیان هەبووە کە بەرپرسانی نەوتی داعش، بە ئەبوو سەیافیشەوە، گوشاری زۆریان لەسەر دروستکردوون و پارەیان بۆ خۆیان لێدەستێنن. بەڵام داعش دواتر لە ڕاپۆرتێکدا لە مانگی شوباتی 2015 ڕەتی دەکاتەوە گەندەڵی کرابێت و تۆمەتەکانی دژی ئەبوو سەیاف ڕەتدەکاتەوە.

ئەبوو سەیاف کاتی ئەوەی بەدەستەوە نەبوو بەهۆی ئەم بڕیارەوە دڵخۆشی دەرببڕێ، لەبەر ئەوەی نرخی نەوت ڕووی لەدابەزین نابوو، داهاتی نەوتی کێڵگەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو 24% دابەزیبوو.

هەر بۆیە ئەبوو سەیاف و بەرپرسانی نەوتی داعش دەبووایە بیر لە ڕێگەچارەیەک بکەنەوە. وەکوو لە بەڵگەنامەیەکی 20ی شوباتی 2015دا دەردەکەوێت، نووسینگەی خەزێنەی داعش داوای لە ئەبوو سەیاف کردووە کۆمەڵێک ڕێوشوێن دیاری بکەن بۆ ئەوەی بتوانرێت سەرنج و سەرمایەی دارایی بزنسمانەکانی پەیوەندیدار بە حکومەتی سووریا ڕابکێشرێت. بەگوێرەی دۆکیومێنتەکە داعش پێشتریش کۆمەڵێک ڕێککەوتنی لەگەڵ دیمەشق هەبووە و ڕێگەی بەبۆڕی و تانکەری نەوت لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت داوە بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشدا تێپەڕن.

ژیان و دەسەڵاتی ئەبووسەیاف لە 16 ئایاری 2015 کۆتایی هات. وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا لە ئەیلولی 2015 حاجی حەمید و چوار مانگ دواتر ئەلزەحرانی خستە لیستی تیرۆرەوە. لە ئاداری ئەمساڵیشدا داعش کەسێکی مندالکاری فەرەنسی بەناوی "ئەبوو محەممەد ئەلفەرەنسی" وەکوو بەڕێوەبەری ژمێریاریی کێڵگە نەوتییەکانی داعش لە سووریا دیاری کرد.



70%ی داهاتی سەرچاوە سرووشتییەکانی داعش لە ڕێگەی تیمەکەی ئەبوو سەییافەوە بوو

# ترامپ ڕیزی کۆمارییەکان دەهەژێنێ

ڕووداو- Brookings

شەوی چوارشەممەی ڕابردوو، دۆناڵد ترامپ، بەربژێری کۆمارییەکان بۆ هەڵبژاردنی 2016ی سەرۆکایەتی ئەمریکا، لە گوتارێکدا سیاسەتی دەرەوەی خۆی خستەڕوو. گوتارەکەی ترامپ کە لە شاری واشنتن و لە ناوەندی گۆڤاری ناشناڵ ئینترێست پێشکەش کرا، زۆربەی خاڵەکانی چاوەڕوانکراو بوون، تەنیا ئەوەندە نەبێت کە کۆمەڵێک لەو بابەتانەی پێشتر بە زەقی باسی دەکردن، لە گوتارەکەی ئەمجارەیدا نەبوون، لەوانەش دروستکردنی دیوار لەسەر سنووری نێوان ئەمریکا و مەکسیک.

تۆماس ڕایت، لە ئینستتیوتی برووکینگز پێیوایە گوتارەکەی ترامپ چەند خاڵێکی گرنگی تێدا بوو لەوانەش:

1- ئەمریکا کۆتایی بە هاوپەیمانێتییە نەریتییەکەی لەگەڵ ئەورووپا و ئاسیا دەهێنێ. ترامپ لە بەشێکی گوتارەکەیدا ڕایگەیاند، ئەمریکا چەندین ترلیۆن دۆلار پارەی بۆ بەهێزکردنی بەرگری لە ئەورووپا و ئاسیا خەرج کردووە "بەڵام ئەو وڵاتانەی ئەمریکا بەرگرییان لێدەکات، دەبێت خۆیان تێچووی ئەم بەرگرییە بدەن، ئەگەر وەها نەکەن، ئەوە ئەمریکا دەبێت ئامادەیی ئەوەی تێدا بێت لێگەڕێت ئەم وڵاتانە خۆیان بەرگری لە خۆیان بکەن".

هەڵبەت ترامپ لێرەدا مەبەستی ئەوە نییە ئەو وڵاتانە بودجەی سەربازیی خۆیان بۆ 2%ی تێکڕای بەرهەمەمی ناپاڵفتەی وڵاتەکەیان بەرزبکەنەوە، یانیش پشکێکی زیاتر لە تێچووی بنکە سەربازییەکانی دەرەوەی خاکی ئەمریکا بگرنە ئەستۆ، ئەوەی ترامپ داوای دەکات ئەوەیە ئەم وڵاتانە دەبێت پشکێکی بەرچاو لە بودجەی بەرگریی ئەمریکا بۆ پاراستنی ئەم وڵاتانە بخەنە ئەستۆی خۆیان. بنەمای ئەم بۆچوونەی ترامپ ئەوەیە سوپای ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی واشنتن لەو ناوچانە نییە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەو وڵاتانە ئامادە دەبن چەکی چەند ملیار دۆلاری بۆ سوپای ئەمریکا واژۆ بکەن؟ ئەگەر ئامادە نەبوون مەرجە داراییەکانی ئەمریکا قەبووڵ بکەن، هەڵوێستی واشنتن چی دەبێت؟ ئایا ئەمریکا ئامادەیە لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و دەریای چین بکشێتەوە، لە کاتێکدا ئەمە کاریگەرییەکی گەورە لەسەر لاربوونەوەی باڵانسی هێز بۆ لای ڕووسیا و چین دادەنێت؟ ترامپ لە پلانەکەی خۆیدا ئەم پرسیارانەی بە بێ وەڵام جێهێشتووە.

2- ترامپ بڕوای بە گۆشەگیرکردنی ئەمریکا هەیە: لە بەشێکی دیکەی گوتەکانیدا ترامپ دەڵێت "ئێمە چیدی وڵاتەکەی خۆمان ڕادەستی نەغمە هەڵەکانی بەجیهانیبوون ناکەین. دەوڵەت - نەتەوە بناغەی ڕاستەقینەی خۆشبەختی و هەماهەنگییە. ئێمە هیچکات ئەمریکا ناخەینە ناو ڕێککەوتنێکەوە کە توانای کۆنترۆڵکردنی کاروباری خۆمان کەم بکاتەوە." بەربژێرە کۆمارییەکە سیاسەتی دەرەوەی خۆی بە "یەکەمجار ئەمریکا" وەسف کرد، ئەمەش هەمان دروشمی لایەنگرانی سیاسەتی گۆشەگیرییە. لایەنگرانی ئەم سیاسەتە دژی ئەوە نین ئەگەر ئەمریکا کەوتە مەترسییەوە بەرگری جیدی لەخۆی بکات، بەڵام دژی ئەوەن ئەمریکا شێوە بە ژینگەی سیاسی و ئەمنیی جیهان بدات، بە جۆرێک لە ژینگەکەدا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بپارێزرێن. بە کورتییەکەی ترامپ دژی سیاسەتی بەرەوپێشبردنی دیموکراسی لە جیهان، کاری هاوبەش، گەرەنتیکردنی ئاسایشی جیهانە. تێڕوانینی ترامپ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لە هەموو کەس لە هی ڤلادیمیر پوتین دەچێت، لە کاتێکدا هەردووکیان پێیانوایە ڕەوشی ئاڵۆزی ئەم ناوچەیە بەرهەمی هەوڵی ئەمریکایە بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسی ڕۆژئاوایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

3- ترامپ دەیەوێت لەگەڵ ڕووسیا و چین ڕێکبکەوێت: دۆناڵد ترامپ هیچ ئاماژەیەکی بە هەڕەشەکانی ڕووسیا لەسەر ئەورووپا نەکرد، بەڵام زۆر بە لێڵی باسی "ناکۆکیی جیدی" لەگەڵ چین و ڕووسیا کرد. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ڕووسیا ترامپ پێیوایە "هێورکردنەوەی گرژییەکان و باشترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕووسیا- لە پێگەی دەسەڵاتەوە- شتێکی مومکینە... ئەگەر نەمانتوانی ڕێککەوتنێکی باش لەگەڵ ڕووسەکان بکەین، ئەوە لە مێزی دانوستاندن دەکشێینەوە."

وەکوو لە گوتارەکەیدا دەرکەوت "ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمی ئیسلامیی ڕادیکاڵ" کاری لەپێشینەی سیاسەتی دەرەوەی ئەوە. هەر ئەمەش دەکرێت بناغەی کاری هاوبەشی نێوان واشنتن و مۆسکۆ بێت. بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە: بۆ ڕاکێشانی ڕووسیا بۆ هاوکاریکردن لەم بوارەدا چ ئیمتیازێک بۆ ڕووسیا دەبێت؟

ڕایت بە دووری نازانێت ترامپ لەبەرامبەر ئەم هاوکارییەدا ڕێگە بە ڕووسیا بدات کاریگەری و دەسەڵاتێکی زیاتری لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا هەبێت، ئەمەش پێچەوانەی ئامانجەکانی ناتۆیە.

سەبارەت بە چینیش، تێڕوانینی ترامپ زۆر لە ڕوانگەی بۆ پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕووسیا جیاواز نییە، بەبڕوای ترامپ "ئەمریکا کەموکورتی زۆری لە بازرگانیکردن لەگەڵ چین هەیە... ئەمریکایەکی زیرەک ئەو ئەمریکایەیە بتوانێ چین بکاتە دۆستێکی باشتر، ئێمە (واتە ئەمریکا و چین) هەردووکمان دەتوانین سوود وەربگرین و لەهەمان کاتدا هەر لایەکمان بە ڕێگەی خۆیدا بڕوات".

تۆماس ڕایت پێیوایە لێرەشدا ترامپ چاوەڕێ دەکات چین قازانجێکی بۆ ئەمریکا هەبێت و لەبەرامبەردا ئەمریکا دەستی چین لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا زیاتر بکاتەوە.

4- گوێگری گوتەکانی ترامپ کۆمارییە لۆکاڵییەکان و سیاسییەکان بوون: دۆناڵد ترامپ نابێت بە تەمای ئەوە بێت نوخبەی سیاسی کۆمارییەکان بە سیاسەتی دەرەوەی ئەو ڕازی بن، بەتایبەتیش ئەوانەی لایەنگری لە کاریگەریی نێودەوڵەتی ئەمریکا لە جیهاندا دەکەن. گوێگرەکانی ترامپ لە دوو گرووپ پێکدەهاتن، یەکەم سیاسیە لۆکاڵییەکان و دووەم ڕیالیستەکان کە بڕوایان بە پاراستنی بەرژەوەندییەکان و بەهێزبوونی دەوڵەت هەیە و ئەمە بە کاری لەپێشینەی سیاسی و ئەخلاقی دەزانن. بەڵام کۆمارییە ڕیالیستەکان لە 1992ەوە پەراوێزخراون. بۆیەش پێشبینی دەکرێت پاکێجی



سیاسەتی دەرەوەی ترامپ مشتومڕێکی قورس لە ناو کۆمارییەکاندا دروست بکات.

# هاوپەیمانێتی ئێران و رووسیا تا کوێ دەڕوات؟

رووداو- Reuters

مانگی رابردوو رووسیا بەشی یەکەمی سیستەمی بەرگریی مووشەکی رەوانەی ئێران کرد، ئێرانیش بێ دوودڵی سیستەمە مووشەکییەکەی لە نمایشە سەربازییەکانی رۆژی ئەرتەشدا نمایش کرد.

تاران بیانوویەکی باشی لەبەردەست بوو بۆ ئەوەی جەژن بگێڕێت: فرۆشتنی ئەم سیستەمە بە ئێران راگیرابوو، بەڵام ساڵی پار رووسیا خۆی یەکلایی کردەوە و بڕیاری دا سیستەمی مووشەکیی S-300 بە تاران بفرۆشێ، ئەمەش یەکەم بەڵگەی روون بوو بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان رووسیا و ئێران رووی لە گەشە کردبوو، هەر لەو کاتەشەوە بەشداریی هەردوو وڵات لە سووریا گۆڕانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، بەجۆرێک دەسەڵات و کاریگەریی ئەمریکای لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خستە بەردەم تاقیکردنەوەوە.

بەڵام دواکەوتنی ناردنی ئەم سیستەمە مووشەکییە دەکرێت ئاماژەیەک بێت بۆ ئەو سنوورانەی لە پەیوەندییەکانی نێوان تاران و رووسیادا هەن کە پەیوەندییەکە زیاتر لەسەر بەرژەوەندی دامەزراوە، نەک جیهانبینییەکی هاوبەش بۆ کێشەکان. دەسەڵاتی ئێران کێشەی ئایدیۆلۆژیایان لەگەڵ رووسیا هەیە و رووسەکان کۆمەڵێک ئاماژەیان داوە کە نایانەوێت پەیوەندییەکانیان لەمە زیاتر گەشە بکات.

بەشێک لە دەسەڵاتی ئێرانی خوازیاری پەیوەندیی قووڵترن لەگەڵ رووسیا، بەڵام کرێملن جەخت لەسەر هاوکارییەکانی ئێستای هەردوو لایەن دەکاتەوە کە بەهۆی جەنگی ناوخۆی سووریاوە رەهەندێکی نوێی تێدا کراوەتەوە و هەردوولا پشتگیری لە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، سەرۆک کۆماری سووریا دەکەن.

دیمیتری پێشکۆڤ، گوتەبێژی کرێملن، لەبارەی ئاستی پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ ئێران گوتی "ئێمە بەردەوام پەیوەندییە دۆستانەکانمان لەگەڵ ئێران پەرەپێدەدەین، بەڵام ئەگەر راستیت دەوێت ناتوانین بڵێین لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکانماندا کراوەتەوە."

رووسیا لەساڵی 2007دا رەزامەندی دەربڕی لەسەر فرۆشتنی سیستەمی مووشەکیی S-300، بەڵام لە 2010 رێککەوتنەکەی راگرت، دوای ئەوەی زنجیرەیەکی نوێ لە سزا ئەتۆمییەکان بەسەر ئێراندا سەپێنران.

رووسیا پێش هەموو وڵاتانی دیکە لە نیسانی ساڵی پاردا سزاکانی وڵاتەکەی لەسەر ئێران لادا، ئەمەش لە کاتێکدا تەنیا چوارچێوەی کارکردن لەسەر رێککەوتنەکە ئامادەکرابوو، هێشتا هیچ رێککەوتنێک لە نێوان ئێران و گرووپی 5+1 نەکرابوو.

فرۆشتنی چەک بە ئێران هەم لەڕووی سەربازی و هەمیش لەڕووی دیپلۆماتیکەوە قازانجی بۆ رووسیا هەیە، بەڵام ئەمە ریسکی ئەوەشی تێدایە کە وڵاتانی ناوچەکە، بە تایبەتیش سعودیە و ئیسرائیل نیگەران بکات.

مازیار بەهروز، مامۆستای زانکۆی سانفرانسیسکۆ و شارەزای مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبارەی پەیوەندییەکانی تاران و مۆسکۆ دەڵێت "ئەم هاوپەیمانێتییەی ئێستای رووسیا و ئێران قازانجی سەربازی و ئابووری بۆ هەردوو وڵات تێدایە". مازیار کە ساڵانێکی زۆرە لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران و رووسیا توێژینەوە دەکات، پێیوایە "لەسەر ئاستی جیۆپۆلیتیکی ئێران و رووسیا تەنیا دەتوانن هاوپەیمانێتییەکی کورتخایەن دروستبکەن، لەبەر ئەوەی جیاوازییە ئایدیۆلۆژییەکانی ئێران و رووسیا زۆر لەوە قووڵترە رێگە بە هاوپەیمانێتی ستراتیژی بدات."

کۆتایی ئەیلولی ساڵی پار هێرشە ئاسمانییەکانی رووسیا بۆ پشتگیری لە حکومەتەکەی ئەسەد کە هاوپەیمانی ئێرانیش بوو، دەستی پێکرد، ئەو کات هەموو کەس چاوەڕێی دەکرد پەیوەندییەکانی نێوان تاران و مۆسکۆ پێ بنێتە قۆناغێکی نوێوە.

بەر لە دەستپێکردنی هێرشە ئاسمانییەکانی رووسیا، سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران لە سووریا جێگیرکرابوون، هەر بۆیە هاتنی هێزی ئاسمانیی رووسیا گوڕوتینێکی زیاتری بە جەنگەکە دا. لەڕووی سەربازییەوە سوپای پاسداران و هێزی ئاسمانیی رووسیا تەواوکەری یەکدی بوون، لە کاتێکدا ئێران هێزێکی بە دیسیپلینی رەوانەی سووریا کردبوو، رووسیاش هێزێکی ئاسمانیی پلە یەکی رەوانەی ئەو وڵاتە کردبوو. لەڕووی دیپلۆماتیکیشەوە دوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی ئێران و رووسیا لە خاکی سووریا، ئەم دوو وڵاتە بوونە بەشێک لە هەر رێگەچارەیەک کە بۆ داهاتووی سووریا دابنرێت، ئەمەش رێک ئەو شتە بوو کە پوتین دەیویست، بەتایبەتیش دوای ئەوەی وڵاتە رۆژئاواییەکان دەسەڵاتی موعەمەر قەزافی، سەرۆکی لیبیا و هاوپەیمانی رووسیایان رووخاند.

هەتا ئێستا دیار نییە ئەم پەیوەندیانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان هەردوولا دەبێت، لە کاتی واژۆکردنی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەنناشەوە، ئاماژەیەکی کەم هەیە کە رووسیا هەنگاوی ئابووریی نوێ و ئەوتۆی بەرەو ئێران هاویشتبێ.

بەشێک لەمە هۆکاری ئایدیۆلۆژی لە پشتە، دەسەڵاتی سیاسیی ئێران لەسەر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەرەوە ناکۆکن، حەسەن رووحانی و حکومەتەکەی زیاتر مەیلیان بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ رۆژئاوا هەیە، ئەگەرچی زۆر جارانیش سیاسەتەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیدانە دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە رووسیاش پاڵنەرێکی ئەوتۆ نابینێ بۆ ئەوەی زیاتر لە ئێستا لەگەڵ ئێران، واتە تەوەری بەرگریی شیعەکانی جیهان، بکەونە پەیوەندییەوە، لە کاتێکدا ئەم پەیوەندییە دەکرێت لەسەر حیسابی پەیوەندییەکانی نێوان مۆسکۆ لەگەڵ قاهیرە، ریاز و ئۆرشەلیم بێت.

دەستتێوەردانی رووسیا لە سووریا گەورەترین دەستتێوەردانی ئەم وڵاتەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای کۆتایی جەنگی ساردەوە. بەڵام لە پشت ئەم دەستتێوەردانەوە چەندین مانگ کۆبوونەوەی نهێنی لە نێوان کاربەدەستانی رووسیا و ئێران هەبووە، بە تایبەتیش لە نێوان بەرپرسانی سەربازیی هەردوولا.

عەلی خامنەیی، رابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، خوازیاری پەیوەندیی نزیکترە لەگەڵ رووسەکان، بەڵام ئەم تێڕوانینە پێچەوانەی بۆچوونی حکومەتی ئێرانە، بە تایبەتیش روانگەی حەسەن رووحانی، سەرکۆماری ئێران و محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوە کە مەیلێکی زۆریان بۆ دروستکردنی پەیوەندیی پتەو لەگەڵ رۆژئاوا هەیە. بەرپرسێکی ئێرانی کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، بە ئاژانسی (رۆیتەرز)ی راگەیاند "رووحانی و پوتین نێوانیان خۆش نییە"، هەر بۆیە لە گەشتەکەی تشرینی دووەمی ساڵی پاریدا، پوتین لە فرۆکەخانەوە یەکسەر بۆ لای خامنەیی بەڕێکەوت، لە بری ئەوەی سەردانی رووحانی بکات. لە کۆبوونەوەکەشدا یەکێک لە کۆنترین نوسخەکانی قورئانی پێشکەش بە خامنەیی کرد.

پاش دەستتێوەردان لە ئۆکراینا و دەستگرتن بەسەر نیمچە دوورگەی کریمیا لە 2014، ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا کۆمەڵێک سزایان بەسەر رووسیادا سەپاند، بۆیە ئاساییە رووسیا بەدوای هاوبەشی ئابووریی نوێدا بگەڕێت. بەگوێرەی زانیارییە بازرگانییەکانی رووسیا، قەبارەی بازرگانیی نێوان تاران و مۆسکۆ لە 2015دا تەنیا 1.3 ملیار دۆلار بووە، بەڵام رووسەکان ئاشکرایان کردووە کە بەنیازن قەرزێکی 5 ملیار دۆلاری بە ئێران بدەن بۆ ئەوەی لە ژێرخانی ئابووریی ئێراندا خەرج بکرێت.

رووسیا و ئێران خەریکی تاوتوێکردنی کۆمەڵێک رێککەوتنی نوێشن بۆ گواستنەوەی نەوتی رووسیا بۆ باکووری ئێران، لە بەرامبەریشدا ئێران لە کەنداوی عەرەبی نەوت بە کڕیارەکانی رووسیا بفرۆشێت، بەڵام شرۆڤەکاران پێیانوایە ئاسۆی هاوکارییە بازرگانییەکانی مۆسکۆ و تاران زۆر سنووردارە، لەبەر ئەوەی ئێران پێویستی بە تەکنەلۆژیا و کەلوپەلی پیشەسازیی نەوتە کە تێیدا رووسیاش کەموکوڕیی هەیە.

ئەگەرچی ئێران و رووسیا لە ئاستی سەربازیشدا سەرقاڵی دانوستاندنن و رووسیا دەیەوێت فرۆکەی سوخۆی-30 بە ئێران بفرۆشێت، بەڵام ئەم رێککەوتنە پێویستی بە گڵۆپی سەوزی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە، ئەمە جگە لەوەی دەتوانێت کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی رووسیا و ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو، لەسەرووی هەموشیانەوە سعودیە، دابنێت.

ئێرانییەکان بیرەوەریی مێژوویی خۆشیان لەگەڵ رووسەکان نییە، لە سەدەی 19 و دواتریش لە کاتی هەردوو جەنگە جیهانییەکەدا رووسیا بەشێک لە ئێرانی داگیرکرد، هەر بۆیە عەبدوڵڵا رەمەزانزادە، گوتەبێژی حکومەتەکەی محەممەد خاتەمی، سەرکۆماری پێشووتری ئێران گوتی "رووسەکان هەموو کات ئێمەیان وەکوو ئامرازێکی سیاسەتی دەرەوەی خۆیان بەکارهێناوە، ئەوان هیچکات پابەند نەبوون بە هاوپەیمانێتی خۆیان لەگەڵ هیچ وڵاتێک".



خامنەیی، خوازیاری پەیوەندیی نزیکترە لەگەڵ رووسەکان، بەڵام ئەم تێڕوانینە پێچەوانەی بۆچوونی رووحانییە

# ئیسپانیا.. موسوڵمانان لەسەر تابووت لەگەڵ حکومەت لە کێشەدان

ئەلێکساندرا دی ستیفانۆ پیرۆنتی
رووداو- بارسێلۆنا

دەسەڵاتدارانی ئیسپانیا دەڵێن شێوازی ئیسلامی بۆ شاردنەوەی تەرم لەگەڵ یاساکانی ئەو وڵاتەدا یەک ناگرێتەوە. بەگوێرەی یاساکانی ئیسپانیا تەرم نابێ بەجۆرێک بنێژرێت کە لەگەڵ خاکی گۆڕەکەیدا بەر یەک بکەون.

ئەم کێشەیە لەپاڵ کێشەی دابینکردنی شوێنی زیاتر بۆ گۆڕستانی موسوڵمانان بووە بە باسێکی گەرمی نێوان کۆمەڵگەی موسوڵمانانی ئیسپانیا و حکومەتی ئەم وڵاتە. ریعای تەتەری، سەرۆکی یەکێتی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی ئیسپانیا بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە تەنیا لە هەرێمەکانی ئەندەلوس و شارەکانی سیوتا و مەلیلا (لە باکووری ئەفریقا) رێگەمان پێدەدرێت بەپێی رێورەسمی ئیسلامی مردووەکانی خۆمان بنێژین".

هەرێمی ئەندەلوس رابردوویەکی ئیسلامیی کۆنی هەیە، سیوتا و مەلیلاش دوو شارن کە دەکەونە دەرەوەی خاکی ئیسپانیا و بە ناوچەی کێشە لەسەری نێوان ئیسپانیا و مەغریب دادەنرێن. هەردوو شارەکە ژمارەیەکی زۆر موسوڵمانیان تێدایە.

بەپێی رێساکانی ئیسلام، تەرمی مردوو دەبێت لە کفن بپێچرێت و لەسەر لای راست و روو لە قیبلە لە نێو گۆڕ دابنرێت، بەبێ ئەوەی لە تابووتێکدا دانرابێت.

ئەم نەریتە ئیسلامییە بۆ ناشتنی مردوو لە لێکدانەوەی ئایەتی 55ی سوورەتی (تاها) وە دێت کە تێیدا هاتووە "لەوەوە ئێوەمان خوڵقاند، بۆ ئەوێ دەتانگەڕێنینەوە و هەر لەوێشەوە جارێکی دیکە دەرتاندەهێنینەوە".

تەتەری باسی ناکۆکیی خۆیان و حکومەتی ئیسپانیای کرد و گوتی "وەزارەتی تەندروستی ئیسپانیا دەڵێت لەبەر هۆکاری تەندروستی رێگەتان پێنادەین تەرمی مردووەکان راستەوخۆ لە نێو خاکی گۆڕەکەدا بنێژن، ئێمەش دەڵێین شێوازەکەی ئێمە بۆ ژینگە باشترە، چونکە داری تابوت درەنگ تێکەڵ بە خاک دەبێتەوە، بەڵام لاشەی مردوو وا نییە."

تەتەری دەشڵێت ئیسپانیا لە وڵاتە ئەوروپییە دەگمەنەکانە کە خاوەنی ئەو یاسایەن، لە کاتێکدا لە بەشەکانی دیکەی ئەوروپا، وەکوو ئەڵمانیا و بەلجیکا، رێگە بە موسوڵمانان دەدرێت بەگوێرەی نەریتی خۆیان تەرمی مردووەکانیان بنێژن.

لە ئیسپانیا 27 گۆڕستان هەیە کە موسوڵمانەکانیش دەتوانن مردووەکانی خۆیانی تێدا بشارنەوە. لەم 27 گۆڕستانە 19یان بەشێکی دابڕاون لە نێو ئەو گۆڕستانانەی بۆ مەسیحییەکان دروستکراون. هەشت گۆڕستانەکەی دیکەش گۆڕستانی تایبەت بە موسوڵمانەکانن کە دەکەونە سیوتا، مەلیلیا و فوێنگیرۆلا کە ئەوەی دواییان شارۆچکەیەکە لە نزیک شاری مەلەگە لە باشووری ئیسپانیا.

بەمدواییە مانوێلا کارمۆنا، سەرۆکی شارەوانیی مەدرید، داوای کرد لە پایتەخت 10 هەزار مەتر دووجا وەکوو شوێنی تایبەت بە گۆڕستان بە موسوڵمانەکان بدرێت. بەڵام حکومەتی ناوەندی بە "نەخێر" وەڵامی داواکارییەکەی کارمۆنای دایەوە. هۆکاری ئەم وەڵامە نەرێنییەش ئەوە بوو کە حکومەتی ناوەندی شێوازی ناشتنی موسوڵمانەکان بە "نایاسایی" دەزانێ.

بە گوتەی تەتەری "کۆمەڵگەی موسوڵمانان ساڵی 1992 لەگەڵ حکومەتی ئیسپانیادا رێککەوتوون لەسەر ئەوەی هەندێک گۆڕستانی تایبەت بە موسوڵمانان تەرخان بکرێت، لە مەدرید 300 هەزار موسوڵمان دەژین، بەڵام هیچ گۆڕستانێکیان نییە، هەر بۆیە پەیوەندیم بە خاتوو کارمۆناوە کرد".

سەبارەت بە خەونی یەکێتییەکەیان، تەتەری گوتی "دەمانەوێت مۆڵەتمان پێبدرێت لە هەموو هەرێمە ئۆتۆنۆمەکاندا گۆڕستانی موسوڵمانان هەبێت، کە ژمارەیان لە ئیسپانیا نزیکەی دوو ملیۆن کەسە."

لە هەرێمی مەدرید، تاکە گۆڕستانی موسوڵمانان لە شارۆچکەی گرینۆنە. ئەم گۆڕستانەش لەساڵی 2014ەوە لەلایەن وەزارەتی بەرگرییەوە رادەستی ئەنجوومەنی هەرێمی کراوە، ئێستاش دەبێت پەیڕەوی لە رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بکات.

بۆ ماوەی زیاتر لە 70 ساڵ ژمارەیەکی زۆر لە موسوڵمانان لە ئیسپانیا و وڵاتانی دەوروبەرەوە دەهێنران بۆ ئەم گۆڕستانە، لەبەر ئەوەی لەم گۆڕستانەی گرۆنیندا رێگە دەدرێت تەرمی مردووەکە بێ تابووت و بە کەمترین تێچوو بنێژرێت. گۆڕستانەکە لە ماوەی جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیادا بۆ ئەو سەربازە مەغریبیانە دروستکرابوو کە لە پێناو دەسەڵاتی ژەنەراڵ فرانسیسکۆ فرانکۆ شەڕیان دەکرد.

خۆزێ لویس لاکوێت، پرۆفیسۆری یاسا و ئایین لە زانکۆکانی ئیسپانیا، بە (رووداو)ی گوت، ژمارەیەکی زۆر لە موسوڵمانەکان بڕیاریان داوە تەرمی خۆشەویست و ئازیزەکانی خۆیان بەرنەوە وڵاتی خۆیان، لەبەر ئەوەی لە ئیسپانیا یاسایەک نییە پشتگیری لە رێورەسمەکانی ئەوان بکات.

سەرۆکی یەکێتی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی ئیسپانیا وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەم خاڵە، جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە بەهۆی تێچوونی زۆری ناشتن لە ئیسپانیا، ژمارەیەکی زۆر لە موسوڵمانەکان پێیان باشترە تەرمی ئازیزانی خۆیان بەرنەوە وڵاتەکەی خۆیان، تەتەری گوتیشی "نەوەی نوێ پێیان باشترە دایک و باوکیان لە ئیسپانیا بە خاک بسپێردرێ".

سەبارەت بە تێچووی بەخاکسپاردنی مردووەکان لە ئیسپانیا، تەتەری دەڵێت "وەکوو کرێی گۆڕ هەموو 10 ساڵ جارێک 2000 دۆلار دەدەین. لە کاتێکدا تێچوونی گواستنەوە و ناشتنی تەرمەکە لە وڵاتێکی دیکە لە نێوان 1200 بۆ 1600 یورۆیە".

لاکوێت ئاماژە بە کێشەیەکی دیکەی جیاوازی نەریتە ئیسلامی و رۆژئاواییەکەی ناشتنی مردوو دەکات، لە کاتێکدا بەپێی رێسا رۆژئاواییەکان خێزانی مردووەکە دەبێت بۆ ماوەی 24 کاژێر چاوەڕێ بکەن و دواتر دەست بە ناشتنی مردووەکەیان بکەن، موسوڵمانەکان پێیانوایە مردوو دەبێت لە زووترین کاتدا بەخاک بسپێردرێت.

بە گوتەی لاکوێت موسوڵمانەکانی ئیسپانیا ناچار بوونە لەگەڵ یاساکانی ئیسپانیادا بسازێن و دەست لە هەندێک بڕوای ئاینیی خۆیان هەڵگرن، ئەگەرچی هێشتاش سوورن لەسەر ئەوەی پێویست ناکات تابووتەکە خۆڵی تێبکرێت. خۆزێ لویس لاکوێت هەروەها ئاماژە بە رێگەچارەیەکی دیکەش دەدات کە هەندێک لە کۆمپانیاکان بۆ شاردنەوەی تەرمی مردووی موسوڵمانەکان دۆزیویانەتەوە. بەپێی قسەکانی لاکوێت "لای خوارەوەی تابووتەکە لە ماتریاڵێکی زۆر ناسک دروست دەکەن، بۆ ئەوەی بەر لە ناشتنەکە بتوانن بیشکێنن و سەری مردووەکە بەر خاکی نێو گۆڕەکە بکەوێت".





# 10 هەرە تەندروستترین خۆراک

ڕووداو- مێدیکاڵ نیوز تودەی

**ئەم 10 خۆراکانەی لە خوارەوە ناویان دێت، لە ئەنجامی چەندین بەدواداچوونی زانستی لە ئەمریکا و ئەوروپاوە وەها ناسراون کە 10 خۆراکی هەرە تەندروستن:**



### 1 - سێو:

سەرچاوەیەکی نایابی مادده دژە ئۆکسێنەکانە کە دژی مادده رادیکاڵەکانن. مادده رادیکاڵەکان بەنێو جەستەدا دەسووڕێنەوە و زیان لە خانەکانی جەستە دەدەن و ڕۆڵیان هەیە لە پرۆسەی پیربوون و سەرهەڵدانی چەندین نەخۆشی.

توێژینەوەیەکی زانکۆی ویلایەتی فلۆریدا دەریخستبوو ئەوانەی 6 مانگ لەسەریەک ڕۆژانە سێوێک دەخۆن، کۆلیسترۆڵی زیانبەخشیان بە ڕادەی 23% کەم دەکات. توێژینەوەیەکی نوێی هۆڵەندیش دەریخستبوو خواردنی سێو ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی مێش کەم دەکاتەوە. توێژینەوەکان لەسەر ئاژەڵانیش دەریانخستووە، ئەو ڕەگەزانەی لە سێودا هەن و بە (پۆلیفینۆڵ) ناسراون، تەمەن درێژ دەکەن.




### 6 - سەوزە گەڵادارەکان:

سەوزە ڕەنگ تۆخە گەڵادارەکانی وەک سپێناخ و کەلەرم ئەگەری تووشبوون بە شەکرە کەم دەکەنەوە. سپێناخ بە کاڵی، یان ئەگەر کەمێک بکوڵێندرێ، سەرچاوەیەکی باشی ڤیتامین A، B، C، Kیە، هەروەها بە توخمەکانی وەک سیلینیۆم، نیاسین، زینک، فسفۆڕ، مس، پۆتاسیۆم، کالیسیۆم، مەنگەنیز و ئاسن دەوڵەمەندە.



### 2 - بادەم:

بە چەندین ڕەگەزی نایاب دەوڵەمەندە، لەوانە: مەگنیسیۆم، ڤیتامین E، ئاسن، کالسیۆم، ڕایبۆفلاڤین و ڕیشاڵە خۆراکییەکان. بادەم بە دۆستی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن ناسراوە و دژی بەرزبوونەوەی چەورییە زیانبەخشەکانی خوێنە. 91-94%ی ئەو چەورییەی تێیدایە، لە چەورییە بەسوودەکانە. توێژینەوەکان دەریانخستووە خواردنی بادەم ڕۆڵی هەیە لە درێژکردنەوەی تەمەنی مرۆڤدا.



### 7 - پەتاتەی شیرین:

بە ڕیشاڵی خۆراکی، بێتاکارۆتین، شەکرە ئاڵۆزەکان، ڤیتامین C و B دەوڵەمەندن.



### 3 - برۆکلی:

بە کالیسیۆم، پۆتاسیۆم، فۆلیک ئەسید، ڕیشاڵی خۆراکی و دژە ئۆکسێنەکانی وەک ڤیتامین C و بێتاکارۆتینەکان و ڕەگەزەکانی فیتۆنیوتریەنت دەوڵەمەندە. فایتۆنیوتریونتەکان بەوە ناسراون دژی نەخۆشییەکانی دڵ، شەکرە و هەندێک جۆری شێرپەنجەن. تەنیا 66 گرام برۆکلی پێداویستی تەواوی ڕۆژێکی ڤیتامین C بۆ جەستە دابین دەکات.



### 8 - ناوکی گەنم:


ئەو بەشەی گەنمە کە تەواوی ڕووەکەکەی لێوە پەیدا دەبێت. بەداخەوە کاتی هاڕین ئەم بەشە وەک پێویست ورد نابێت و بەوەش لەگەڵ لە هێڵەکدانی ئاردا ئەمیش هاوڕێ لەگەڵ توێکڵ و سۆسی ئاردەکە جیادەبێتەوە و ناگاتە نێو ئەو نانەی دەیخۆین.

ناوکی گەنم بە چەندین ڕەگەزی گرنگ دەوڵەمەندە، لەوانە ڤیتامین E، فۆلیک ئەسید، پایامین، زینک، مەگنیسیۆم، فسفۆڕ و چەندین ترشە چەوری بەسوود. ئەوە جگە لەوەی بە ڕیشاڵی خۆراکی دەوڵەمەندە.



### 4 - بلوبێری:

پڕە لە ڕیشاڵی خۆراکی، فیتۆنیوتریەنت و دژە ئۆکسێن. توێژینەوەیەکی زانکۆی ئۆکسفۆرد دەریخستووە ئەوانەی بلوبێری (یان توو فەرەنگی) زۆر دەخۆن، کەمتر تووشی پووکانەوەی مێشک دەبن. توێژینەوەیەکی دیکەش دەریخستووە زۆر خواردنی بلوبێری ئەگەری بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن بە ڕادەی 10% کەم دەکاتەوە.



### 9 - ئەڤۆکادۆ:

ئەو چەورییەی لە ئەڤۆکادۆدا هەیە لە جۆرە ناتێرە بەسوودەکانی چەورییە، ئەوە جگە لەوەی دەوڵەمەندە بە ڤیتامین B، ڤیتامین K، ڤیتامین E و هەردوو جۆری تواوە و نەتواوەی ڕیشاڵە خۆراکییەکانی تێدایە. ئەڤۆکادۆ چەوریی خوێن دادەبەزێنێ و دژی خانە شێرپەنجەییەکانیشە.



### 5 - ماسیی چەور:

وەکوو سەلەمۆن، ساردین و جۆرە چەورەکانی ماسی. ئەو چەورییەی لە ماسیدا هەیە بۆ تەندروستی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن و کارکردنی هەستە دەمارەکان گرنگە. ماسییە چەورەکان بە ئۆمێگا- 3 و ڤیتامین D و A دەوڵەمەندن.



### 10 - شۆفان:

لەو 20 ساڵەی دواییدا زیاتر سەرنج خراوەتە سەر شۆفان و سوودەکانی. توێژینەوەیەک دەریخستووە خواردنی ڕۆژانەی شۆفان، بەهۆی ئەو ڕیشاڵانەی تێیدان، چەوری خوێن دادەبەزێنێ. بۆ تووشبووانی شەکرە ئێجگار بەسوودە، چونکە ڕیشاڵە خۆراکییەکانی نێوی وادەکەن خواردن لە کۆئەندامی هەرسدا بەهێواشی هەرس ببێت، هەروەها شەکرەکانی نێویشی لە جۆرە ئاڵۆزەکانن و بە لەسەرخۆیی دەچنە نێو خوێن، بەوەش نابنە هۆی بەرزکردنەوەی کتوپڕی شەکر. جگە لەوانە، شۆفان بە چەندین ڕەگەزی دیکە دەوڵەمەندە، لەوانە: ڤیتامین B، ئۆمێگا- 3، پۆتاسیۆم و فۆلیک ئەسید.

# جێگرەوەکانی گۆشتی سوور

ڕووداو- تایمز

ئەگەر یەکێکی لەوانەی بڕیارت داوە ئیدی گۆشتی سوور نەخۆی، یان کەمی بکەیتەوە و دەشترسێی لەوەی بڕی ئاسن لە جەستەتدا کەم ببێتەوە، ئەوە بێگومان ترسەکەت لەجێی خۆیدایە، چونکە ئاسنی نێو بەرهەمە ڕووەکییەکان لەباری ئاساییدا تەنیا-2 20%ی هەڵدەمژرێ بەپێی جۆرەکەی، بەڵام ئاسنی نێو بەرهەمە ئاژەڵییەکانی وەک گۆشت بە ڕادەی-15 35% هەڵدەمژرێ. ئێستا مژدە خۆشەکە ئەوەیە کە دەتوانی ئاستی هەڵمژینی ئاسنی نێو بەرهەمە ڕووەکییەکانیش زیاد بکەی، ئەویش بەوەی کە ئەو خۆراکانەیان لەگەڵ بخۆی ڤیتامینC یان تێدایە، چونکە بەپێڕەوکردنی ئەوە هەڵمژینی ئاسنی ڕووەکی شەش هێندە زیاد دەکات.

ئەوانەی زیاتر لەبەردەم مەترسیی کەمبوونەوەی ئاسندان، خانمانی گەنجن بەهۆی سووڕی مانگانەوە، ژنانی دووگیان بەهۆی پێویستیی زیاتریان بە ئاسن بۆ خۆیان و کۆرپەی سکیان، هەروەها منداڵان کە گەشەیەکی خێرایان هەیە و لەشیان پێویستی بە ئاسنی زیاترە.

ئێمە لێرەدا بە جووت خۆراکە ڕووەکییەکانمان بۆ دیاری کردوون، یەکێکیان بە ئاسن دەوڵەمەندە و ئەوی دیکە بە ڤیتامین C، بەڵام مەرج نییە جووتکردنەکە تەنیا بەو شێوەیە بێت، دەکرێت ئاڵوگۆڕ لەنێوان هەر بەشێکی جووتە خۆراکەکاندا بکەن:

### 1 - سپێناخ (ئاسن) + بیبەری سووری شیرین (ڤیتامین C)

دەتوانی بەشێوەی زەڵاتە ئامادەیان بکەی، یاخود سپێناخەکە بکوڵێنی و لەگەڵ بیبەر بیخۆی. سپێناخ هەرچی لێدەکەی ئاساییە، چونکە ئاسن بە گەرمکردن لەنێوناچێ، بەڵام بیبەرەکە دەبێ هەر بە فرێشی و نەکوڵاوی بەکاربهێنرێ، چونکە ڤیتامین C بەرگەی گەرمی ناگرێ.

### 2 - برۆکلی (ئاسن) + تەماتە (ڤیتامین C)

بەشێوازی جیاواز دەتوانی یەکگرتنی ئەم دووانە دروست بکەی، هەر لە زەڵاتەوە تاوەکو ئامادەکردنی برۆکلی وەک ژەمی سەرەکی و زیادکردنی تەماتەی کاڵ بۆ ژەمەکەت، خۆ ئەگەر ئەم دووانە زیاد بکەی بۆ هێلکە و ڕۆنەکەی بەیانیانت، ئەوە ئاستی ئاسنەکەیان زۆر زیاد دەکات.

### 3 - فاسۆلیای ڕەش (ئاسن) + کەلەرم (ڤیتامین C)

زەڵاتەی کەلەرم و سەوزەکانی دیکە و پاشان زیادکردنی فاسۆلیای کوڵاو بۆ سەر زەڵاتەکە یەکگرتنێکی بەچێژ پێکدێنێ، یاخود ساندویچ و هاڕاوەی فاسۆلیا بە کەلەرمەوە و جۆرەها یەکگرتنی دیکە.

### 4 - نیسک (ئاسن) + کەلەرم (ڤیتامین C)

### 5 - چوکلێتی ڕەشی بێ شەکر (ئاسن) + پرتەقاڵ یان تووی فەرەنگی (ڤیتامین C).

### هەندێک ڕێگەچارەی دیکە:

- لێنانی چێشت لە دەفری ئاسندا: ئامادەکردنی خۆراک لە دەفرە ئاسنەکاندا، وادەکات هەندێک لە ئاسنەکە دزە بکاتە نێو خۆراکەکە و بگاتە نێو جەستەت. ئەم ڕێگەیان زیاتر بۆ خواردنە ترشەکان کارایە، وەک شلەی تەماتە. توێژینەوەیەک دەریخستبوو ئامادەکردنی سپاگێتی لەنێو دەفری ئاسندا، ئاستی ئاسنی نێو خۆراکەکە 9 هێندە زیاد دەکات.



### * لەو خواردنانە دوور بە کە ناهێڵن ئاسن هەڵبمژرێت:

ماددەی تانین (کە لە چای و قاوەدا هەیە) ڕێگە لە هەڵمژینی ئاسن دەگرێ، بۆیە باشترە تاوەکو 1-2 کاژێر دوای نان، چای نەخۆیتەوە. هەروەها کالیسیۆمیش (کە لە شیر، ماست، پەنیر و ماسیدا هەیە) لەمپەر دەخاتە بەردەم هەڵمژینی ئاسن. بۆیە لەگەڵ ئەو ژەمانەی بە ئاسن دەوڵەمەندن، ئەم خواردنانە مەخۆ.

### * سوود لە پاقلەمەنییەکان وەربگرە:

پاقلەمەنییەکان سەرچاوەیەکی باشی کانزا و ڕەگەزەکانی دیکەن، بەڵام ماددەیەکیان تێدایە بەنێوی فایتەیت کە ڕێگە دەگرێ لە هەڵمژینی ئەو ڕەگەزە بەسوودانە. بۆ ڕێگاگرتن لەو کارەی فایتەیت، باشترە پاقلەمەنییەکان بەر لەوەی بکرێنە چێشت، بۆ ماوەی 8-12 کاژێر بخرێنە ئاو و ئاوەکەیان بڕێژرێت پاشان بکوڵێنرێن.

ئەگەر بوار نەبوو ئەو مادە درێژە بیانکەیتە نێو ئاو، لەگەڵ پاقلەمەنییەکەدا ئەو خۆراکانە بەکاربهێنە کە ڤیتامین C و بێتاکارۆتینیان تێدایە.. بێتاکارۆتین بە زۆری لە گێزەر، کاڵەک، قەیسی، بیبەر و پەتاپتەی شیرین هەیە.

# هۆکار و لێکەوتەکانی قەڵەویی منداڵان

ڕووداو- ئاژانسەکان

هاوکێشەی قەڵەوی سادەیە، یەکێک یان هەردووک ئەم خاڵانەیە: زۆر خواردنی کالۆری، یان کەم سووتاندنی کالۆری.

ئێستا قەڵەوی بەڕێژەیەکی بەرچاو لەنێو منداڵ و مێرمنداڵان بڵاوە و ئەوەندە جێگەی نیگەرانییە کە خانمی یەکەمی ئەمریکا خۆی سەرۆکایەتی کەمپەینی هۆشیارکردنەوەی لەبارەی قەڵەوی منداڵان دەکات. لە 30 ساڵی ڕابردو قەڵەوی لە نێو منداڵانی ئەمریکا دوو هێندە و لە نێو مێردمنداڵان چوار هێندە زیادی کردووە.

قەڵەوی منداڵان بۆیە جێی نیگەرانییە، چونکە دەرکەوتووە چەندین لێکەوتەی نەخوازراوی هەیە، هەم لە منداڵی و هەم لە تەمەنەکانی دواتردا.

## ئەمانە هۆکارە دیارەکانی قەڵەوی منداڵ و مێردمنداڵانن:

### 1 - خۆراکی سەردەمی ئێستا:

منداڵی ئێستا زیاتر لە جاران ڕوودەکەنە خواردنە خێراکان و چپس و شیرینییە دەستکردەکان. ئەمانەش بەوە جیادەکرێنەوە کە پڕن لە شەکر و چەوری. ئەو شەکرەی لەم خواردنانەدا هەیە شەکری سادەن کە هەر زوو هەڵدەمژرێن و بەشێوەی چەوری لە لەشدا هەڵدەگیرێن، ئەوەش بەپێچەوانەی شەکرە ئاڵۆزەکانی نێو خۆراکە سرووشتییەکان کە لەسەرخۆ هەڵدەمژرێن و لەگەڵ جووڵە و چالاکیدا بە هێواشی دەسووتێنرێن، لەپڕ نابنەهۆی بەرزبوونەوەی شەکر و هەڵگرتنی لە لەشدا بەشێوەی چەوری.

### 2 - وەرزش:

کەمی چالاکی جەستەیی و نەجووڵان لە هۆکارەکانی قەڵەوی منداڵانی ئێستان. جاران منداڵان پێکەوە یارییان دەکرد و لە جووڵە و هاتن و چوونی بەردەوامدابوون، کەچی ئێستا بە دیار شاشەی مۆبایل و تابلێت و تیڤییەوە بێ جووڵە دادەنیشن و یاری ئەلیکترۆنی دەکەن.

### 3 - نووستن:

کەمخەوی و ناڕێکی خەو لە جیاکەرەوەکانی منداڵانی ئێستان. ئەوانەش دەبنە هۆی تێکدانی باڵانسی هۆرمۆنی جەستە و ڕێگە خۆشدەکەن بۆ قەڵەو بوون.

### 4 - بۆماوەیی:

ئەوانەی دایک و باوکیان قەڵەون، ئەگەری زیاترە خۆیشیان قەڵەوبن.

### 5 - هۆکاری کۆمەڵایەتی و کلتووری:

ئەو خێزانانەی هۆشیاریان کەمە لەبارەی مەترسییەکانی قەڵەوی، کەمتر خەمی گرفتی قەڵەوی دەخۆن و بەوەش منداڵەکانیان قەڵەو دەبن. لە هەندێک چینی کۆمەڵگەدا هێشتا ستایشی قەڵەوی منداڵان دەکرێ.

### 6 - هۆکاری دیکە:

زۆری هۆرمۆنە ستیرۆیدییەکان، کەمی هۆرمۆنی گەشە، تەمبەڵی ڕژێنی دەرەقی و لایەنی دەروونیی و هەندێک هۆکاری دەگمەنی دیکە.

### لێکەوتەکانی قەڵەویی منداڵان:

دوو جۆر لێکەوتە هەن: یەکەم هەنووکەییەکان و دووەم درێژماوەکان..

### - لێکەوتە خێرا و هەنووکەییەکان:

1 - منداڵانی قەڵەو ئەگەری زۆرترە تووشی نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن ببن، وەکوو: بەرزی کۆلیسترۆڵی خوێن و بەرزی گوشاری خوێن.

2- مێردمنداڵانی قەڵەو مەترسی زۆرتری تووشبوون بە شەکرەیان لەسەرە. هەروەها لە مێردمنداڵە قەڵەوەکاندا ئەگەری هەیە شەکری خوێن لە ئاسایی زیاتربێ و لە داهاتوودا لە کەسانی دیکە زۆرتر تووشی شەکرە دەبن.

3 - منداڵ و مێردمنداڵە قەڵەوەکان لە کەسانی دیکە زۆرتر مەترسییان لەسەرە تووشی نەخۆشی ئێسک و جومگە ببن.

4- تووشی گرفتی دەروونییان دەکات: قەڵەوی تووشی توانج لێدان و جیاکارییان دەکاتەوە و متمانەیان بە خۆیان کەمدەبێتەوە.



### - لێکەوتە درێژماوەکان:

1 - ئەگەری زرترە قەڵەوییەکەیان لە تەمەنی پێگەیشتنیشدا بەردەوامبێ، بەوەش لە تەمەنەکانی دواتردا زۆرتر تووشی هەندێک نەخۆشی باوی ئێستا دەبن، وەک: نەخۆشییەکانی دڵ، شەکرە، جەڵتەی مێشک، چەندین جۆری شێرپەنجە و سوانی جومگەکان (سوفان)


2- قەڵەوی و کێش زۆری سەلمێندراوە پەیوەندییان بە تووشبوون بە چەندین جۆری شێرپەنجەوە هەیە، لەوانە: شێرپەنجەی مەمک، ڕیخۆڵە ئەستوورە، ناوپۆشی منداڵدان، سورێنچک، گورچیلە، پەنکریاس، توورەگەی زراو، ڕژێنی دەرەقی، هێلکەدان، ملی منداڵدان، پرۆستات و چەند جۆرێکی شێرپەنجەی خوێن.

# ماهیر هاوڕێ کلیپ دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند ماهیر حەمەدەمین کارەکانی گۆرانییەکی نوێی تەواو کردووە و بەنیازە دوای کلیپکردنی بڵاوی بکاتەوە.
ماهیر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، گۆرانیی (هاوڕێ) لە تێکستی دلاوەر قەرەداغی و ڕەوشت ڕەشیدە و هەر لەلایەن ڕەوشت ڕەشیدیشەوە میلۆدی بۆ دانراوە و موزیسیان هۆگر عەزیز موزیکی بۆ داناوە. ماهیر بەنیازە لە داهاتوویەکی نزیکدا کلیپ بۆ ئەو گۆرانییە بکات.



# پێشمەرگە و گەریلا دەچنە تاران

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

زەردەشت عوسمان هەڵەبجەیی، فۆتۆگرافەری گەنج، پێشانگایەکی فۆتۆیی لە گەلەریی سایە لە تاران دەکاتەوە و وێنەی پێشمەرگەو گەریلا نمایش دەکات.

زەردەشت هەڵەبجەیی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەلایەن چەند سەنتەرێکی هونەرییەوە لە تاران داوەتکراوم بۆ ئەوەی پرۆژەی فۆتۆیی پێشمەرگە و گەریلا لە بەناوبانگترین گەلەریی تاران لە مانگی تەمووز نمایش بکەم".

هەڵەبجەیی دەشڵێت "هەر لەمانگی تەمووزدا، لە فێستیڤاڵێکی گەورەدا لە مۆسکۆ ئامادە دەبم. فێستیڤاڵەکە بۆ هونەرمەندانی نەتەوە جیاجیاکانی جیهانە و منیش تاکە کوردم لەو فێستیڤاڵەدا بە چەند فۆتۆیەک بەشداری دەکەم".

هەفتەی ڕابردوو، زەردەشت هەڵەبجەیی بە چەند تابلۆیەک بەشداری لە فێستیڤاڵی فۆتۆیی سانتاکروز لە ئەرجەنتین کرد.

# عەلی مەحموودیان بەشوێن کەسێکەوەیەوە



**ڕووداو- هەولێر**

عەلی مەحموودیان، ئەکتەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشداری لە نوێترین فیلمدا بەناوی (بەشوێن کەسێکەوە) دەکات.

مەحموودیان ناوەڕۆکی فیلمەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "فیلمەکە لە دەرهێنانی ڕەزا عەلایی و نووسینی هیوا ئەمین نەژادە. منیش ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕم. چیرۆکی فیلمەکە باس لە گیراوێکی کورد دەکات کە لە گرتووخانەیەکی ئێران ڕادەکات و دەیەوێت لە سنوور بپەڕێتەوە، بەڵام دەکەوێتە نێو کێڵگەیەکی مین و تووشی سەختیەکی زۆر دەبێتەوە، ناچار دەبێت بگەڕێتەوە".

گوتیشی "بەشێک لە فیلمەکە بەزمانی فارسییە و ئەوەی دیکەی بە زمانی کوردییە. فیلمەکە لە چەند گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێنەگیراوە، بڕیارە دوای تەواوبوونی مۆنتاژ لە چەند فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی نیشان بدرێت".


# قوبادی فیلم بۆ هۆڵیوود بەرهەمدێنێ

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

سینەماکاری کورد بەهمەن قوبادی کە ئێستا لە یەک کاتدا فیلمەکانی لە 13 وڵات نمایش دەکرێن، خەریکی بەرهەمهێنانی فیلمێکی سینەماییە کە لە ئەمریکا وێنەی دەگیرێت و بەرهەمی یەکێک لە گەورەترین کۆمپانیاکانی هۆڵیوودە.

قوبادی کە ئێستا بە سەردانێک لە هەرێمی کوردستانە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم فیلمە بەرهەمی یەکێک لە گەورەترین کۆمپانیاکانی هۆڵیوودە، بەڵام تا ئێستا گرێبەستەکە واژۆ نەکراوە، بۆیە نامەوێ ناوەکەی بڵێم".

قوبادی گوتیشی کە لەلایەن کۆمپانیایەکی میسرییەوە داوای لێکراوە فیلم لەسەر کەسایەتییەکی ئیسلامی سەردەمی پێغەمبەر دروست بکات، بەڵام تا ئێستا بڕیاری لەسەر ئەو ئیشە نەداوە.





# هەڵکەوت زاهیر کار بۆ ئەستێرەیەکی عەرەب دەکات

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

ستار سەعد، براوەی وەرزی دووەمی بەرنامەی زە ڤۆیسی کەناڵی یەکی ئێم بی سی، لەگەڵ ئاوازدانەری کورد هەڵکەوت زاهیر لە هەولێر کار بۆ تۆمارکردنی دوو گۆرانی دەکەن.

هەڵکەوت زاهیر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ستار سەعد دەنگێکی خۆشی هەیە، جەماوەرێکی زۆریشی لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، حەزی کرد لەگەڵ من کار بکات، بۆیە دوو ئاوازم داناوە بۆ گۆرانیەکانی کە یەکێکیان بە شێوەزاری میسرییە و ئەوەی دیکەشیان عێراقییە".

هەڵکەوت زاهیر گوتیشی "ئەو هونەرمەندە بەنیازە گۆرانی بە کوردیش بڵێت، ئێستا ئامادەکاری بۆ دەکات و دەیەوێت وەک سوپرایزێک پێشکەشی خەڵکی کوردستانی بکات".

# یەکەم نمایشی فیلمێکی هۆڵیوود لە هەولێر دەبێت




**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

بڕیار وایە فیلمی سینەمایی Angry Birds کە فیلمێکی ئەنیمەیشنە، بەر لە هەموو وڵاتانی جیهان لە سینەماکانی شاری هەولێر نمایش بکرێ.

لاریسا دۆنێتس، بەرپرسی ڕاگەیاندنی گرووپی سینەماکانی ئیمپایەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بۆ یەکەمجار نمایشی ئەم فیلمە بەر لە هەموو وڵاتانی جیهان لە شاری هەولێر دەبێت.

گوتیشی "ئێمە وەک گرووپی ئیمپایەر ڕێکخەری ئەو بۆنەیە دەبین و لە ڕۆژی 10ی مانگی داهاتوو بۆ یەکەمجار فیلمەکە لە هەولێر نمایش دەکرێت، دوای نمایشەکانی لە هەولێر بە دوو ڕۆژ، فیلمەکە دەگاتە سینەماکانی ئیسرائیل، ڕۆژی 12 و 13ی مانگ لە فینلەندا و 20ی مانگیش لە سینەماکانی ئەمریکا نمایش دەکرێ.

لاریسا پێیوایە ئەمە هەنگاوێکی مێژووییە کە سینەماکانی هۆڵیوود و کۆمپانیای سۆنی پیکچەرز ڕەزامەندییان داوە ئەو فیلمە ئەنیمەیشنە بۆ یەکەمجار لە هەولێر نیشان بدرێت. کاری دەرهێنانی فیلمەکەش لەلایەن فێرگاڵ ڕێیلی و کلای کایتیس کراوە. بیرۆکەی فیلمەکە لە ڤیدیۆ گەیمێکی جیهانی بەناوبانگەوە وەرگیراوە بەهەمان ناو.

# ئامانج غازی خەریکی شاکارێکی هونەرییە



**ڕووداو- هەولێر**

موزیسیان ئامانج غازی سەرقاڵی "شاکارێکی هونەری"یە کە چەندین شاعیر و سۆسۆلیست لە شارەکانی کوردستان بەشداریی تێدا دەکەن.

ئامانج غازی باسی پرۆژەکەی بۆ (ڕووداو) کرد کە نزیکەی نۆ مانگە پێوەی سەرقاڵە و گوتی " 14 شاعیری نوێ و کلاسیک و نزیکەی نۆ سۆلیست تێیدا بەشدارن، دێڕێکم لە هۆنراوەی هەر شاعیرێک هەڵبژاردووە و لە کاتی نمایشەکەدا شاعیرە نوێیەکان دێڕەکەی خۆیان دەڵێن، بۆ شاعیرانی کلاسیکیش کە لە ژیاندا نەماون، لە پشت پەردەوە کەسێک ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت".

لەو پرۆژەیەدا میوزیک بەشداری ناکات، بەڵکو هەر سۆلیستێک بە دەنگی قاچ و دەستیان موزیکەکە دروست دەکەن و پاشان بە سۆلیستێک یاخود دوو سۆلیست لەگەڵ شاعیرەکەدا ئەو هۆنراوانە لەشێوەی چامەیەکدا دەڵێنەوە و شاکارەکەش لە شانۆییەکی گۆرانیئامێز نزیک دەبێتەوە.

بڕیارە کۆتایی حوزەیرانی ئەمساڵ ئەو پرۆژەیە لە شار و شارۆچکەکان نمایش بکرێت.

# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

## کاوڕ

ئەم مانگە کەمێک ڕەشبین دەبیت چونکە کارەکەت بەگوێرەی پلانەکەت بەڕێوەناچێ، بە گوڕو تینێکی تازەوە دەست بە پرۆژەکەت بکەرەوە. چاکەی ئەوانە لەبەرچاو بگرە کە هاوکاریت دەکەن.

## گا

ئەم مانگە تیشکی هەتاو لە کەلوەکەت دەبێت، ئەم مانگە هەست بەئاسوودەیی دەکەیت چونکە دەتوانی بەشێوەیەکی باش کارەکانت ئەنجام بدەیت و قەرەبووی دواکەوتنی ماوەکانی ڕابردوو بکەیتەوە.

## دووانە

کاتێکی باشە بۆ وازهێنان لەو جۆرە هەڵسوکەوتەی بێزاری کردوویت وەک پرسیاری زۆر و هەوڵدان بۆ زانینی هەموو شتێک. لەم مانگەدا هەوڵ بدە هێمن بیت و پشووی تەواو بدەیت و خۆت لە دوودڵی بەدوور بگریت.

## قرژاڵ

لەم مانگەدا هەندێک گۆڕانکاری بە کتوپڕی دێنە پێشەوە و پێویستە دەبێت بڕیاری خێرایان لەبارەوە بدەیت. پەیوەندیی سۆزداری ئەگەر ئاسوودەت ناکات باشترە کۆتایی پێ بهێنی.

## شێر

لەم مانگەدا هەنگاوە ئاساییەکانی ژیان قورس دەبن، بەڵام نابنە ڕێگر لەبەردەمت و تەنیا کەمێک کۆششی زیاتری دەوێت. ئەستێرەکەت لەژێر فشار دەردەچێت بۆیە لە دڵتەنگییەوە هەنگاو بەرەو ئاسوودەیی دەنێی.

## فەریک

لەگەڵ سەختیەکانی ئەم ماوەیەدا زیاتر خۆڕاگر بە، هەستەکانت بەشێوەیەک دەربڕە کە نەبێتە هۆی ئازاردانی کەسانی دیکە. چەندین بابەتی دیکە هەن دەتوانن ئاسوودەت بکەن وەک گەشتێکی خێزانی.

## تەرازوو

لەم مانگەدا هەندێک لە شتە پێچەوانەکان پێکەوە دێنە پێشێ، ڕەنگە لە کاتی دڵتەنگیدا هەواڵێکی خۆشت پێ بگات. گوێ لە ڕەخنە و قسەی خەڵک مەگرە کە بەربەست بۆ هەنگاوەکانی ژیانت دروست بکەن.

## دووپشک

هەست بەدڵنیایی و بەرەوپێشچوون دەکەیت لە کارەکەت. دەتەوێت کاتێک دیاری بکەیت بۆ ئاسوودەیی و حەوانەوە، هەرچەندە قورسە بەڵام لەم مانگەدا بڕیارێکی گرنگ لەبارەی سۆزدارییەوە دەدەی.

## کەوان

هەر هەوڵێکی جدی بدەیت سەرکەوتوو دەبیت، پێشبینی ئەوەش بکە دژایەتیت بکەن. لە کۆتاییدا دۆخەکە ئارامتر دەبێت لەوەی چاوەڕوانی دەکەیت. گەشبین بە و ڕوخسارێکی شیرین پێشانی بەرامبەرەکەت بدە.

## گیسک

لەگەڵ ئەوەی سەرقاڵی ئەنجامدانی کارێکی گرنگ دەبیت، بەڵام گرفتێکی کۆن سەرهەڵدەداتەوە، هەوڵ بدە بەشێوەیەکی یەکجاری چارەسەری بکەیت. بەهۆی ئارەزووەکانەوە کارەکەت فەرامۆش مەکە.

## سەتڵ

لەم مانگە نوێیەدا لە دوودڵی ڕزگارت دەبێت، کارەکانیش بەشێوەیەکی باشتر بەڕێوە دەچن. خۆت لە هەڵچوونی کتوپڕ بەدوور بگرە. دوای تەواوکردنی هەر قۆناغێک پێداچوونەوە بەکەموکورییەکاندا بکە.

## نەهەنگ

لە هەوڵە داراییەکانت کەمتەرخەم مەبە. کاتێک جەستە ماندوو دەبێت لە دڵەوە هەست بە ئارامی دەکەیت. سەبر کلیلی بەختەوەرییە، لەم ماوەیەدا بیروبۆچوونەکانت زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکن.

ڕووداو
ژمارە (406) دووشەممە 2016/5/2

# مرۆڤێک کە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە



**کامەران سوبحان**

76 ساڵ لەمەوبەر و لە بەرەبەیانێکی وەک ئەمڕۆ 2ی ئایاردا، منداڵێک لەدایک بوو، باوکی ئەو منداڵە شاعیرێکی ناوداری کورد بوو. دواتر خۆیشی بووە یەکێک لەو شاعیرە دیارانەی کورد کە لە شیعری کوردیدا، ڕوخسارێکی پرشنگدارە.


تا خۆی لە ژیاندا مابوو، لە هەر شوێنێک بووایە، یادی ئەم ڕۆژەی بە شێوەیەک دەکردەوە، کە کۆچی دوایی کرد، کەس نییە ئەو یادەی بکاتەوە. ئەمەش ڕێک وەک ئەو هەستەی خۆی بوو لە ژیاندا کە هەمیشە لەوە دەترسا لە چاوان ون بێت و خوێنەرەکانی بیریان بچێتەوە. هەموو ساڵێک کە 2ی ئایار دێت، من ئەم شیعرەیم بەبیردێتەوە کە بۆ یادی لەدایکبوونی خۆی نووسیویەتی:


**من ناوم خەونە**
**خەڵکی وڵاتی ئەفسوونم**
**باوکم شاخە و**
**دایکم تەمە**
**من لە ساڵێکی مانگ کوژراو**
**لە مانگێکی هەفتە کوژراو**
**لە ڕۆژێکی سەعات کوژراودا**
**دوای شەوێکی ئاوس بە "با"**
**دوای شەوێکی پشت کڵماوەی هەوراز بە کۆڵ**
**بەرەبەیانێکی زامدار**
**لە شەفەقێکی کەسکەوە**
**وەک گزنگێکی خوێناوی کەوتمە خوارێ**
**و داگیرسام و بووم بە مۆمێک**
**گڕ بە مل و**
**بووم بە پرسێک**

**دەم بە هاوار**

شێرکۆ بێکەس، ئەو مرۆڤەی هەمیشە لە دەنگی مەرگ و بیرچوونەوە دەترسا، دەیویست هەمیشە کارەکتەرێکی سەرەکیی ژیان و ڕووناکییەکی بەردەوام و پرشنگداری نێو ژوورە جیاوازەکانی ژیان بێت. شیعری زۆری دەنووسی، نامەی زۆری دەنووسی، لە کۆڕ و چالاکییە جۆراوجۆرەکاندا زۆر دەردەکەوت. جارێکیان لە ژوورەکەی خۆیدا لە دەزگای سەردەم، هاوڕێیەکی نزیکی پێی گوت: "کاک شێرکۆ ئەم ماوەیە زۆر دەنووسیت. پێم باشە کەمێک نووسین کەم بکەیتەوە، با بەرهەمەکانت زۆر و بۆر نەبن"، ئەویش وەڵامی دایەوە و گوتی خۆیشم دەزانم زۆر دەنووسم، بەڵام ئێمە کوڕی میللەت و نەتەوەیەکین، یادەوەریی خوێنەر و هاووڵاتییەکانمان زۆر کز و لاوازە و زوو شتی بیر دەچێتەوە، من زۆر دەنووسم بۆ ئەوەی پاش خۆم، کەمێک لەو نووسینانە بمێننەوە، دڵنیام کەم بنووسم هیچی نامێنێتەوە.

ئەم بار و هەستە دەروونییە لای شاعیرێک، بۆ ترسان و لەبیرچوونەوەی لای خوێنەرەکانی، مایەی هەڵوێستە و لەسەر وەستانە. ڕەنگە ئەو هەست و دڵەڕاوکێیەی خۆی پێیگەیشتبوو، لای خوێنەرەکانی بە پێچەوانەوە بێت. ئەگەر نا چۆن ناوی (حاجی قادری کۆیی و نالی و گۆران و وەفایی) و دەیانی دیکە بە نەمری دەمێننەوە، ناوی شێرکۆش بە هەمان شێوەو هەرگیز لەبیر ناچێتەوە. بەڵام ئەم ترس و گومانە بەردەوام وەک کابووسێک لەگەڵیدا بوو، هەمیشە زۆر دەینووسی بۆ ئەوەی لەبیر نەچێتەوە و لەبەر چاوان ون نەبێت.


کاک کامەران
دوای سڵاو
لەبەر سەرقاڵی [illegible] بتوانم شتێک [illegible] بۆ ئەم ژمارەیە فریا [illegible]. با بمێنێ بۆ جارێکی تر. سوپاس
شێرکۆ
٢٠٠٩/١/٢١


کاک کامەران
دوای سڵاو
[illegible]
شێرکۆ
٢٠٠٨/٨/٢٤

لەماوەی کارکردنمدا لە دەزگای سەردەم، زۆر جار نامەی بچوکی (شێرکۆ بێکەس) بۆ من و زۆر لە هاوڕێیانی دیکەی سەردەم هاتووە. سەیرە.. ئەم پیاوە چەند حەزی بە نووسینی شیعر بوو، هێندەش خولیای نووسینی نامە بوو. چ لەکاتی کارکردنی ڕۆژانەی لە دەزگای سەردەم، چ لە ناردنی بۆ هاوڕێکانی. پێموایە ئەگەر گەڕانێکی ورد بکرێت، نامەکانی شێرکۆ بێکەس لە شیعرەکانی زیاتر نەبێت، کەمتر نییە. ئەم قسەیە لەخۆڕا فڕێ نادەم، خۆم ڕۆژانە بینیومە، بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی سەردەم، نووسەرەکان، سەرنووسەری گۆڤارەکان، بەرپرسی چاپخانە، ژمێریاری و...هتد نامەی دەنارد. ئەمە جگە لەوەی هەموو هاوڕێ کۆن و نوێیەکانی نامەی دەستنووسی (شێرکۆ بێکەس)یان لایە. شێرکۆ پەیوەندییەکی بەرفراوانیشی لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکان هەبوو، کۆمەڵێک نامەشی لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیدا لەگەڵ سیاسییە باڵاکانی کوردستان هەبووە.

لە ژیانی ڕۆژانەی کارکردنماندا لە دەزگای سەردەم، هەندێجار کارێکی سادەی بەسەردا دەدای بۆی بکەی، بە نامە بۆی دەنووسیت، یان دوای چەند ڕۆژێک نامەیەکی بۆ دەناردیت و پرسیاری کارەکەی دەکرد کە بەکوێ گەیشتووە. ئەم خولیای نامە نووسینە لای ئەم شاعیرە زۆر سەیر و سەرنجڕاکێش بوو.

پێش نزیکەی ساڵێک لە کۆچی دوایی کاک شێرکۆ، بەیانییەک کە هاتم بۆ دەوام، هەورامان، ئەو کوڕە گەنجەی لە ئۆفیسەکەیدا کاری دەکرد، بانگی کردم و گوتی کاک شێرکۆ کاری پێتە. چووم و چەند نامەیەکی خۆی پێدام کە لە ڕابردوودا و لە قۆناغی جیاوازی ژیانیدا لەلایەن (چەند کەسایەتییەکی دیاری سیاسی و ئەدەبیی کوردستان) لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیدا بۆی هاتبوون، گوتی بۆم سکان بکە و لای خۆشت نوسخە هەڵبگرە. ئەو نامانە هی هەریەک لە د.کەمال مەزهەر، ئەحمەد هەردی، خەسرەو خاڵ، نەوشیروان مستەفا و د.کەمال فوئاد بوون. سکانم کرد و لە (سی دی)یەکدا بۆم هێنایەوە. خۆیشم نامەکانم خوێندنەوە. هەر لەو ڕۆژەوە بیرۆکەی چاپکردنی (نامەکانی شێرکۆ بێکەس) هات بە بیرمدا. پێمگوت ئەم نامانە و ئەوانەشی ناردووتن بۆ هاوڕێ و دۆستەکانت، با کۆیانبکەینەوە و چاپیان بکەین. پێکەنی و گوتی کات زۆری ماوە. جارێ زووە، بەڵام بیرۆکەیەکی باشە و کاری لەسەر دەکەین.

کاتێک سەیری ئەدەبیاتی نامەی میللەتانی دونیا دەکەیت، سەروەتێکی گەورەی بواری ئەدەبیاتە، بە تایبەتیش نامەکانی نێوان (سترنبێریی نووسەری سویدی و هنریک ئیپسن نووسەری نەرویجی) کە بەچەند بەرگێک بڵاو بووەتەوە، یان نامەکانی نێوان (سامۆیل بیکێت و هارۆڵد پنتەر)، نامەکانی نێوان (ئەنتوان چیخۆف و ئۆلگا کنیپەر) و زۆر نموونەی دیکەش لە ئەدەبیاتی نامەی ئەدەبی میللەتاندا هەیە، بەڵام بەداخەوە کورد لە بواری ئەدەبیاتی نامە نووسیندا، یەکجار لاواز و هەژارە. ئەگەرچی چەندین نامەی مەولانا خالید و شێخ مارفی نۆدێ و کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحمود و شێخ عوسمانی بیارە و پیرەمێرد و ئەمین زەکی بەگ ماونەتەوە و پارێزراون، بەڵام بەشی هەرە زۆریشیان فەوتاون و لەناو چوون، لە کاتێکدا لەنامەی ئەو کەسایەتییانەوە دەتوانیت قۆناغی سیاسی و ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمە بخوێنیتەوە، لەو بوارەشدا چەند هەوڵێک هەیە.

پاش مردنی کاک شێرکۆ، ئەو بیرۆکەیە لای من گەشەی کرد و دەستم کرد بە کۆکردنەوەی نامەکانی، بە ئێستاشەوە سەرقاڵی کۆکردنەوەی نامەکانی ئەوم، خۆشبەختانە پاش ماندووبوونێکی زۆر، بەرگی یەکەمی ئامادەیە و لە مانگی داهاتوودا بڵاودەبێتەوە. خوێنەر لەم بەرگەی نامەکاندا، لە ڕێگەی ئەو نامانەوە دەتوانێت بە ئاسانی و بە ساکاری تێڕوانینی شێرکۆ بێکەس بۆ بوارەکانی (شیعر، سیاسەت، نیشتمان، ئازادی، داهێنان، هاوڕێیەتی، وەفا و یادەوەری) و زۆر بواری دیکە بخوێنێتەوە کە ڕەنگە لە شیعرەکانیدا کەمێک ئەستەمتر بێت، بە تایبەتیش بۆ خوێنەرێک زۆر ئاگای لە دونیای شیعری شێرکۆ بێکەس نەبێت.


لێرەدا و لەم نووسینەدا کە هاوکاتە لەگەڵ یادی لەدایکبوونی شێرکۆ بێکەس، خاڵێک زۆر مەبەستمە ئاماژەی پێ بدەم، ئەویش ئەوەیە کە لە بەرگی یەکەمی نامەکاندا، هەموو نامەکان وەک خۆی دانراونەتەوە، بەبێ ئەوەی دەستکاریی ڕێنووسەکەی بکەم، هەندێ جار وشەیەک یان زاراوەیەکیش بە هەڵە نووسرابێت، ئەمەش لە پێناو پاراستنی ڕاستگۆیی نێو نامەکانە و نەمویستووە بە هیچ شێوەیەک دەستکاریی بکەم، ئەوەندە نەبێت لەکۆی ئەو نامانە، تەنیا چەند ناوێکمان سڕیوەتەوە و یەک دوو دێڕیشمان لابردووە، تەنها لەبەر پاراستنی شکۆی کەسایەتیی ئەو کەسەی کە ناوی هاتووە، یان ڕەنگە لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا، ئەو وتە و دەستەواژانە شیاو بووبێت، بەڵام ئێستا و لەم سەردەمەدا، ئەو دەستەواژە و وشەیە پشێوییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دروست بکات، بەڵام کە کۆی گشتیی ئەو نامەیە دەخوێنیتەوە، خوێنەر خۆی دەزانێت ئەو کەسە کێیە، بەڵام ئەمە هیچ کاریگەری لەسەر تام و چێژی نامەکان نییە، تا نەخوێنرێتەوە نازانرێت ئەو نامانە بەشی زۆریان چ شاکارێکی گەورەو پڕ تام و چێژ و هەمەڕەنگی ئەو شاعیرەن.

لە کۆتایی کتێبەکەشدا، کۆمەڵێک نامەی بچووک، بەناوی (ئاوێنە بچووکەکان) دانراوە کە نامەی کورت و نامەی ڕۆژانەن، بۆ من و بەشێک لە هاوڕێیانی دەزگای سەردەمی ناردووە لە کاتی کارکردنمان لەو دەزگایە.

ئێستا و پاش تەواوبوونی بەرگی یەکەمی ئەو نامانە، سەرقاڵی ئامادەکردنی بەرگی دووەمی نامەکانم، هیوادارم هەر نووسەر و کەسێک نامەی کاک شێرکۆی لایە، بەرگی دووەمی کتێبەکەمان دەوڵەمەند بکات و بۆمان بنێرێت.

ئەم دێڕانە دیاریی منە بۆ دووی ئایار، ڕۆژی لەدایکبوونی شێرکۆ بێکەس، ئەو شاعیرە کوردەی تا لە ژیاندا بوو، بە عیشق و ژیاندۆستییەکی زۆرەوە خۆی و خوێنەرەکانی ئەو یادەیان دەکردەوە، کە کۆچی دوایی کرد، ئەو یادە تەنیا لە نووسیندا دەکەینەوە.





# ئەدەبیات.. گرنگی و چێژبەخشین



سەنگەر زراری
sangarzrary@gmail.com

ئەدەب ناتوانێ هیچ شتێک لە دنیا بگۆڕێ، ناتوانێ زوڵم و زۆرداری لەسەر یەک کەس لابدات، ناتوانێ برسییەک تێر بکات، کەواتە جێی خۆیەتی بپرسین ئەی ئەو هەموو شاعیر و ڕۆماننووس و چیرۆکنووسە چین و چی دەکەن؟ شیعر و چیرۆک و داستان و حیکایەتەکان بۆ مرۆڤ چ بەهایەکیان هەیە؟ بۆچی مێژوویەک نادۆزینەوە کە ئەدەبیاتی تێدا نەبێ، چ ئەدەبیاتی نووسراو چ زارەکی؟ جێی خۆیەتی بپرسین ئەدەب سوودی چییە؟

کاتێ نووسەر و چیرۆکنووسی ئەرجەنتینی، خۆرخێ لویس بۆرخیس (1899–1986)، پرسیاری ئەوەی لێ دەکرا کە ئەدەب سوودی چییە؟ تووڕە و بێزار دەبوو، پێی وابوو ئەمە پرسیارێکی گێلانەیە، دەیگوت: کەس ناپرسێت دەنگی کەناری و دیمەنی خۆرئاوابوون بۆچی جوانن؟ واتا ئەدەب بەلای بۆرخیسەوە دەچێتە خانەی جوانی و ئیستاتیکاوە، ئەوەش چێژی لێ وەردەگیرێ، نەک ئەوەی سوودەکانی بژمێردرێ کە دواجار چێژیش سوودێکی دەروونی و ڕۆحییە.

ڕۆماننووسی پیرۆیی، ماریۆ بارگاس یۆسا (1936-)، (وەرگری خەڵاتی نۆبڵی 2010)، بە مافێکی ڕەوای دەزانێ پرسیاری سوودی ئەدەب چییە؟ بکرێ و وەڵامیش بدرێتەوە، بە بڕوای یۆسا، بواری مەعریفی بەرەو بەرفراوانبوون و پسپۆڕیی ورد دەچێت و زانستەکان وردە وردە قووڵتر دەبنەوە، بەمەش زانستەکان هێما و گوزارشت و زمانی تایبەت بە خۆیان دەبێت، ئەم وردبوونەوەیەی بواری مەعریفە، دەبێتە هۆی لەیەکتر دوورکەوتنەوەی بوارەکان و جیابوونەوەی زمان و ئاماژەکان لە یەکتر و دواتریش دەبێتە هۆی سستی لە پەیوەندییەکان، هاوبەشە فیکری و کولتوورییەکان لەناو دەبات، ئەو هاوبەشە فیکری و کولتوورییانەی هەستی پەیوەستبوون و وابەستەیی و پێکەوەژیان بە مرۆڤ دەبەخشن. بۆیە یۆسا دەڵێت: لە سەردەمی ئێمەدا زانست و تەکنەلۆژیا ناتوانێت ڕۆڵی یەکگرتن بگێڕێت، ئەمەش ڕێک بەهۆی بەرفراوانبوونی بێکۆتای مەعریفە و خێرایی وەرچەرخانەکەی کە دەرئەنجامەکەی بە پسپۆڕیبوون و شارەزایی زۆر ورد کۆتایی دێت، بەڵام ئەدەبیات لە سەرەتاوە تا ئێستا و تا ئەوکاتەش کە بوونی هەبێت، بەندی هاوبەشی ئەزموونی مرۆڤایەتی بووە و هەرواش دەمێنێتەوە، بەهۆی ئەوەوە مرۆڤەکان دەتوانن یەکتری بناسنەوە، وتووێژ لەگەڵ یەکتردا بکەن، لەو نێوەدا جیاوازیی کاروبارەکان، شێوازی ژیان و پێگەی جوگرافی و کولتووری، بارودۆخی خودی، هیچ کاریگەرییەکی نییە، ئەدەبیات توانای بە یەکە یەکەی مرۆڤەکان داوە بە هەموو تایبەتمەندییە تاکییەکانەوە تا بگەنە ئەوپەڕی مێژوو.

هەروەها پێی وایە، ئەو پەیوەندییە مرۆڤانەیەی کە ئەدەبیات لە نێوان مرۆڤەکاندا دروستی دەکات و وایان لێ دەکات گفتوگۆ بکەن، ئەو پەیوەندییە سەرچاوەی هەڵقوڵانی هاوبەش و ئامانجی هاوبەش بیری مرۆڤەکان دێنێتەوە.

ڕەنگە سەردەمی ئێستای پڕشەڕ و ئاشووب و ژاوەژاوی تەکنەلۆژیا و هەواڵە ناخۆشەکانی دنیا وا بکات، زیاتر پێویستمان بەوە هەبێ لەڕێگای خوێندنەوەی ئەدەب و دەقە ئەدەبییەکانەوە، پشوویەک بدەین و چێژێک وەربگرین. هەر بۆیە لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە بۆچی ڕۆمان دەخوێنینەوە؟ ڕەخنەگری فەلەستینی یوسف سامی ئەلیوسف (1938- 2013)، دەنووسێت: بۆ ئەوەی ئەزموونێک بژین کە بە هیچ شێوەیەک لە ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە نەچێت، هونەر و ئەدەب کاریان ئەوەیە هەستێکی باڵا بەرهەم بێنن، واتا هونەر و ئەدەب، ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەی سەرزەمینێکی چۆڵ و وشک تێدەپەڕێنن، ئەگەر ئەم ئامانجەش نەبوایە، مرۆڤ نەیدەتوانی هونەر و ئەدەب بەرهەم بێنێ.

ڕەخنەگر و تیۆریسێنی ناوداری فەڕەنسی ڕۆلان بارت (1915–1980) کە کارێکی زۆری لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی کردووە، لە ڕێگای کتێبەکەیەوە (چێژی دەق) بە وردی لەسەر ئەو کاریگەرییە دەوەستێ کە خوێنەر دەتوانێ لەسەر دەقی دابنێ، ئەو پێی وایە هەموو دەقێک کە بە چێژەوە بخوێنرێتەوە، مانای ئەوەیە ئەم دەقە بە چێژەوە نووسراوە، لێرەشەوە بارت دەپرسێت: ئایا نووسین بە چێژەوە، ئەوە دەگرێتەوە کە خوێنەر حەتمەن چێژی لێ وەردەگرێ؟ وەڵامەکەی بارت ئەوەیە کە: نەخێر. ئەو پێی وایە دەبێ نووسەر بە دوای خوێنەردا بگەڕێ و هەوڵ بدا فریوی بدات، (فریودان) هەمیشە پەیوەستە بە شادی و چێژبەخشینەوە. جەخت لەوەش دەکاتەوە کە بۆ ئەوەی دەقێک ببێتە دەقێکی چێژبەخش، پێویستە ئەو مەرجانەی تێدا بێت کە دەقێک دەکەنە چێژبەخش، هەر دەقێک ئەگەر بیەوێ بخوێنرێتەوە، بە بڕوای بارت، پێویستی بە جۆرێک لە دەمارگیریی هەیە بۆ فریودانی خوێنەر، ئەم جۆرە دەقە سەرسوڕهێنەرانەش، دەقی بەنازوفیزن، بارت وای دەبینێ، نووسەر ئەوە ڕەت دەکاتەوە کەسێکی شێت بێت، هاوکات بەوەش ڕازی نابێت کەسێکی تەواو ساغ و سەلیم بێت، ساغ و سەلیم بەو واتایەی چەمکی شیکردنەوە دەروونییەکان بەکاردێنن، بەڵکو نووسەر دەکەوێتە ئەم نێوانەوە، واتا دەکەوێتە نێوان شێتی و سەلیمی.

ڕۆلان بارت پێی وایە نووسین لە نائاگاییەوە دروست دەبێت، بەڵام بە ئاگاییەوە دەنووسرێت.

ئەم حاڵەتی پێکداچوون و کارلێکردنەی نێوان خوێنەر و دەق، ئەزموونی وەرگر/ خوێنەر زیاد دەکات، مەودای ڕامان و ئاسۆی گشتگیربوونی زیاتر دەکات و دووری دەخاتەوە لەوەی لە چوارچێوەیەکی چەقبەستوو و شورای وشەکاندا بەند بێت، دەق بە تەنیا ناتوانێ بەهای جوانی بەدەستبێنێ، بەڵکو کاردانەوەی وەرگر و کارلێکی وەرگر لەگەڵ ئەم دەقە، کاریگەرییان هەیە بۆ دەستخستنی ئەم بەهایە، لێرەشەوەیە کە بارت، بانگەشەی (مەرگی نووسەر) دەکات و دەسەڵات دەبەخشێتە خوێنەر، بەڵام ئەو خوێنەرەی بارتیش باسی دەکات، خوێنەرێکی وریا و ڕۆشنبیرە، نەک خوێنەری ئاسایی.

ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە خوێنەر هەموو دەقێک بە هەمان تاموچێژەوە ناخوێنێتەوە، دەڵێت: هەموو کەسێک دەتوانێ ئەوە ببینێ کە چێژی دەق تا سەر نییە، هیچ شتێک ناتوانێ دڵنیاییمان بداتێ، لەوەی ئەو دەقەی ئێستا پێمان جوانە، جارێکی دیکە و لە کاتێکی دیکەدا هەمان دەقمان پێ جوان بێ، دۆخەکان کاریگەرییان لەسەر دەبێت و چێژێکی تێپەڕە. هەروەها دەڵێت: کاتێ سەرەتا ڕاستەوخۆ چێژ لە چیرۆکێک دەبینم، بەهۆی ناوەڕۆک و پێکهاتەکەی نییە، بەڵکو بەهۆی ئەو ختووکەدانەیە کە بەسەر بەرگە جوانەکەیدا دەیسەپێنم.

سەرەڕای ئەو چێژەی ئەدەبیات بە خوێنەری دەبەخشێت، دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەگەر دەقێک چێژبەخش بوو، مانای ئەوە نییە، ئەم دەقە سەرکەوتووە، سەدان و هەزاران دەق هەن کە سەرنجت ڕادەکێشن و تا کۆتایی لەگەڵ خۆیان دەتبەن، بەڵام ئامانجێکی ئەوتۆیان نییە کە سوود بگەیەنن، لەم ڕووەوە نووسەر و ڕۆماننووسی کورد، بەختیار عەلی (1960-ز) دەنووسێت: مەرج نییە گەر ڕۆمانێک توانی ڕامانکێشێت، بەو مانایە بێت ئیدی ڕۆمانێکی سەرکەوتووە، زۆر فیلم و ڕۆمان هەن دەتوانن تا کۆتایی ڕامانگرن، بەڵام هەڵگری هیچ پەیامێک نین، گرنگ ئەوەیە لەپاڵ ڕاگرتنی خوێنەردا ڕێزی بیرکردنەوە و خەیاڵیشی بگرین، من باوەڕم بەوە نییە ڕۆمان مەتەڵێک بێت لە کۆتاییدا ئاشکرا بێت، ڕۆمان کۆیەکی ئاڵۆزتر و تێکەڵاوتر و قورسترە، ڕۆمان دەتوانێت لە گەلێک ڕێگای جیاوازەوە خوێنەر ڕابکێشێت. لە ڕێگای هەستەکانی ناوەوەی، لە ڕێگای ئەو ڕۆحە شاعیرییەی کە هەڵگریەتی، لە ڕێگای سروشتی سەرد و سروشتی حیکایەتەوە.

کەواتە چێژبەخشین مەرجی ئەدەبی باش نییە، یوسف سامی ئەلیوسف دەنووسێت: ڕۆمانی باش ئەوەیە کە بەڕاستی چڕکراوەیەکی گشتگیری ڕۆحیی مرۆیی و بەهای مرۆیی بێت، بەوەی مرۆڤ کرۆکی بوونە، ئەو پێی وایە ڕۆمان، بانگەشەی مرۆڤە بۆ ئەوەی مانا بە ژیانی خۆی بدات، دروستکردنی ئەو ژیانەیە کە پێویستە هەیبێ.

بەختیار عەلیش دەڵێت: ڕۆمان تاکە ژانرێکی ئەدەبییە، وا دەکات بتوانین جیهان بە جۆرێکی ڕووناکتر و شەفافتر ببینین.

کەواتە ئەگەر ئەدەبیات لە ڕووی کردەییەوە هیچی پێ نەکرێت، لە ڕووی ڕۆحییەوە کارێکی گەورە بۆ مرۆڤایەتی دەکات و چێژ و ئاسوودەییەکی دەروونیی پێ دەبەخشێت، لەم دنیا پڕ گرفتە و لەم واقیعەی دوور دەخاتەوە کە پڕە لە شەڕ و شۆڕ و نادادپەروەری.

1- ئەدەبیات بۆ؟- ماریۆ بارگاس یۆسا، وەرگێڕانی: دڵشاد خۆشناو، چ 1، چاپخانەی ڕوون، 2011.
2 - وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان- بەختیار عەلی، ناوەندی ئەندێشە، چ1، 2012.
3- مقال في الرواية- يوسف سامي اليوسف، دار كنعان، دمشق، 2002.
4 - لذة النص- رولان بارت، ترجمة: د. منذر عياشي، مركز الانماء الحضاري، ط2، 2002.

# تیرۆری سیاسی لە ئیسلامدا



حەمەسەعید حەسەن

(3)

لە سەروەختی فەرمانڕەوایی چوار خەلیفە ڕەشیدەکەدا کە 30 ساڵی خایاند، (11 – 41ی کۆچی) چوار تیرۆری سیاسی گرینگ ڕوویان دا کە قوربانییەکانی دووان لە خەلیفەکان: عومەر و عەلی، یاوەرێکی گەورەی پەیامهێن و سەرکردەیەکی شیعە بوون. ئەو تیرۆرانە زادەی ناکۆکیی سیاسی بوون کە هەر لە پاش کۆچی دوایی پەیامهێنەوە دەستی پێ کرد. کوشتنی عوسمان ناکەوێتە خانەی تیرۆرەوە، ئاخر ئەو لە ئەنجامی ڕابوونێکی چەکدارانەوە، کۆتایی بە ژیانی هات.

یاوەرە گەورەکەی پەیامهێن سەعدی کوڕی عوبادە بوو کە سەروەختی شەڕەکانی موحەممەد، مەدینەی دەپاراست و بەوە بەناوبانگ بوو کە کەسێکی دەستپاکە و توخنی تاڵانی ناکەوێت. سەعد لە ڕۆژی سەقیفەدا خۆی بۆ خەلیفە پاڵاوت، بەڵام زۆرینەی بە دەست نەهێنا. ڕووداوەکەی سەقیفە ئەوە بوو، یاوەران لەوێ بۆ هەڵبژاردنی جێنشینی پەیامهێن کۆ بوونەوە و ئەبوو بەکریان بە خەلیفە دیاری کرد. سەعد دانی بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەدا نەنا و خۆی دوورەپەرێز ڕاگرت، کە شام فەتح کرا، ئیدی ڕووی کردە ئەوێ، لە 14ی کۆچیدا لەوێ لە هەلومەرجێکی تەمومژاویدا کوژرا. دوو بۆچوون لەبارەی کوشتنەکەیەوە هەیە:

1- عومەری کوڕی خەتتاب، ڕایسپارد بیکوژن.

2- جنۆکە لە بیاباندا بە شەو کوشتیان، کە ئەوەی یەکەمیان جێی بڕوایە.

ئەوی عومەری کوڕی خەتتابی تیرۆر کرد، کۆیلەیەک بوو ناوی ئەبوو لوئلوئە بوو. تیرۆرکردنی عومەر کارێکی ئاسان بوو، چونکە تەنانەت یەک پاسەوانیشی نەبوو. ئەبوو لوئلوئە هەرچەندە موسوڵمان نەبوو، بەڵام لەگەڵ نوێژخوێناندا بە خەنجەرێکی دوودەمەوە، خۆی بە مزگەوتدا کردبوو، لە پشتەوە نا، لە پێشەوە پەلاماری عومەری کە پێشنوێژیی دەکرد، دابوو. لەشکری ئیسلام وەڵاتی فارسی داگیر کردبوو، ژنانی بە سەبایاکراوی فارس، لە مەککە کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرا، ئەبوو لوئلوئەی فارسی مەجووسی، بەو جۆرە تۆڵەی شکۆی پێشێلکراوی قەومەکەی کردەوە.

یاخیبووان کە (عوسمان)یان کوشت، (عەلی)یان لە جێی دانا، بەڵام دواتر هەر ئەو یاخیبووانە، (عەلی)یشیان تیرۆر کرد. یاخیبووان پێیان وابوو، کێشەی ئیسلام لە سەرکردەکانیدایە، بۆیە بڕیاریان دابوو، هەم عەلی بکوژن و هەم دوژمنەکانیشی کە مەعاویە و عەمری کوڕی عاس بوون. یاخیبووان سێ خۆبەخشیان هەڵبژارد، بۆ ئەوەی یەکەمیان بچێت لە کووفە عەلی بکوژێت، دووەم بچێت لە شام مەعاویە بکوژێت و سێیەم بچێت لە میسر عەمری کوڕی عاس بکوژێت. تیرۆرکردنی عەلی کە ئەویش وەک عومەر پاسەوانی نەبوو، بە سەرکەوتوویی ئەنجام درا، دوو سەرکردەکەی دیکە، ڕێکەوت کۆمەکی کردن و ڕزگاریان بوو. وەک چۆن عومەر بەدەم نوێژکردنەوە تیرۆر کرا، هەر لە سەروەختی نوێژدا پەلاماری عەلی، مەعاویە و عەمریش درا.

مەعاویە بەوە زۆر سەغڵەت بوو کە عەلی، مالیکی ئەشتەری بە والیی میسر دانابوو، بۆیە هەر زوو ڕایسپارد بیکوژن. بەگوێرەی هەموو گێڕانەوەکان ئەشتەر بە تیغ نەکوژراوە، ژارخواردوو کراوە، ژاری بۆ کراوەتە هەنگوینەوە، ئەوە بۆیە کە هەواڵی کوشتنی بڵاو بووەتەوە، مەعاویە گوتوویەتی: (خوا سەربازی لە هەنگوین خوڵقاویشی هەیە.)

چونکە تیرۆر لە سەروەختی پەیامهێندا، وەک چەکێکی سیاسی وەگەڕ خرا، ئەوە چاوەڕوانکراو بوو، لە سەردەمی خەلیفە ڕەشیدەکانیشدا سوود لەو چەکە وەربگیرێت. ئەگەر موحەممەد وەک لە سەرەتاوە کە هێشتا کۆچی بۆ مەدینە نەکردبوو، هەر خەریکی بانگخوازی بووایە، ئەوا وەک مژدەدەر دەمایەوە و پێویستی بە تیرۆر نەدەبوو، بەڵام هەر زوو دەرکی بەوە کرد، لەو دوورگەی عەرەبە و لە قۆناغی نەفامیدا، ئایین بە بانگەوازی ئاشتییانە ناچەسپێت. ئایین ئیدی ئیسلام بێت، یان هەر دینێکی دیکە، کە بوو بە خاوەنی دەوڵەت، ئیدی دینەکە دەکەوێتە خزمەتی ئەو دەزگا سەرکوتکەرەوە.

وەک تەبەری دەیگێڕێتەوە، عومەری کوڕی خەتتاب بە موسوڵمانانی گوتووە، ئەگەر خەلیفە لەسەر هەق بوو، گوێرایەڵی بن، ئەگەر خوار ڕۆییشت، بیکوژن. کە یەکێک پێشنیار دەکات: با نەیکوژین، بیگۆڕین، عومەر دەبێژێت: کوشتن باشترە، بۆ ئەوەی خەلیفەی داهاتوو چاوترسێن ببێت. کە لە حەسەنی بەسری دەپرسن، چۆن بە گژ (حەججاج)ی ستەمکاردا بچینەوە، دەڵێت: ئارام بگرن و بیدەنە دەست خوا کە دادخوازترین دادوەرە. گاڵتەیان بە قسەکەی دێت و سەرزەنشتی خۆیان دەکەن کە پرسیان، خۆیان گوتەنی، بەو علجە کردووە، ئەوسا علج وێڕای کەری کێوی، بە مانای (عەجەمی)یش دەهات.

کە عەلی کوژرا، حەسەنی کوڕی بەوە ڕازی بوو، مەعاویە ببێت بە خەلیفە، بە مەرجێک خۆی جێی بگرێتەوە. دە ساڵی ویست تا یەزید پێگەییشت، ئەوسا مەعاویە ڕایسپارد حەسەن تیرۆر بکەن، تا نەبێتە کۆسپ لەبەردەم کوڕەکەیدا. هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە حەسەن لەڕێی جەعدەی ژنییەوە، ژارخواردوو کرا، مەعاویە سۆزی پێ دابوو، هەم سەدهەزار دەرهەمی بداتێ و هەم لە یەزیدی کوڕیشی مارە بکات. کە حەسەن دوای چل ڕۆژ تلانەوە بە ئازارەوە مرد، مەعاویە پارەکەی نارد، بەڵام نەیناردە خوازبێنیی جەعدە، بۆ یەزیدی کوڕی. سەعدی کوڕی بابی وەققاسیش کە یەکێک بوو لە فەرماندە ناودارەکانی ئیسلام، دژی بە خەلیفە دانانی یەزید بوو، مەعاویە ئەو کۆسپەیشی بە ژار تەخت کرد. مەعاویە بۆ کوشتنی نەیارانی بە ژار، سوودی لە (کوڕی ئاسال) کە دەرمانسازێکی سریانیی شارەزای بواری دروستکردنی ژار بوو، دەبینی.

2016/4/27
هەولێر

(*) هادي العلوي، ألإغتيال السياسي في ألإسلام، دار المدى، الطبعة السابعة 2012 بغداد.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# بە شێخ ڕەزا دەڵێم

ئێستاش لەوە حاڵیی نەبووم، تۆمەتباری دەستەبەرکراو، کە بەدرێژایی دادگاییەکەم، دادوەری دادگای کەتن و داواکاری گشتی چەندبارەیان دەکردەوە، یانی چی. جا خۆش ئەوەیە لە دادگای کەتن دادگایی دەکرام و بەر لە هەموو شتێ ئەوان خۆیان کەتنێکیان بە زمانی کوردی کردبوو مەگەر هەر خوا بزانێ.

گوێت لە یەک ڕستەی کوردیی پاراو، نە لەدەوی دادوەر و نە لە داواکاری گشتی نابێ. داواکاری گشتی کە داوای دەکرد دادوەر سزای توندم بدا و لە تۆمەتبارەوە بمکاتە تاوانبار، هەتا ئەو لایەحەی خۆی کە هەر نیو لاپەڕەی ئەی چوار دەبوو خوێندەوە، من دڵم تۆقی کرد. تۆ لەوەی گەڕێ من لەسەر وتارێک دادگایی دەکرام کە بە شایەتیی زمانپاراوان، خەراو نییە، بەڵام کۆمێدیا ئەوە بوو، ئەوەی داوای دەکرد سزا بدرێم، کوردیی نەدەزانی، ئاخر کە داواکاری گشتی کوردیی نەزانێ، ئیتر چۆن لە نووسینی من حاڵی بووە و بە تەشهیری لەقەڵەم داوە؟

کوردی نەزانییەکەی داواکاری گشتی تەنیا کەتنی ئەو نەبوو، ئاخر نوێنەری داواکاری گشتی ئاگای لەوە نەبوو کە لایەنی سکاڵاکار، بە نووسراوی فەرمی لە داواکەی پاشگەز بووبوو و دەیگوت جەنابی حاکم کەس بە منی نەگوتبوو دەنا لایەحەکەم بە شێوەیەکی دی دەنووسی، خوا ڕەحمی کرد بە یاسای کاری ڕۆژنامەگەری دادگایی دەکرام، دەنا داوای پەتی سێدارەی بۆ دەکردم.

کەتنێکی دیکەی دادگای کەتن ئەوەی پۆلیسەکانی بەردەم ژووری دادگایی بوو، ئاخر ئەوان لە ژێر کاخەزێ کە لێی نووسراوە جگەرەکێشان قەدەغەیە، وەک قیتاری سەردەمی ڕەژوو، دووکەڵ لە لووتیان دێتە دەرێ، لە پرسگەی دادگا پاکەت و چەرخ لە خەڵکی دەستێنن، لە ژوورەوەش فەرمووی پاکەت و چەرخ لە یەکدی دەکەن.

بە نەرمە کەتنەکانی داواکاری گشتی و پۆلیسەکان مەمنوون بووم، نەمدەزانی جەنابی حاکمیش کەتنێک دەکا. گوتی خۆت بە تاوانبار دەزانی کاکە؟ گوتم نەخێر قوربان، ڕاست گوتی جا چونکە دانی بە تاوانەکەیدا ناوە بۆیە بە سەت هەزارم حوکم دا، ئێ لە دڵی خۆمدا گوتم ئەگەر ئێستاکێ دەڵێم قوربان ڕاست ناکەی، لەوانەیە پۆلیسە جگەرەکێشەکان تێرشەقیشم بکەن، بۆیە دەنگێم نەکرد و پارەی خۆم دا.

هەموو ئەوانە بەلایەک، دادوەر لێی پرسیم ئەمە چییە نووسیوتە؟ جا منیش کە باش خۆم بۆ ئامادە کردبوو، هێندێکم باسی تەنز و ساتیر و ئەدەبی گاڵتەجاڕی و نووسینی کاریکاتێر بۆ کرد. بە مۆنییەکەیدا هەستم کرد حاڵی نەبووە، دەی گوتم با دڵی نەرم بکەم هێندێکی دیکەم قسە کرد و باسی بێرنارد شۆ و حەزرەتی شێخ ڕەزام بۆ کرد کە من حەددم نییە بگەمە تۆزی پێیان، ئەمجارەیان هەستم کرد شتێ حاڵی بوو، فەرمووی کاکە ئەم ئیشەی تۆ و شێخ ڕەزا دەیکەن خەراپە. واقم وڕما و هیچی نەمابوو بڵێم بەسەر چاو قوربان هەر کە لێرە چوومە دەرێ تەلەفۆنێ بۆ شێخیش دەکەم و پێی دەڵێم واز لەم ئیشە قۆڕە بێنێ.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# بەعێراقیکردنەوەی بەغدا

لە وتاری هەفتەی پێشوومدا کە ئامانج و مەبەستی وتارەکە تایبەت بوو بەخورماتوو، ئاماژەیەکم بە دەستەواژەی (بە عێراقیکردنەوەی بەغدا) کردبوو. ئەوەی لە بەغدا دەگوزەرێت پرسی چاکسازی و دژایەتیکردنی گەندەڵی نییە، ئەوەندەی پرۆژەیەکە بۆ دەرهێنانی بەغدا لەژێر هەیمەنەی ئێران کە لەدوای کشانەوەی ئەمریکاوە لە عێراق، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەغدا وابەستەی تاران کراوە.

ئێران نەک تەنیا لە پرسە ئەمنی و سەربازی و چارەنووسساز و بڕیارە ستراتیژیەکاندا، بەڵکوو دەست لە کاروباری ڕۆژانەی ژیانی خەڵک و دامەزراندن و پڕکردنەوەی پۆستە ئیدارییەکان و دیاریکردنی کاندیداکانیش وەردەدات، بە ئەندازەیەک کە لە زۆر جومگە و دامەزراوەی دەوڵەتیدا وا هەست دەکەی لە تارانی نەک بەغدا.

لێکەوتەی ئەو هەژموونە گەیشتە قۆناغێکی هێندە ترسناک کە زۆربەی سیاسی و حیزب و چالاکانی ئەم وڵاتە بەرلەوەی خەمی ڕەزامەندی ئەندام و دۆست و هەوادارە عێراقیەکانی خۆیان بێت، لە هەوڵ و پێشبڕکێی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی باڵیۆزخانە و مەئموورەکانی ئێراندا بوون. تەنانەت دامەزراوە میدیایی و میدیاکار و ڕۆشنبیرەکانیش لە نووسین و توێژینەوە و بابەتەکانیاندا دەبوو مشووری ئەوە بخۆن ئێران نیگەران نەبێت. کار گەیشتە ئەو مەترسیەی کە ئەگەر ئێران لێت ڕازی نەبێت، لە عێراق شوێنی ژیانت نەمێنێتەوە.

لەگەڵ ئەو هەژموون و پاوانکردنەی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق، هێشتا هەندێ کەسێتیی سیاسی و ئاینی و چالاکی مەدەنیی عێراق ماون کە مل بۆ ئەو خواردەستیە نادەن و دەخوازن عێراق بۆ عێراقیەکان بێت، بەڵام زۆر ئاسان ڕووپۆشی کێشەکە بە مەزهەبی دەکرا و بە پاساو و بیانووی ئەوەی ئەوە ئەجندای سوننەیە لە دژی شیعە، ئاراستەی سەرنجەکان دەگۆڕدران.

بەڵام ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت بە ڕێبەرایەتی موقتەدا سەدر، شەپۆلی ئەو مەیلە عەرەبییە کە عێراقیان بۆ عێراقیەکان دەوێت. دەرفەتی ئەو تۆمەت و کولاندنەوەی برینی ناکۆکیە مەزهەبیانەی نەهێشتەوە و ئەوەشە هیوای سەرکەوتنەکەی کە ناتوانن بەو پاساوە کۆنانەی ڕابردوو تۆمەتباری بکەن. هەرچەندە بەرە سیاسییە پاشکۆکانی ئێران و سیاسیە وابەستەکانیان بە ئاشکرا سەنگەریان لەو شەپۆلە گرتووە و لە ڕۆژانی داهاتوودا پلان و کاردانەوەکانیان زۆرتر دەردەکەوێت، بەڵام پێناچێت وا بە ئاسانی بتوانن بەر بەو نارەزایەتی و مەیلە نیشتمانیە بگرن کە تا دێت لە شارەکانی تری خوارووی عێراقیش پشتیوانی زیاتری بۆ پەیدا دەبێت.

لە ئاستی دەرەکیشدا هەست بەوە دەکرێت کە ئەمریکا و بەریتانیا بەدیاریکراوی پشتیوانی ئەو ئاراستەیەن و کاریگەری و قسەیان لەسەر داهاتووی نارەزایەتییەکان و جۆری چارەسەری کێشەکان دەبێت.

بۆ ئێمەی کوردیش ئەم ڕووداوانە ڕاستەوخۆ کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان دەبێت. جیا لەوەی بەهۆی ئەو چوارچێوەیەوە کە هێشتا بەشێکین لە عێراق، هەرچەندە نە لە ڕابردوو نە لە داهاتووشدا عێراق خێری بۆ کورد نابێت، بەڵام ئەم ڕووداوانە بۆ هاوکێشە ناوخۆییەکان و ئایندەی کوردستانیش گرنگە. بەتایبەتی کە ئێران تا ئێستا نەیاریی خۆی بۆ پرسی سەربەخۆیی نەشاردووەتەوە. بۆیە کورتکردنەوەی دەست و پێوەندی ئێران لە عێراق، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەجندا و ستراتیجی خۆی و هاوکێشە هەرێمایەتیەکانیش دەبێت.

کەواتە گرنگە کورد وردتر لەو کێشەیەی بەغدا بڕوانێت، بەهۆی پۆست و ئیمتیازاتی شەخسیی چەند کاراکتەرێک و بوونی بەرژەوەندیی بازرگانی چەند بازرگانێکی سیاسی و چاوبڕینە بەغدای هەندێکی دیکەوە، تووشی هەڵە و هەڵوێستی سیاسی هەڵە نەبین. دوور نییە بیانەوێ پەلکێشی ناو ڕووداوەکانمان بکەن، یاخود بمانخەنە ژێر فشارەوە بۆ لاسەنگکردنی هاوکێشەی ڕووداوەکان.

کورد پێویستە بە هێمنی و پشوو درێژییەوە چاوەڕوانی هەنگاوەکانی دواتری ئەو ڕەوشە بکات کە دوور نییە بەقازانجی کورد بێت و پرۆسەی هەڵوەشانەوەی عێراق خێراتر بکات، یاخود دۆخێک بێنێتە پێش کە لایەنە عێراقییەکان خۆیان سەرمەشقی دابەشکردنی عێراق بن بۆ سێ بەش لەژێر ناو و شێوازێکی تری حوکمڕانی.

بۆ کورد گرنگە جارێ لە ماڵی خۆی دانیشێت و کاراکتەرەکانی لە بەغدا بکشێنێتەوە، ئەوەی زیاتر دەستەبەری بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتریش دەکات بۆ کورد، یەک هەڵوێستیی کوردە لە ئاستی ئەم دۆخە تازەیە، کە یەک هەڵوێستی و یەک گوتاریش پەیوەستە بە ڕێکخستنەوەی ناوماڵی شێواوی کورد و چیتر دەرفەتی دواخستنی نەماوە. ئەگەری پێشهات و ڕووداوگەل و دەرفەت و مەترسیی زۆر دەکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین دەرەقەتی مەترسیەکان بێین، دەبێت هەمووومان پێکەوە بین. بۆ ئەوەی بتوانین سوود لە هەر دەرفەت و هەلێکیش وەربگرین پەیوەست بە چارەنووسی میللەتەکەمان، پێویستە هەموو لایەنەکان پێکەوە بن.

ئەم قۆناغە بەخێرایی تێدەپەڕێت و گۆڕانکاری زۆر و خێرا بەدوای خۆیدا دێنێت، بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و نیشتمانی لە ئەستۆی هەموو هێزە سیاسی و سەرکردەکانی ئەم قۆناغەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردە، کە نەهێڵن میللەتەکەمان تووشی نەهامەتی زیاتر بێت و نەهێڵن ئەو هەل و دەرفەتانە لەدەست بچن کە ڕووداوەکان بۆ کورد دەیانخوڵقێنن.

پێدەچێت دوای تاڵاوی ئەو ڕووداوە نەخوازراوانەی ڕابردوو، هەموو لایەنەکان لەوە گەیشتبن کە پێویستە کۆتایی بەو ناکۆکی و ناتەباییە سیاسیانە بهێنین و هەست دەکرێت هەموو چاوەکان لەسەر ئەوەیە کەسێک دەستپێشخەری بکات و پرۆژەیەک بۆ ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کوردی بخاتەڕوو. بەڵام ڕووداوەکان لەوە خێراترن ئێمە دەرفەتەکان بەدیار چاوەڕوانیی دەستپێشخەرییەکەوە لەدەست بدەین.

کاری چاک و پرۆژەیەک بۆ خێری میللەت بێت، هەستی شەرمەندانەی ناوێت. هەر کەسێک زووتر ئەو تەلیسمی ناکۆکی و ناتەباییانە بڕەوێنێتەوە لای میللەت گەورەتر دەبێت. هیوادارم سیاسیەکانی کورد تەجاوزی کینە و ڕق و ئیرەیی بەیەکتر بردن بکەن و بە زوویی بینەری دەستپێشخەریی فریادڕەسێکیان بین.



کامەران محەممەد عەزیز

# ئەمریکا چی لە سەدر دەکات؟

سەرکردەیەکی ئەمریکی جارێک گوتی "بۆ ئەوەی نەهێڵین هیتلەرێکی دیکە دروست ببێتەوە، هەوڵ دەدەین هەر بە منداڵی هیتلەرەکان بکوژین"، بەڵام لەبەرچی هەر لە 2003ەوە کۆتاییان بە سەدر نەهێنا، لە کاتێکدا ڕەفتارەکانی گەورەترین هەڕەشەن لەسەر دەوڵەتی عێراق، لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە شەڕی داعش؟

ئاشکرایە سەدر و جەماعەتەکەی هیچ کات ئامادە نین بچنە نێو پرۆسەی ئیندیماجکردن بە سوپا و دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق، بەو دیدە کۆنەوارەتی و دژەهۆشگەراییە کە تێکەڵە بە خورافاتی مەزهەبی و تیۆری پیلانگێڕی لە کاتی ئاشتی و جەنگیش هەڕەشەن لەسەر پرۆسەی نیشتیمانسازی لە عێراق. وجودیان بەردەوام بووەتە هۆی شەرمەزارکردنی سوپا و دەزگا ئەمنییەکانی عێراق، لاوازبوونی ئەو دەزگایانەش چۆن هۆکار بوون بۆ دروستبوونی داعش، ئاواش هۆکارن بۆ دواخستنی لەناوبردنی. بە مانایەکی دیکە، تا چەند حکومەتی عێراقی لاواز بێت، هێندە داعش بەهێز دەبێت، بەو هاوکێشەیەش ئەمریکا لەگەڵ هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتیدا نابێت.

لە ڕاستیدا گاڵتەجاڕییەکی گەورەیە یەکێک بیەوێ ڕووداوەکانی بەغدا لە چوارچێوەی چیرۆکەکانی چاکسازی و دژە گەندەڵیدا بخوێنێتەوە، ئەوەی ڕوودەدات "جەنگی هەمووانە لە دژی هەمووان". کورد لەگەڵ داعش لە شەڕدایە، بەڵام دڵەڕاوکێیەک، ئەگەر سۆزێک نەبێت، بۆ داعشی هەیە کاتێک لەگەڵ حەشدی شەعبی و حکومەتی عێراقی شەڕ دەکات، لەلایەکی دیکەوە هەموو شیعە لەگەڵ سوننە لە جەنگێکی خوێناویی پشتشکێندان، بەڵام بەشێکی شیعە و بەشێکی سوننە بە دوای دەست و باڵکردنی بەشێکی دیکەی شیعە و سوننەوەن. ژینگەیەک دروست بووە مەگەر بە فێڵکردن لە خود، ئەگەرنا هیچ کەس لە هەنگاوی هیچ کەس دڵنیا نییە. سەرەڕای ئەو دۆزەخەش، ئەمریکا تاکە هێزە لە دونیادا هێشتا باوەڕی بەوە هەیە کە عێراق دەبێت بە "یەکگرتوویی" بمێنێتەوە، سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق بە تەواوەتی گرێدراوە بە سیاسەتی جەوهەریی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بریتییە لە دەستپێوەگرتن بە سیستەمی-دەوڵەت state-system لە ناوچەکەدا.

بۆ ئەوەی لە هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر هێزێکی وەکو سەدرییەکان تێبگەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە قۆناغی پاش جەنگ. سەدر و جەماعەتەکەی بە ڕێکەوت دەرنەکەوتوونە، بەڵکو نەوەیەکی شەرعیی شکستی پرۆسەی دەوڵەت و نیشتیمانسازین لە عێراقدا. ئەمریکا پرۆسەی دەوڵەتسازی لە عێراق لە دوای 2003 دەستپێکرد بە ئاشناکردنی کۆمەڵگایەکی تەواو تێکشکاو، چاوبەستراو و جل ڕەش بە بنەماکانی دیموکراسی، پشتی بەست بە گریمانەیەک، لە پێناوی ئاسایش و سەقامگیری دەبێت پشت بە چالاکییە دیموکراسییەکان ببەسترێت. لەبەرئەوە پەلە کرا کە لە 2005 هەڵبژاردن لە عێراق ئەنجامدرا، بەڵام چ دۆزەخێکی لەگەڵ خۆی هێنا، سوننەکان بەشدارییان نەکرد، شەڕی تایەفی لە نێوان شیعە و سوننە دەستی پێکرد، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو دەرهاوێشتەیە نە قاعیدە و نە زەرقاوی بوو، بەڵکو بریتی بوو لە هاوسەرگیرییە بێ خۆشەویستییەکەی نێوان کۆمەڵگای عێراقی و دیموکراسی. دژایەتیکردنی ئەمریکاش لەگەڵ پیاوێکی وەکو سەدر لەو قۆناغەدا ئەوە بوو کە ئەمریکا تا 2006 پێیوابوو دەبێت دیموکراسی ئەولەویەت وەربگرێت، هیچ ڕێگایەکیش جگە لە دیموکراسی شەرعیەتی نابێت، لەو قۆناغەشدا چەندین جار ڕووبەڕووبوونەوە ڕوویدا، بەڵام دواتر هاوکێشەکان گۆڕان.

لە 2006ەوە ئەمریکا ئاراستەی کەشتیەکەی بە تەواوەتی گۆڕی، ئەو جارە لە نێوان دیموکراسی و ئاسایشدا ئەمریکا دەستی بۆ ڕێگای نادیموکراسی برد، سەحوە لەدایک بوو، عەشیرەتەکان پڕچەک کران، لە جێگەی ئەوەی عەشیرەت وەکو فۆرمێکی تەقلیدیی کۆنترۆڵکردن لە ناوچەکەدا هەڵبوەشێندرێتەوە و ناشرین بکرێت، جارێکی دیکە ئەمریکا لەگەڵ عەشیرەت و پیاوە ئاینییەکان دانیشت بە مەبەستی با بڵێین "ڕووبەڕووبوونەوەی قاعیدە"، دەرهاوێشتەی ئەو سیاسەتە بریتی بوو لە نەچوونە نێو دامودەزگاکانی حکومەت و دواتریش ڕووبەڕووبوونەوەی عەشیرەتە سوننییەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی هەر لە 2011ەوە، هەروەها ڕێگەدان بوو بە ستەمکارییەکانی مالیکی لەو قۆناغەدا. سەدر لەو قۆناغەدا هاوسۆزیی خۆی بۆ خۆپیشاندەرە سوننی و عەشیرەتە سوننییەکان دەربڕی، چونکە بەدوای ئەو ژینەگەیەدا دەگەڕا کە تێیدا هێزی نانیزامی و نادەوڵەتی شەرعیەت وەربگرن و بتوانن دەست لە کاروباری حکومەت وەربدەن. سەدر ئەو قۆناغەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی خۆی وا نیشان بدات کە ئەو لەگەڵ هاوکێشەی سوننە-شیعەدا نییە، بەڵکو بەدوای نوخبە گەندەڵەکانی دەسەڵاتەوەیە. بەهەمان شێوەی سیستانی لە دوای خۆپیشاندانەکانی 2015ەوە خۆی وا نیشاندا کە لە دەرەوەی هەر مەبەستێکی سیاسییەوە خەریکی "کاری چاکە"یە.

## ئەمریکا چی کرد و چی دەکات؟

ئەمریکا ڕێگە نادات عێراق دابەش ببێت، ناشتوانێت بە یەکگرتوویی بیهێڵێتەوە. لەبەرئەوە تا ئەو کاتەی ڕوانینێکی زۆر ڕوونی بەرامبەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، ڕێگە بە هیچ گۆڕانێکی ڕیشەیی نادات. تا ئەوکاتەی جەنگی سووریا کۆتایی پێ نەهێت و داعش لەناونەچێت، ئەگەر پێویست بکات هەموو ڕۆژ جۆ بایدن و ئاشتۆن کارتەر بنێرێت، دەیاننێرێت بۆ ئەوەی بە لایەنەکان بڵێ عێراق دەبێت بمێنێتەوە.

جگە لەو ڕوونکردنەوانە، پێداگرییەک هەیە کە وای کردووە ئەمریکا ڕێگە بە سەدر بدات ببێتە "برا گەورە". لە ژێرەوە سیاسەتی ئەمریکا وەها ڕادەنوێنێ کە پێویستی بە سەدرییەکانە بۆ چەند کارێک:

یەکەم: وجودی هێزێکی وەکو سەدرییەکان بەردەوام نوخبە سیاسییەکان ناچار دەکات پێویستیان بە ئەمریکا هەبێت لە داڕشتنەوەی هاوکێشەکان، بەو مانایەی کە ئەمریکا بۆ ترساندنی هێزە عێراقییەکان پێویستی بە پیاوێکی مەترسیدار و سەرەڕۆی وەکوو سەدرە.

دووەم: لەسەر ئاستێکی هەرێمی بۆ ترساندنی هێزە سوننییەکانی وەکو سعودیە و تورکیا ئەو گرووپانە دەهێڵێتەوە تا پرۆسەی ڕاگرتنی هاوسەنگی جێی خۆی بگرێت.

لەو کەشە سەختەدا، سەرەتا کورد دەبێت تێبگات چی ڕوودەدات، بزانێت ئەوە چیرۆکی چاکسازی نییە بەڵکو شکستی عێراقە، دواتر دەبێت ئامانجی هەبێت، پاراستنی ناوچە کوردستانییەکان و نزیکبوونەوە لە هەوڵەکانی سەربەخۆیی، پاشان دەبێت ئامرازی بەدواداچوونی هەبێت، کە هیچ ڕێگایەک بێ "یەکگرتوویی" بوونی نییە. لەبەرئەوە ئەگەر کورد یەکگرتوو نەبێت، بەغدا بکەوێت یان نەکەوێت، هەواڵێکی خۆش نییە.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# گەندەڵی لەسەر ئیقاعی پیاوەتی

ڕۆژنامەکانی هەفتەی ڕابردووی فینلاند هەواڵێکی سەرنجڕاکێشیان بڵاوکردەوە: بەرپرسێکی بەساڵاچووی پۆلیسی فینلاند تاوانی بەکارهێنانی ناپەسەندی پێگەی خۆی لەسەر ساغ بووەتەوە. تاوانی ئەم بەرپرسەی بەشی پۆلیسی هاتوچۆ ئەوە بووە کە لە ماوەی ساڵەکانی 2010 بۆ 2012 دا، لە 11 حاڵەتدا چاوپۆشیی لە خەتای هاوکارەکانی کردبوو. ئەو کاتەی کامێرای چاوەدێریی خێرایی، وێنەی تیژلێخوڕینی هاوکارە پۆلیسەکانی تۆمارکردبوو، ئەم بەرپرسە هاتبوو پیاوەتی لەگەڵ هاوکارەکانی کردبوو، بەڕێژەی یەک پلە، سزای تیژلێخوڕینەکەی بۆ داشکاندبوون. ئەم پۆلیسە تەمەن شەست ساڵەیە، لە کاتێکدا ئیتر خانەنشین ببوو و چەند ساڵێکیش بەسەر کاتی تاوانەکەیدا تێپەڕیبوو، لێپێچینەوەی لەگەڵ کرا و، لە لایەن دادگاوە بەبڕی 1160 ئیۆرۆ، سزادرا.

ئەوەی کە "پیاوەتی"ی ئەو بەرپرسە خانەنشینەی پۆلیس لەگەڵ چەند هاوکارێکی، بوو بە مانشێتی زۆر لە ڕۆژنامەکانی هەفتەی ڕابردووی فینلاند، شتێکی بەڕێکەوت نەبوو. ئاخر، بە گوێرەی نرخاندنی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی شەفافیەت (IT)، فینلاند لەناو هەموو وڵاتانی دنیادا، بەو وڵاتە بەناوبانگە کە دوای دانیمارک، کەمترین ئاستی گەندەڵی لە دامودەزگا حکومییەکانیدا بەدی دەکرێت.

هەروا قسە، قسە دێنێ، با ڕووداوێکی تریش بگێڕمەوە: دە- دوانزدە ساڵ پێش ئێستا، سەرۆکی باڵای پۆلیسی پایتەختی فینلاند، هێلسینکی، تووشی سکاندالێکی گەورە بوو: لەو داماوەیان لەقاودا کە گۆیا چەندین جار بە ئۆتۆمبیلی حکومەت هاتوچۆی ماڵی خۆی کردووە و بەو شێوەیە سامانی گشتیی بۆ مەبەستی تایبەتی، بەکار هێناوە. من بیرم نایە لەسەر ئەو کارە، چ سزایەکیان بۆ ئەو بەرپرسە باڵایەی پۆلیس دیاری کرد، بەڵام چاک لە بیرمە میدیای فینلاند، سەگ بە حەوشەیەکیان پێ کرد، با بە دەواری شڕی نەکردبێت. ماوەیەکی کەم دوای ئەو ڕووداوە، بەرپرسەکە دەستی لە کارەکەی کێشایەوە.

فۆرمەکانی گەندەڵی زۆرن. باس لە گەندەڵی تەنیا پەیوەست نییە بە وڵاتانی دواکەوتوو و نیمچەپەرەسەندوو، لە وڵاتانی پەرەسەندووشدا بابەتی ڕۆژە. هەڵبەت گەندەڵی لە وڵاتانی پێشکەوتووی دیمۆکراتدا بەزۆری فۆرمێکی شاراوە و چاوخەڵەتێنی بەخۆیەوە گرتووە. من زۆر جار لە فینلاندییەکانم بیستووە کە بە زەردەخەنەوە دەڵێن، گەندەڵی لەناو ئێمەشدا هەیە، بەڵام نەک بەو شێوەیەی هەموو کەس هەستی پێ بکات!

زۆر کەس لایان وایە گەندەڵی هەر ئەوەیە کە بەرپرسی جێیەک بیت و پارەیەکەی زیاتر لە بەشی خۆت، حەرامخۆر بکەیت. گەندەڵی بەمانای بەکارهێنانی نارەوای دەسەڵات دێت، لەپێناوی دەستەبەرکردنی سوودی نارەوای تاکەکەسی یان گرووپی. لە دۆخی گەندەڵیدا، بەرتیل بە کەسی لێپرسراو (جا، کارمەندی حکومەت بێت یان سیاسەتمەدار) دەدرێت تا لەبەرانبەردا، بەپێچەوانەی یاسا و ڕێسا، ویستی کەسی بەرتیلدەر دابین بکات.

گەندەڵی لە وڵاتی ئێمەشدا جۆری زۆرە. ئەوەی زۆرتر مایەی باسە، جۆرێکە لە "کەڵەگایی". واتە گەندەڵییەک پشتبەستوو بە دەسەڵات، بەبەرچاوی خەڵکی خواوە و، بێ ترس و بێ منەت لە لێپێچینەوە. زەحمەتە بە چەند دێڕ باس لە هەموو لایەنەکانی ئەم جۆرە گەندەڵییە، لە وڵاتانی وەک وڵاتی ئێمەدا بکرێت. تا چاوەدێری و بەدواداچوون کەمتر بێت، گەندەڵیش زۆرترە. باسەکە پێوەندیی بە دەسەڵاتەوەیە. کێ چاوەدێریی کەمتر لەسەر دەسەڵاتەکەی هەبوو، گەندەڵترە. ئەوەی دەسەڵاتی موتڵەقی هەبوو، گەندەڵی موتڵەقە. ئەمەش قسەیەک نییە من دامهێنابێت.

هەڵبەت ئەوەی لەم نووسینەدا مایەی سەرنجی منە، ئەو جۆرەی گەندەڵییە کە لە پۆلیسە فینلاندییەکە ئاشکرا بوو: گەندەڵی لەژێر ناوی پیاوەتیدا. ئەم جۆرەی گەندەڵی بۆیە سەرنجڕاکێشە، چونکە هەمیشە پشت بە بەرژەوەندیخوازییەکی ماددیی ڕاستەوخۆ نابەستێ. کابرای فینلاندی کە داشکاندنی لە ڕێژەی سزای ژێردەستەکانی کردبوو، تەنیا پیاوەتییەکی لەگەڵ هاوکارەکانی کردبوو، بێ ئەوەی چاوەڕێی چاکەیەکی بەرانبەری لەوان کردبێت. بەڵام دادگای فینلاند ئەم پاساوانەی بەگوێدا نەچوو: گەندەڵی، گەندەڵییە!

"پیاوەتی" یەکێک لە کۆدە سەرەکییەکانی گەندەڵی لە کوردستانی خۆشماندایە. پیاوەتی هەمیشە کردەیەکی بەرژەوەندخوازانە نییە، بەڵام زۆر جار کردەی بەرژەوەندخوازانە لە چوارچێوەی پیاوەتیدا ڕەوایەتیی پێ دەدرێت. لەخۆوە نییە هەموو کەس، پیاوەتی لەگەڵ هەموو کەس ناکات! با بڕێک ئەم دیاردەیە وەربدەینەوە: قەت بووە کارت بکەوێتە لای یەکێکی لە خۆت بەدەسەڵاتتر و هەر بۆ ئەوەی دڵی تۆی نەشکاندبێت، یان لەبەر ڕاگرتنی ڕێزی تۆ، کارەکەی بۆ ڕاپەڕاندبی، جا گریمان ڕاپەڕاندنی ئەو کارە، پێچەوانەی ڕێوشوێنە ڕۆتینە یاساییەکانیش بووبێت؟ ئەی قەت بووە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشێکت لە ناوەندێکی حکومی، لەڕێی ناسیاوێکەوە، یەک ڕاست چووبیت بۆ لای "بەڕێوەبەر"، ئەویش بەگەرمی بەدەمتەوە هاتبێ، ئیشەکەی بۆ ڕاپەڕاندبیت، ئینجا چایەکیشی بۆ بانگ کردبیت و سڵاوێکیشی بەتۆدا بۆ ئەو کەسە بەڕێ کردبێت کە بۆ لای ئەوی ناردوویت! ئەوەی کە تۆ — لەسەر حیسابی خەڵکی تر- یەکێک قەرزاریی چاکەی خۆت بکەیت، یان ئەوەی کە تۆ بەوپێیەی "دنیا، دەستەوامە"؛ دەور لە یاسا بدەیتەوە و لەو ڕێیەوە ئاسانکاری بۆ کەسێکی تر بکەیت، ئەمانە، ناوە خۆماڵییەکەیان هەرچییەک بێت، لە دنیای سەروەریی یاسادا یەک ناویان هەیە: گەندەڵی! ئەوەش کە تۆ — بۆ وێنە لە فەرمانگەیەکی گشتیدا- تاقەت نەهێنیت تا بە گوێرەی نۆرە و یاسا ئیشەکانت ڕاپەڕێندرێ و بڕۆیت بە مەرحەبایەک ئیشەکانت ڕاپەڕێنی، ئەمەش بەشدارییە لە پرۆسەی گەندەڵیدا. گەندەڵی دوو شێوەی هەیە: ئەنجامدانی ئیشێک لە دەرەوەی یاسا، یان ئاسانکاری بۆ ئیشێکی یاسایی، بەڵام لە دەرەوەی پرۆسە یاساییەکەی خۆی.

گەندەڵی بە تانوپۆی کولتووری پیاوەتیکردندا ڕۆچووە. دەکرێ پەل و پۆکانی ببڕدرێنەوە، بەڵام هەتا ڕیشەکانی لەناو کۆمەڵگەی بابمەزنانەدا پاراو بن، ناوقەدی گەندەڵی هەروا بەبەهێزی دەمێنێتەوە. چەند ساڵ بەر لە ئێستا، لە وتووێژێکدا لەگەڵ خانمە ڕۆژنامەنووسێکی فینلاندی کە لە کەناڵی یەکی تەلەفزیۆنی فینلاند بڵاوبووەوە، نەوشیروان مستەفا گوتی: "گەورەترین کۆسپی بنەبڕکردنی گەندەڵی لە وڵاتی ئێمەدا ئەوەیە کە گەندەڵی بە قووڵی تێکەڵ بە پێوەندییەکانی خزمایەتی بووە". لەڕاستیدا، جگە لە پێوەندییەکانی خزمایەتی، "ناسیاوی"ش خۆی لە خۆیدا بازنەیەکی بەرفراوانتر بۆ کارتێکەریی بەرژەوەندخوازانە، لە نێوان تاکەکاندا پێکدەهێنێ. ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەی لەسەر بنەمای "ناسیاوی" پێکدێن، بارگاوی بەو خەسڵەتە پێشمۆدێرنانەی کۆمەڵگەی کوردەوارین کە ناهێڵن هاوپێوەندییە کاتی، نا-شەخسی، ئۆرگانیک و فەرمییەکانی نێوان خۆوڵاتیان لەسەر بنەمای یاسا و خێری گشتی بچنە پێشەوە. لەم بەستێنەدا، "پیاوەتی" وەکوو بەهایەکی بەرز، دەبێتە بنەمای فەزیلەتێکی کۆمەڵایەتی کە بەشێکی بەرچاوی پرۆڤەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی ئێمە لەچوارچێوە دەگرێت، ئەو پرۆڤانەی فۆرمە بنیاتییەکانی گەندەڵین، کەچی وەک پیاوەتی ناویان دەهێندرێت.

ماوەیەک بەر لە ئێستا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای کرد لە هەرەوەزی بنەبڕکردنی گەندەڵیدا هاوکاریی بکەن. پێم وابێ بنەبڕکردنی گەندەڵی لە کوردستان، دەبێ لە نەشتەرگەریی چەمکی "پیاوەتی"یەوە دەست پێ بکات!



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# تا دێ دەستی بارزانی بەهێزتر دەبێت

1

بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە بەغدا چ سیستەمێکی حوکمڕانی هەیە، یان لە بنەڕەتدا سیستەم هەیە یان نا، ڕووداوەکانی ئەو دواییە دەریخست کە بارزانی تا دوا ئەندازە لەسەر هەق بوو. کاتێک لە نیسانی 2012دا هۆشداریی دا لەوەی بەغدا بەرەو ئاقارێک دەڕوات کە ئیتر کوردی پێ شەریک نییە (کە قەتیش کوردی پێ شەریک نەبووە)، بەرەی ئێرانی و لە سەرووی هەمووشیانەوە جەنابی مام جەلال، دژایەتیی خۆیان بۆ هەوڵەکانی بارزانی دەربڕی کە بە ئاراستەی دیزاینکردنەوەی دەسەڵات و سیاسەت بوو لە بەغدا.

بارزانی لەوەدا فەشەلی هێنا و زۆریش باش بوو کە وای لێهات. بەرامبەرەکانی سەرکەوتنێکی کاتییان تۆمار کرد و پێی سەرمەست بوون، بەڵام نەیانزانی کە هەوڵەکانی بارزانی دوایین شانس بوو بۆ مانەوەی وڵاتی بەناو عێراق بە فیدراڵی. ئیعتیباری کورد لە بەغدا ئەو کاتە نەما کە بیریان لەوە کردەوە دەتوانن بە دەستبادانی بارزانی لە هەولێر، پێگەی ئەوان لە بەغدا قایمتر دەبێ!

وەزعی بەغدا پێویستی بە پێناسەکردن نییە و ئەگەر بە تەواوەتیش دانەڕمابێت، یان هێشتا خەونی مەرکەزیەتی تێدا بێت، گومان لەوەدا نییە کە چیدی لەوێ کورد جێی نابێتەوە. تازە ئەسپەکە تۆپیوە و ئەوەیشی گرەوی لەسەر کردبوو دۆڕاندی. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا (بە تایبەتیش لەو قۆناغەی پێش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا) ئیتر ناتوانن شاهیدی فەشەلی یەک لە دوای یەکی حکومەتەکانی بەغدا بن، ئیتر جگە لە شیعە، کەس حەماسێکی ئەوتۆی بۆ یەکپارچەیی وڵاتی بەناو عێراق نەماوە. بەڵگەش ئەوەیە کە لە مانگی رابردووەوە، ئەمریکا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا، هاوکاریی مادی و لۆجستیکیی پێشمەرگە دەکات. بۆیە گوتارەکەی بارزانی و سیاسەتەکانی بەرامبەر بەغدا سەرکەوتووە و پێش ئەوەی داوا بکرێت کە پشتیوانی لە بارزانی بکرێت، دەبێ بارزانی وەک چۆن لەسەر ئاستی دنیا پشتیوانی بۆ خۆی و کوردستان پەیدا کردووە، ئاواش لە ناوخۆی کوردستان پشتیوانیی زیاتر بەدەست بێنێ و کاروانەکە بگەیەنێتە مەنزڵ.

## هاتنەوەی نەوشیروان مستەفا*

2

ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی ئەگەر بە دیوێکدا سەرابێک بێت بۆ ئەوانەی لەدژی سیستەمی ناوخۆیی یەکێتی و بەڕێوەبردنی کوردستان دەنگیان هەڵبڕی (دواییش هاتنەوە بن سابیتەی ماڵە کۆنەکە)، بە دیوێکی دیکەدا، هەم بیانوویەک بوو بۆ هاتنەوەی کاک نەوشیروان و هەمیش دەرفەتێکی تازەیە بۆ دیزاینکردنەوەی سیاسەتی ناوخۆیی کوردستان.

گۆڕان لە موعادەلاتی سیاسیی خۆیدا، حیسابی لەسەر چەند شتێک کردبوو. پێیوابوو کە پارتی قەت حەز ناکات کەرکووک بێتەوە سەر کوردستان، چونکە لەوێ نفوزی نییە. وایدەزانی مەحاڵە هێزە ئیقلیمییەکان و بە تایبەتیش تورکیا ڕێگە بدەن کەرکووک بێتەوە سەر کوردستان و بەو پێیەش دەتوانێ بە ئاسانی لە سلێمانی یەکێتی قووت بدات. دەتوانێ دوای تاڵەبانی ببێتە ئاڵتەرناتیڤی یەکێتی بۆ پارتی و دابەشکارییەکی تازە لە سیاسەتدا بێنێتە ئاراوە (ئەوان پێیانوابوو تاڵەبانی تەسلیمی بنەماڵەی بارزانی بووە و حەقی زیاتریان دەکەوێ) و چەندین حیساب و کتابی دیکە کە هیچیان ڕاست دەرنەچوون.

ئێستا بارودۆخ گۆڕاوە، وەزعێک دروست بووە کە ئیتر هیچیەک لە ڕێگاکان ناچنەوە بەغدا، تاران یان ئەنکەرە، ڕێگەکان هەموویان ڕوویان لە هەولێرە. دەریشکەوت کە یەکێتی بەرژەوەندیی خۆی لەگەڵ پارتیدا بە هوتافەکانی ناو سەهۆڵەکە ناگۆڕێتەوە. بۆیە لە پاڵ ئەو ڕێککەوتنەوە (کە ئەساسی دروستبوونی گۆڕان دەباتە ژێر پرسیارەوە)، دەرفەتی ڕێککەوتن لەگەڵ پارتیدا هاتووەتە ئاراوە. پارتی ئەوەندەی کە ئەوان بیر دەکەنەوە، بوونەوەرێکی سەخت و چەتوون نییە نەتوانرێ لەگەڵی ڕێکبکەوی. ڕاستە ئەمڕۆ داشی سوارە، بەڵام بەردەوام موحتاجی پشتیوانییە. دەکرێ لەو قۆناغەدا گۆڕان بە پرۆژەیەکی هاوبەش لەگەڵ یەکێتیدا، هەم لە چارەنووسی کوردستاندا و هەمیش لە ئیدارەداندا ببنەوە شەریک. ئەگەرنا دۆزینەوەی سنووری دوو ئیدارەکە پێویستی بە خەریتە نییە.

## سەرۆکایەتی بە قۆنتەرات

3

بەڕێز فوئاد مەعسووم، زۆری لەسەر نووسراوە کە کەم دەخەوێ! یان جاری واشە کە دەخەوێ درەنگ بەخەبەر دێت. بەڵام شتێکی دیکەی نەبیستراو هەیە کە ئەویش ئەوەیە: بەڕێز مەعسووم، پۆستی سەرۆکایەتیی کۆماری لە ماڵی تاڵەبانی بە قۆنتەرات وەرگرتووە. مانگانە بڕێک لە داهاتەکە دەچێتە باخەڵی ئەووەوە و ئەوەی دیکەش ڕاستەوخۆ بۆ ئەو شوێنەی کە جاران بۆی دەچوو. ڕاستە داهاتەکە وەکو جاران نەماوە (چونکە پێشتر لە هەرێمیشەوە پارەی بۆ دەچوو)، بەڵام پێدەچێ دەریبێنێ.

لەو ڕۆژانەدا کە جۆ بایدن هاتە بەغدا و دواتریش هەولێر، فەخامەتی سەرۆک پێدەچوو لە خەو مابێت، بۆیە بایدن نەیدیت. کەچی میدیای نزیک لە ماڵی تاڵەبانی ویستیان ئەو نەدیتنە بکەنە هۆکارێکی تەکنیکی و گوایە بایدن بە تەلەفۆن پۆزشی بۆ فەخامەتی سەرۆک هێناوەتەوە کە کاتی نەبووە، کەچی بایدن نزیکەی شەش سەعات لە هەولێر بوو!

ئینجا دوای ئەوە، ئەو هەواڵە دروستکراوە بڵاوکرایەوە کە گوایە، بایدن بە تەلەفۆن پەیوەندی بە فەخامەتی سەرۆک کۆمارەوە کردووە و باسی وەزعی وڵاتی لەگەڵ کردووە. فەخامەتیش لە وەڵامدا: "تەئکیدی کردەوە کە هەلومەرجی سیاسی بەرەو جێگیربوون و ئۆقرەیی تەواو هەنگاو دەنێت"!

ئەوە حەتمەن، تازەترین خەونی جەنابی فەخامەتی سەرۆک کۆمار بووە و تەنانەت پێشبینیش بووە بۆ دەرپەڕاندنی پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا، کە ئەگەر کورد لە بەغدا نەمێنێت، ئەوا هەموو کێشەکانی بەغدا چارەسەر دەبن.

*کاک نەوشیروان بەخێر بێیتەوە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# سیاسەت لەسەر مینبەر

ئەو هەرایەی لە هەولێر لەسەر گۆڕینی ژمارەیەک گوتاربێژ لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە دروستبوو، هیچ پاساوێکی نەبوو، زۆریش سۆزدارانە بیری لێکرایەوە. نە هەڵسوکەوتی گوتاربێژەکان و ئەو خەڵکەی کۆیانکردبووەوە ڕاست بوو، نە هەڵسوکەوتی هەندێک لە پیاوانی دەزگا ئەمنییەکانیش لەجێی خۆیدا بوو. لەویش خراپتر ئەو ڕۆڵە نادروست و کورتبینانەیە بوو کە هەندێک دەزگای میدیایی بینییان و لەجیاتی ڕوونکردنەوەی کێشەکە بۆ خەڵک، چیرۆکەکەیان گۆڕی بۆ چیرۆکی جەللاد و قوربانی!

لە هەرێمی کوردستاندا وەزارەتێک هەیە بۆ کاروباری ئایینی. گوتاربێژان فەرمانبەری ئەو وەزارەتەن. ئەمەش دروست وەکو ئەوە وایە باسی مامۆستای قوتابخانەیەک بکەین کە فەرمانبەری وەزارەتی پەروەردەیە. هەم گوتاربێژ و هەم مامۆستا ملکەچی فەرمانی دامەزراندن و گواستنەوە و گۆڕینی وەزارەتەکەیەتی. مادام بڕواشمان بەوە هەیە کە دەبێ لەم وڵاتەدا دەوڵەتی یاسا هەبێت، کەواتە دەبێ لەوەوە دەستپێبکەین کە نابێ فەرمانبەر بتوانێ سەرپێچی فەرمانی حکومەتەکەی بکات. بۆیە وەکچۆن ناکرێ بە چاوی سۆزەوە تەماشای گۆڕینی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک یان گواستنەوەی مامۆستایەک بۆ ناوچەیەکی جیاوازی دڵخوازی خۆی بکەین، ئاواش نابێ لەجیاتی عەقڵ، بە سۆز بیر لە گۆڕینی گوتاربێژان بکەینەوە و پێی هەڵبچین. فەرمانبەرە و دەوڵەت بڕیار دەدات لەکوێ زۆرتر ڕاژەکەی پێویستە.

پاساوی وەزارەتی ئەوقاف بۆ گۆڕینی ئەو مامۆستا گوتاربێژانە ئەوەیە کە حیزبایەتییان کردووە و مینبەریان بۆ کاری سیاسی بەکارهێناوە. بە ڕێکەوتیش گوتاربێژەکان کەسانی دیاری نێو کۆمەڵی ئیسلامین، کە پاش پەککەوتنی پەرلەمان، نێوانی لەگەڵ پارتی خۆش نەماوە. دەشیا ئەو تۆمەتبارکردنەی وەزارەتی ئەوقاف ڕاست نەبێت و بڕیارێکی سیاسی بووبێت لەدژی گوتاربێژەکان درابێت، بەڵام مادام ڕێگەی دادگا هەیە بۆ تانەدان لەو بڕیارەی وەزارەتی ئەوقاف، گوتاربێژەکان نەدەبووایە هەوادارەکانیان لەنێو مزگەوتدا کۆبکەنەوە و ببنە هۆکاری دروستبوونی ئاژاوە. مەگەر خۆیان ئامۆژگاریی خەڵک ناکەن کە نابێ ببنە هۆکاری دروستبوونی فیتنە؟

کە دیمەنی هەینیی ڕابردووم لە مزگەوتەکانی هەولێردا دەبینی، بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر بڕیار بێت هەرکەسێک حکومەت بڕیاری گۆڕین و گواستنەوەی دا، هەوادارەکانی کۆبکاتەوە و بڕیاری حکومەت ڕەتبکاتەوە، ئەوکات فەرماندەیەکی سەربازیش دەتوانێ هەرچی هەڵەیە بیکات و کاتێک حکومەت ویستی بیگۆڕێت، چەکدارەکانی کۆبکاتەوە و بڕیارەکەی حکومەت قبوڵ نەکات. دەتوانن بیهێننە پێشچاوی خۆتان ئەوکات وڵاتەکەمان لەو بێسەروبەرییەی تێیدایە چەندە بێسەروبەرتر دەبێت.

بەکورتییەکەی لە کوردستان گوێ لە گوتاربێژان دەگیرێت، بۆیە نابێ ڕێگە بدرێت گوتاربێژ ئەو پێگەیەی خراپ بەکاربهێنێ و بە مینبەر سیاسەت بکات، بەڵام ناشبێ ئەمە شەرعیەت بداتە حیزبەکان بۆئەوەی گوتاربێژان بکەنە قوربانیی ململانێ سیاسییەکانیان.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# بۆچی پارتی دادوگەشەپێدان بەدیلی نییە؟

لە سەرەتای دوو هەزارەوە تا ئەمڕۆ، لە تورکیادا هیچ حیزبێکی سیاسی نەیتوانیوە خۆی وەک ڕکابەرێکی شەرعی و خاوەن "مسداقیەت/ کرێدیبیلیتی" لەبەرامبەر پارتی داد و گەشەپێداندا بینا بکات. ڕاستە هەموویان ئەردۆغانیان وەک دوژمنی ژمارە یەکی کۆمەڵگا و نیشتمان پێناسە کردووە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە هەموویان، پێکەوە و بەجیا، نەیانتوانیوە بەدیلێک بۆ ئەردۆغان دروستبکەن. هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری 2015 ئەو ساتەوەختەیە کە شکست و پاشەکشەی یەک لەدوای یەکی تەواوی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن وەک بەڵگەنەویستێک دەردەخات. پارتی کۆماری گەل، کە میراتگری یەکەمی موستەفا کەمال ئەتاتورکە، تاکە حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنە کە ڕێژەی دەنگەکانی لەنێوان مانگی جون و مانگی نۆڤەمبەری 2016 دا بەڕێژەیەکی کەم، لە 25% بۆ 25،3% بەرز دەبێتەوە. گەرنا تەواوی حیزبەکانی دیکە بەشێوەی دراماتیکی دادەبەزن. بۆنموونە پارتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیست (MHP) لە 16،3% بۆ 11،9% دادەبەزێت و ژمارەی کورسیەکانی لە هەشتاوە بۆ چل کەم دەبێتەوە. هەدەپە لە مانگی جوندا و بۆیەکەمجار وەک حیزبێکی کوردی ڕێژەی دەنگەکانی دەگاتە 13،2% ، بەڵام لە مانگی نۆڤەمبەردا ئەم ڕێژەیە دادەبەزێت بۆ 10،8%. لە هەشتا کورسی پەرلەمانەوە بۆ پەنجا و نۆ.

تراژیدیای ئەم حیزبانەی ئۆپۆزیسیۆن لەوەدایە کە تا ئەم چرکەساتە نەیانتوانیوە پرۆژەیەکی گشتگیر کە توانای "مۆبیلیزاسیۆن"ی جەماوەری هەبێت، ئامادە بکەن، پرۆژەیەک بتوانێ جێگای تەواوی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتیانەی تێدا ببێتەوە کە جگە لە پارتی داد و گەشەپێدان هیچ ئاسۆیەکی دیکەی ئومێد نابینن. ئەو گوتارەی کە هەر یەکێک لەم حیزبانە بەرهەمی دەهێنن، ناتوانێت وەک شەپۆل خۆی بکات بەو ڕووبەرە جوگرافیانەدا کە جێگای جەماوەرە کلاسیکیەکانی خودی ئەو حیزبانە نین.

بۆنموونە، ڕاستە دانیشتووانی گەڕەکە ڕاقیەکانی ئیستەنبوڵ و ئەنقەرە کە بەشێکی زۆریان مانای ژیانیان لە جمهوریەت و عەلمانیەتەکەیدا دەبیننەوە، دەنگ بە پارتی کۆماریی گەل (CHP) دەدەن، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە کاتێک لەم گەڕەکە ڕاقیانە دەڕۆیتە دەرەوە، زۆر بەدەگمەن، هاووڵاتییەک دەدۆزیتەوە کە خۆی لەنێو پرۆژەی ئەم حیزبەدا ببینێتەوە. هەروەها تراژیدیایەکی دیکەی ئەم حیزبانە لەوەدایە کە لەسەر ئاستی بابەتی ناتوانن بەرەیەکی یەکگرتوو لە دژی پارتی داد و گەشەپێدان دروستبکەن. بۆنموونە ئەگەر پارتی کۆماریی گەل لە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) نزیک ببێتەوە، ئیدی هەموو کارتەکانی خۆی دەسووتێنێ، چونکە پارتی داد و گەشەپێدان، لەڕێگای ماکینە ئیعلامیەکەیەوە، ڕاستەوخۆ دەیکاتە هاوبەشی ئەو شتەی کە ناوی دەنێت "تیرۆریزمی پەکەکە". هەروەها هەر هاوپەیمانیەکی لەگەڵ پارتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستدا (MHP)، ڕووبەڕووی قەیرانێکی ناوەکی توندی دەکاتەوە و دەنگی ناڕەزایی لەلایەن لایەنگرە "عەلەویەکان" و "پێشکەوتنخوازەکانیەوە" بەرزدەبنەوە و بەهیچ شێوەیەک هاوپەیمانیەکی لەم شێوەیە قبوڵ ناکەن.

پارتی دیموکراتی گەلان (HDP)یش لەنێو ئەم هاوکێشەیەدایە، بەڵام لە ئاست و شێوەی دیکەدا. ئەم حیزبەی کە لە 2013 دا دادەمەزرێت و لە 2014 دا، هاوسەرۆکە گەنجەکەی، سەلاحەدین دەمیرتاش، لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا، ڕووبەڕووی ئەردۆغان دەبێتەوە، لەیەک کاتدا لەسەر دوو ڕووبەر کاردەکات: ڕووبەری کوردی لەلایەک و ڕووبەری پێشکەوتنخواز و کەمینەکان لەلایەکی دیکەوە. ئەم دوو ڕووبەرە، لە مانگی جونی 2015 دا هێزێکی ئەفسوناوی بە پارتی دیموکراتی گەلان دەبەخشن و وەک سەرچاوەی ئومێدێکی نوێ دەیخەنە سەر شانۆ تورکی و جیهانییەکان. زۆر کەمن ئەو ناوەندی توێژینەوە جیهانیانەی کە کار لەسەر وڵاتانی خاکی ئیسلام دەکەن، ئەم ڕووداوەیان نەکردبێتە بابەتی دیبەیتی نوێ، بەڵام لە مانگی نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا، کاتێک کە سنوورەکانی ئەم دوو ڕووبەرە دەردەکەون و ڕێژەی دەنگەکانی پارتی دیموکراتی گەلان بەخێرایی دادەبەزێت، ئیدی سەرچاوەی ئومێدەکەش کاڵ دەبێتەوە و دیبەیتەکانیش بۆ زەمەنێکی دیکە خۆیان دەپێچنەوە.

هەروەها پارتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیست (MHP)، لەژێر زەبری ستراتیژیە ناسیۆنالیستە نوێیەکەی پارتی داد و گەشەپێداندا، بەشێکی گەورە لە "مسداقیەت" و تەنانەت شەرعیەتی ئامادەبوونی لە نێو کێڵگەی سیاسیدا لەدەست دەدات. گەر تا دوێنێ، دەنگدەرە ناسیۆنالیستە دژە کوردەکان پێویستیان بە حیزبێکی لەم جۆرە بووبێت بۆ ئەوەی کار لەسەر گوتاری قودسیەتی یەکێتی خاکی تورکیا بکات، لێرە بەدواوە کە پارتی داد و گەشەپێدان ئەم ڕۆڵە ببینێت، ئیدی جەماوەری ناسیۆنالیستی توندڕەو چ پێویستیەکی بە پارتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیست دەبێت.

بەمشێوەیە دەرئەنجامەکانی خولقاندنی "دۆخی جەنگ" و جێبەجێکردنی "ستراتیژی" نوێی پارتی داد و گەشەپێدان، دەردەکەون. لەنێو ئەم دۆخەدا و لەڕێگای ئەم ستراتیژییەوە، پارتی داد و گەشەپێدان یەک یەک حیزبەکان دەکوژێت و لە کۆتاییدا خۆی وەک تاکە پرۆژەی "مومکین" لە مەیدانەکەدا دەهێڵێتەوە.

بەڵام ئایا هەژموونی پارتی داد و گەشەپێدان بەسەر کێڵگەی سیاسیدا، مانای ئەوەیە کە ئیدی کۆمەڵگای تورکی بەرەو ئارامی، ئاسایش و سەقامگیری پەڕیوەتەوە؟



ناسر باباخانی
nasirbaba68@yahoo.com

# بارزانی وەکوو راسپێردراو

1

شارەزایانی مافی نێونەتەوەیی سەبارەت بە پرسی جودابوونەوەی بەشێک لە وڵاتێک بەگشتی دوو ئاراستەی جیاوازیان هەیە، یەکێکیان لەسەر یەکپارچەیی خاکی "دەوڵەتان" پێداگرە و ئەویتر پاڵپشتی لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی "نەتەوەکان" دەکا. لە سیستمی مافی نێونەتەوەییدا لەمەڕ "جودابوونەوە"ی یەکلایەنە یان "پێشگیری لە جودابوونەوە"ی یەکلایەنە هیچ چەشنە یاسایەک بە ئەرێنی و نەرێنی بوونی نییە، بەڵام ڕەوتی ریفراندۆمەکان بۆ پرسی سەربەخۆیی بە تایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوودا نیشان دەدەن کە ڕێکاری دووەم، واتە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان بە شێوەیەکی سیستماتیک لە پەیوەندییەکی تۆکمەدایە لەگەڵ مافی مرۆڤ، هەر بۆیە جودابوونەوەی یەکلایەنە خەریکە ڕەواییەکی نێونەتەوەیی وەردەگرێ، دوو نموونەی دیاری ئەم چەشنە هەڵوێستە نێونەتەوەییە، دانپێدانان بە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ بوو لە ساڵی 2008 یان ئەو گشتپرسییەی بۆ سەربەخۆیی سکۆتلەند ساڵی پار بەڕێوەچوو.

لە ڕوانگەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانەوە، چون جودابوونەوەی یەکلایەنە لەسەر ویستی خەڵکی ئەو بەشە لە وڵاتیک دێتە ئەنجام و ئەم خەڵکە کە خوازیاری جودابوونەوەن پەنا بۆ توندوتیژی و شەڕ نابەن، کەوابوو دەوڵەتەکانی دیکە دەبێ ڕێز لە ئیرادەی ئەو خەڵکە بگرن و بیسەلمێنن، هەر بۆیە بڕیاری ژمارە 713ی ڕۆژی 25ی سێپتەمبەری 1991ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر چەشنە سەرکوت و پەنابردنە بەر چەک و چۆڵیان لەهەمبەر ئەم پرسە یاساغ کردووە. تەنانەت ڕای دیوانی ئەورووپایی مافی مرۆڤ لە ساڵی 2001 لەمەش هەنگاوێک ئەولاتر دەنێ و دەڵێ هەر حیزب و لایەنێکی خوازیاری سەربەخۆیی، بەو مەرجە کە بنەما دێموکراتیکییەکان بپارێزن و لە توندوتیژی خۆ ببوێرن، دەتوانن چالاکییان هەبێ.

2

دیارە ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە کێشەی کوردی هەر پارچەیەک — لانیکەم لە ساتەوەختی ئێستادا — دەبێ لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژی چارەسەر بکرێ، بەڵام دەبێ هەست و سۆزی هاونەتەوەیی و هاونیشتمانیی سەرجەم کوردەکانی جیهان لەهەمبەر کێشەکانی یەکدی و پاڵپشتییان بۆ یەکتر وەک پوتانسییەلێکی بەهێز سەیر بکرێ. بەدەر لە هەموو بۆچوون و شرۆڤەی بەرتەسکی حیزبایەتی، لام وایە ئەم پاڵپشتییە لە ناوخۆی کوردستان وەک پاڵپشتییەکی بە تایبەتی ئابووری دەتوانێ بڕیاری چارەنووسساز بدات بۆ پرسی سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان. بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە با ئاوڕێکی خێرا بدەینەوە سەر ژمارەی کورد لە دەرەوەی وڵات. بەپێی سەرژمێرییەک، نزیکەی چوار ملیۆن کورد لە دەرەوەی کوردستان دەژین کە داهاتی هەر تاکێک نێزیکەی 20 هەزار دۆلار مەزەندە کراوە و هەر بەم پێیە ساڵانە دەبێتە 80 ملیارد دۆلار! ئەمە لە کاتێکدایە کە داهاتی هەرێمی کوردستان بەگشتی لە ساڵێکدا 15 ملیارد دۆلار مەزەندە کراوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا لە باری تیۆریک و لانیکەم لەسەر لاپەڕەکانی کاغەز واتە لەبارکردنی بەستێنێکی شیاو و گونجاو بۆ پشتیوانی ئابووریی کوردستان و دەرئەنجام بۆ هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی.

3

ساڵی 2006 کە مۆنتینیگرۆ لە سێربستان جودا بووەوە، کۆی خوازیارانی سەربەخۆیی 55.4%ی دەنگیان بۆ خۆ مسۆگەرکرد، ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی ئەو ڕاپرسییە نافەرمییەی لە سەرەتای ساڵی 2005 لە باشووری کوردستان بەڕێوەچوو، 98%ی خەڵک دەنگ دەدەن بە سەربەخۆیی! کەوابوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەک نیگەرانی شەقام نییە، بەڵکوو دواجار بەرگی بەرندەیەتی.

لەلایەکی دیکەوە بارزانی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی نێوخۆ لە سەرەتای دامەزرانی حکوومەتی بنکە فراوانەوە هەمیشە لە مشتومڕدا بووە، بەڵام ئەو یاساو ڕێساکانی کایەکە دەزانێ، بۆیە لە ساتەوەختێکی زۆر گونجاودا پرسی سەربەخۆیی دیسان وروژاندووەتەوە و خەریکە ئەم بیانووەش لە نەیارە ناوخۆییەکانی دەستێنێ و ئیتر ناتوانن بڵێن ئەمە موزایەدەی سیاسییە و کارتێکە کە بارزانی کایەی پێدەکا، بۆیە زیرەکانە ئیتر ئەمەی کردووەتە ئەمری واقیع لەسەر هەموو لایەک و دەیەوێ مێژوو بکا بە دادوەری داهاتوو و بۆ دواڕۆژ بەرۆکی ئەو کەسانە بگرێ کە دەبنە کۆسپی بەردەم پرسی سەربەخۆیی! لەم بەینەدا لە ناو هێزە سەرەکییەکاندا یەکگرتوو لە ماوەی ڕابردوودا بووەتە یاری غاری پارتی، یەکێتی و گۆڕانیش (ئەمیان ناڕاستەوخۆتر) خۆیان بە هەڵگری مێژوویی دروشمی مافی چارەی خۆنووسین دەزانن و نایانەوێ سبەی ڕۆژ هەرچی هەیە بە ناوی پارتی تەواو بێ، بۆیە لارییەکی ئەوتۆیان نییە، هەرچەندە ئەگەر حیزبێکی وەک کۆمەڵی ئیسلامی کە لە کۆی 111 کورسی پارلەمان 6 کورسی هەیە و لە هەموو حیزبەکان زیاتر لەسەر میدیاکان باس لە سازنەبوونی بواری سەربەخۆیی دەکا، بەرلەوەی ببنە هۆی چەت تێخستن لەم پرۆسەیە، زیاتر دەبنە کەرەستەی گاڵتەجاڕیی خەڵک!

کەوابوو سەرەڕای شەڕی داعش، دابەزینی نرخی نەوت، نەمانی بودجە، قەیرانە سیاسییەکانی ناوخۆ، لاوازیی ژێرخانی ئابووری، گەندەڵی، شێوە هەڵسوکەوتی حکوومەتی بەغدا لەگەڵ هەرێم و... تازە بارزانی زەحمەتە پاشگەز ببێتەوە و ڕەنگە ئەمە بە پەیامێکی مێژوویی بزانێ و خۆی وەک ڕاسپێردراو سەیر بکا.

4

هەڵوێستی وڵاتانی دەرەوە سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی چ لە ئاستی نێونەتەوەیی و چ لە ئاستی ناوچەکە جیاواز بووە. ئەگەر پێشتر زۆر وڵات سیگناڵەکانیان بۆ سەربەخۆیی کورستان سەوز نەبوو، لانیکەم ئێستا سوور نییە و پێداگری بارزانی لەسەر پرسی سەربەخۆیی خەریکە بیکاتە ماڵ لەسەر ئەم وڵاتانە! زۆر ساویلکانەیە کە پێمانوابێ سەرۆکی هەرێم لە گۆترە باس لە بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم دەکا و لەم ماوەی سەرۆکایەتی خۆیدا زەمینەسازی نێونەتەوەیی بۆ نەکردووە و جەولەکانی بۆ دەرەوەی وڵات تەنیا بۆ قاوەخواردنەوە بووە! وەبیرهێنانەوەی هەڵوێستی دیپلۆماسی دەگمەنی UN وەک سیگناڵێکی زەرد کە ساڵی 2015 دژایەتی خۆی بۆ هەوڵەکانی بارزانی ڕانەگەیاند بۆ سەربەخۆیی کوردستان و بێلایەنی خۆی نواند، سەلمێنەری ئەم بۆچوونەمانە. هەر بۆیە ڕەنگە چاکسازی نێو حکوومەت و ئەهوەنکردنەوەی نێوانی لایەنەکانیش — کە وێدەچی نەویکێشانی پارتی پێوە دیار بێ — دەبێ لەم ڕاستایەدا هەڵسەنگێندرێ.

بارزانی دەزانێ زۆر دژوارە بتوانێ گوتارێکی هاوبەش لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەم گرفتانەی ناوخۆی هەرێم ساز بدا، بەڵام ئەوەش باش دەزانێ کە دژایەتی هەر هێز و لایەنێک بۆ پرسی سەربەخۆیی، خۆکوژی سیاسییە، بۆیە دەکرێ بڵێین تا ئێستا چاکی هێناوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know r




# باڵندە تووڕەکان دەگەنە هەولێر

« 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

Gulanpark
T: +964 750 444 1414 T: +964 750 444 1515
Email: sales@gulanpark.net
www.gulanpark.net



Adress: Gulan Street Ankawa Cross
Block No: 2163/40/44 Kurdistan
WORLD TRADE CENTER® ERBIL
sbözelgroup
KOREK Telecom

+964 (0) 0773 000 2222
+964 (0) 0773 000 3333

DANIA CITY
better life style




info@daniacity.com
www.daniacity.com
سلێمانی - شەقامی بازنەیی مەلیک محمود
پشت گردی ئیبراهیم احمد